له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

چیرۆكەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)
و
پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لێیان

ئامادەكردنو وەرگێڕانی

م. أبوبكر أحمد قادر

پێداچونەوەی

م. صلاح الدين عبدالكريم

چاپی یەكەم ١٤٣٠ كۆچی - ٢٠٠٩ زایینی

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

ماڵپەری بەهەشت

ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

ئامانجمان:

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠﴾.

أَمَّا بَعْدُ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْىِ هَدْىُ مُحَمَّدٍ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ.

باوەڕداری خۆشەویست: بێگومان مرۆڤەکان حەزیان لە چیرۆکو بەسەرهاتە، وە کاریگەری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ ، وە هۆکاریشە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، وە هۆکارە بۆ پەیوەست بوون بەڕەوشتی جوانەوە، ئەگەر لە قورئانی پیرۆز ورد ببینەوە ئەوا دەبینین کە خوای پەروەردگار چەندین چیرۆکو بەسەرهاتی بەسوودی باسکردووە، بۆئەوەی کە دڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پێی دا بمەزرێت، وە ئامۆژگاریو بیرخستنەوەی باشی تێدایە بۆ باوەڕداران، وە بەدڵنیاییی هەموو هەڵسوکەوتو ڕەفتارو

ڕەوشتی پەیوەست بوو بە قورئانی پیرۆزەوە، وە هـاوەڵی خۆشەویسـت (جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ڕەزای خوای لێ بێـت) دەفـەرموویێت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـەدوای نوێـژی بـەیانی دادەنیشـتو باسـی چـیرۆكو بەسـەرهاتی سـەردەمی نـەزانی(الْجَاهِلِيَّةِ)ی بـۆ دەكـردین، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: لـە بـەنی ئیسـرائیلەوە شـت بگێڕنـەوە، چونكە لەناو ئەوانـدا شـتی زۆر سـەر سوڕهێنەر هەیـە، وە بـەدڵنیایی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەم چیرۆكو بەسەرهاتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی كە پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین، وە هۆكارێكیش بێت بۆ بـەهێزبوونی باوەڕمـان، وە بێگومـانم شـەرعی پـێش ئەم ئوممەتە شەرعە بۆئێمەش، جگەلەوەی كە شـەرعی ئێمـە ڕەتـی كردبێتـەوە، بۆیـە منیش هەسـتام بـە كۆكردنـەوەو وەرگێڕانـی (٢٩) چـیرۆكو بەسـەرهات لـە فـەرموودە ڕاسـتەكانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بەئومێـدی ئـەوەی كـە ببێتـە مایـەی سـوود كـەڵك لێوەرگرتن بۆ باوەڕداران.

✍ م. أبوبكر أحمد قادر

٢٥/ربيع الثاني/١٤٣٠

الْقِصَّة الأُولَى:

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: « كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ، فَدُلَّ عَلَى رَاهِبٍ فَأَتَاهُ فَقَالَ إِنَّهُ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا فَهَلْ لَهُ مِنَ تَوْبَةٍ فَقَالَ: لاَ. فَقَتَلَهُ فَكَمَّلَ بِهِ مِائَةً، ثُمَّ سَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ، فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ عَالِمٍ فَقَالَ: إِنَّهُ قَتَلَ مِائَةَ نَفْسٍ فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ فَقَالَ: نَعَمْ وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ التَّوْبَةِ انْطَلِقْ إِلَى أَرْضِ كَذَا وَكَذَا فَإِنَّ بِهَا أُنَاسًا يَعْبُدُونَ اللَّهَ فَاعْبُدِ اللَّهَ مَعَهُمْ وَلاَ تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ فَانْطَلَقَ حَتَّى إِذَا نَصَفَ الطَّرِيقَ أَتَاهُ الْمَوْتُ فَاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ وَمَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ فَقَالَتْ: مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ جَاءَ تَائِبًا مُقْبِلاً بِقَلْبِهِ إِلَى اللَّهِ، وَقَالَتْ: مَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ إِنَّهُ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ، فَأَتَاهُمْ مَلَكٌ فِي صُورَةِ آدَمِيٍّ فَجَعَلُوهُ بَيْنَهُمْ فَقَالَ: قِيسُوا مَا بَيْنَ الأَرْضَيْنِ فَإِلَى أَيَّتِهِمَا كَانَ أَدْنَى فَهُوَ لَهُ، فَقَاسُوهُ فَوَجَدُوهُ أَدْنَى إِلَى الأَرْضِ الَّتِي أَرَادَ فَقَبَضَتْهُ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ »[١] .

چیرۆکی یەکەم:

هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ(رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) دەفـەرموویێت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتی: لە پێش ئێوەدا لە(بەنی ئیسرائیل) پیاوێك نـەوەدو نـۆ كەسـی كوشـتبوو، وە پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەرزەوی، دەستنیشـانی پیـاوێكی خـوا پەرستی بۆكرا، ئەویش ڕۆیشتە لای و پێی ووت: من نەوەدو نۆ كەسم كوشتووە ئایا بۆم هەیـە تەوبـە بكـەم؟ خـوا پەرسـتەكەش ووتـی: نـەخێر، پیاوەكـەش خواپەرستەكەی

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٧١٨٤) .

کوشتو بوو بە سەد کەس، پاشان پرسیاری کرد سەبارەت بە زانا ترین کەسی سەر زەوی، دەستنیشانی پیاوێکی زانای بۆ کرا، پیاوەکەش چووە لایو پێی ووت: من سەد کەسم کوشتووە، ئایا بۆم هەیە تەوبە بکەم؟ زاناکە ووتی: بەڵێ، وە کێ ڕێگە لە تەوبەی تۆ دەگرێت، بڕۆ بۆ ئەو زەویە دەستنیشانی دێیەکی بۆکرد، چونکە ئەو دێ یە خەڵکانێکی تێدایە خوای پەروەردگار دەپەرستن، تۆش لەوێ خوا بپەرستە، وە نەگەڕێیتەوە بۆ خاکەکەی خۆت، چونکە شوێنێکی خراپە، پیاوەکە ڕۆیشت تاکو گەیشتە نیوەی ڕێگەکە مردن ڕێگەی پێگرت، لەو جێگەیەدا مەلائیکەی ڕەحمەتو مەلائیکەی سزا هەریەکەیان دەیویست ڕوحی بکێشێتو ڕوحەکەی دەربهێنێت، مەلائیکەی ڕەحمەت ووتی: ئەم پیاوە لە شوێنی خۆی دەرچووەو تەوبە کارەو بە دڵی ڕووی کردۆتە خوای پەروەردگار، وە مەلائیکەی سزا ووتی: لە ژیانیدا هیچ خێرو چاکەیەکی نەکردووە، خوای پەروەردگار مەلائیکەیەکی لەسەر شێوەی مرۆڤ بۆ ڕەوانە کردن، ئەوانیش کردیان بە دادوەر لەنێوان خۆیاندا، مەلائیکەتەکەش کە لەسەر شێوەی مرۆڤدا بوو ووتی: هەر دوو زەویەکە بپێون لە هەر لایەکیانەوە نزیك بوو، ئەوا بۆ ئەوەتانە، دوو مەلائیکەتەکەش زەویەکانیان پێوا بینییان کە لەو دێیەوە نزیکە کە ویستی بۆی بڕوات بە بستێك، بۆیە مەلائیکەی ڕەحمەت بردیان.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) درووست نییە بۆ هیچ کەسێك فەتوا بدات بۆ خەڵکی ئەگەر حوکمی ئەو شتە نەزانێت، ئەگەر چی خوا ناسیش بێتو شارەزایشی هەبێت لە هەندێك بواری ئاییندا،

چونکە ئەگەر ئەو خواناسە شارەزابوایە بە شەرعی خوا ئەوا دەرگای تەوبەی دانەدەخست، وە نەفسی خۆشی لەدەست نەئەدا.

(٢) دەبێت نەزان پرسیار لە کەسێك بکات کە زانابێت بە (شەرعی خوا) تاکو کێشەکەی بۆ چارەسەر بکات.

(٣) خوای پەروەردگار زۆر بەڕەحم وبەسۆزو لێبوردەیە بەرامبەر بە بەندەکانی، ئەگەر چی بەندەکان گوناهـ و تاوانەکانیان بەئەندازەی کەفی سەر دەریا بێت، بەمەرجێك تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای، وە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ واتە: ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ: خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەی ئەوانەی گوناهـ و تاوانتان زۆرە، بێ ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار، بەڕاستی پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانتان خۆش دەبێت (ئەگەر تەوبەی ڕاستەقینە بکەن) بەڕاستی خوای پەروەردگار زۆر لێخۆشبوو لێبووردەیە.

(٤) زانا بەشەرعی خوا ئەو کەسەیە کە دەرگای تەوبە دەکاتەوە بۆ خەڵکی، وە دەرگای شەڕو خراپەکاریو ئومێد بوون لە ڕەحمەتی خوا دادەخات.

(٥) پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە تەوبە دەکاتو دەگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە، لە برادەرو هاوڕێی خراپ دوور بکەوێتەوە.

(٦) پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە تەوبە دەکات نزیك بکەوێتەوە لەو کەسانەی کە کاری باشو خێر ئەنجام دەدەن، چونکە مرۆڤ لەسەر ئایینی برادەرو خۆشەویستەکەیەتی.

(٧) پێویستی گەڕانەوە بۆلای زانایان لە کاتی کێشەو دووبەرکیدا.

(٨) نابێت لە کەسی گوناهبارو تاوانکار بێ ئومێد بین، چونکە نازانین بەچی کۆتایی بەژیانی دێت.

(٩) فەزڵو گەورەیی مرۆڤی زانا بەسەر خواپەرستدا چ جای بەسەر خەڵکی ئاساییدا.

الْقِصَّة الثَّانِيَةَ:

عَنْ حُذَيْفَةَ (رضي الله عنه) قَالَ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ(صلى الله عليه وسلم) « تَلَقَّتِ الْمَلاَئِكَةُ رُوحَ رَجُلٍ مِمَّنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَقَالُوا: أَعَمِلْتَ مِنَ الْخَيْرِ شَيْئًا قَالَ: لاَ قَالُوا: تَذَكَّرْ. قَالَ كُنْتُ أُدَايِنُ النَّاسَ فَآمُرُ فِتْيَانِي أَنْ يُنْظِرُوا الْمُعْسِرَ وَيَتَجَوَّزُوا وَفِي رِوَايَة (وَأَتَجَاوَزُ) عَنِ الْمُوسِرِ، قَالَ قَالَ: اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ تَجَوَّزُوا عَنْهُ » وَفِي رِوَايَة (قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ نَحْنُ أَحَقُّ بِذَلِكَ مِنْهُ تَجَاوَزُوا عَنْهُ) [1].

چیرۆكی دووەم:

هاوەڵی خۆشەویست (حُذَيْفَةَ (رضي الله عنه)) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: مەلائیكەكان ڕوحی پیاوێك لە ئوممەتانی پێش ئێوە(بەنی ئیسرائیل) یان وەرگرت (ڕوحیان كێشا) ئینجا مەلائیكەكان بە پیاوەكەیان ووت: ئایا تۆ هیچ خێرو چاكەت كردووە؟ پیاوەكەش ووتی: نەخێر، مەلائیكەكان ووتیان: بیر بكەرەوە، پیاوەكەش ووتی: من قەرزم ئەدا بەخەڵك وە فەرمانم دەكرد بەخزمەتكارو كارمەندەكانم كە چاوەڕوانی دواخستنی هێنانەوەی قەرزی لای نەدارو دەست كورت بكەن و خاتری دەست ڕۆیشتووش بگرن و چاوپۆشیشی لێبكەن، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوای پەروەردگار بەمەلائیكەكانی فەرموو: ئێوەش لێی ببورن و چاوپۆشی لێبكەن. یان فەرمووی: ئێمە ئەولاترین چاوپۆشی لێبكەن و لێی ببورن.

([1]) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٠٧٧) ومُسْلِمٌ (٣٩٦٩) .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) بەخشندەیی و لێبوردەیی خوای پەروەردگار بەرامبەر بە بەندەكانی، كە لەو بەندەیەی خۆش دەبێت بەهۆی ئەوەی كە ئەو بەندەیە قەرزی داوە بەخەڵكی و پاشان چاوپۆشی لەو كەسەش دەكرد كە نەیبووە قەرزەكەی بداتەوە.

(٢) فەزڵ و گەورەیی قەرزدان بەخەڵكی و چاوەڕوانی كردن و دواخستنی هێنانەوەی قەرز لای قەرزار، وە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: {وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ} (٢٨٠) سورة البقرةواتە: ئەگەر قەرزارەكە نەدارو دەست كورت بوو، ئەوا مۆڵەتی بدەرێ تا دەرووی لێدەكرێتەوەو دەبێتو توانای دانەوەی قەرزەكەی دەبێت، وە ئەگەر خێری پێبكەن و ئازادی بكەن و چاو پۆشی لێبكەن، ئەوا چاكترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن.

(٣) هەر كەسێك چاوپۆشی و كار ئاسانی لە قەرزێك بكات كەلای كەسێكی هەژاربێت، ئەوا خوای گەورە كار ئاسانی بۆ دەكات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ) [١] واتە: هەر كەسێك كار ئاسانی بۆ قەرزی هەژار بكاتو لەقەرزەكەی ببورێت، ئەوا خوای گەورە كاری دونیاو دواڕۆژی بۆ ئاسان دەكات.

(٤) چاوپۆشین و كار ئاسانی لەقەرزی هەژار، هۆكارە بۆئەوەی كە رزگارت بێت لە ناڕەحەتییەكانی دواڕۆژ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُنْجِيَهُ اللَّهُ مِنْ

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٦٧٩٣) .

كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلْيُنَفِّسْ عَنْ مُعْسِرٍ أَوْ يَضَعْ عَنْهُ) [1] واتە: هەر کەسێك پێی خۆشە کە خوای گەورە ڕزگاری بکات لە ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی دوایی، ئەوا با قەرزی قەرزاری هەژار کەم بکاتەوە، یان لێی خۆش بێتو دەستی لێ هەڵگرێت.

(٥) چاوەڕوانی کردنو دواخستنی قەرز لای هەژار، بەئەندازەی قەرزەکە خێرت بۆ خاوەن قەرز دەنوسرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا كَانَ لَهُ بِكُلِّ يَوْمٍ صَدَقَةٌ، وَمَنْ أَنْظَرَهُ بَعْدَ حِلِّهِ كَانَ لَهُ مِثْلُهُ فِي كُلِّ يَوْمٍ صَدَقَةٌ) [2] واتە: هەرکەسێك چاوەڕوانی دواخستنی هێنانەوەی قەرز لەلای هەژارو دەست کورت بکات (پێش ئەوەی کاتی هاتنی دانەوەی قەرزەکە بێت)، ئەوا هەموو ڕۆژێك بەئەندازەی ئەو قەرزە خێرو چاکەی بۆ دەنوسرێت، وە هەرکەسێکیش چاوەڕوانی دواخستنی هێنانەوەی قەرز لەلای هەژارو دەست کورت بکات (لە دوای تێپەڕ بوونی کاتی هێنانەوەی قەرزەکە)، ئەوا هەموو ڕۆژێك بەئەندازەی دوو ئەوەندەی قەرزەکە خێری بۆ دەنوسرێت.

(٦) چاوەڕوانی کردنو دواخستنی قەرز لای هەژار، هۆکارە بۆ ئەوەی کە خاوەن قەرز لە ژێر سێبەری عەرشی خوای گەورەدا حەشر بکرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ أَنْظَرَ مُعْسِرًا أَوْ وَضَعَ عَنْهُ أَظَلَّهُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ) [3].

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٣٩٧٦) .

(٢) صَحِيح: أَخْرَجَهُ ابن مَاجه فِي السُّنَن (٢٤١٨)، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٦١٠٨).

(٣) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٧٤٣٧) .

واتە: هەرکەسێك چاوەڕوانی دواخستنی هێنانەوەی قەرز لەلای هەژارو دەست کورت بکات، یان لە قەرزەکەی دا بشکێنێتو دەست لە قەرزەکەی هەڵبگرێت، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئەو خاوەن قەرزە دەخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، کە لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لەسێبەری عەرشی خوای گەورە.

الْقِصَّة الثَّالِثَة:

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: « بَيْنَمَا ثَلاَثَةُ نَفَرٍ يَمْشُونَ أَخَذَهُمُ الْمَطَرُ، فَأَوَوْا إِلَى غَارٍ فِي جَبَلٍ، فَانْحَطَّتْ عَلَى فَمِ غَارِهِمْ صَخْرَةٌ مِنَ الْجَبَلِ فَانْطَبَقَتْ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ: بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ انْظُرُوا أَعْمَالاً عَمِلْتُمُوهَا صَالِحَةً لِلَّهِ فَادْعُوا اللَّهَ بِهَا لَعَلَّهُ يُفَرِّجُهَا عَنْكُمْ، قَالَ: أَحَدُهُمُ اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ لِي وَالِدَانِ شَيْخَانِ كَبِيرَانِ، وَلِي صِبْيَةٌ صِغَارٌ كُنْتُ أَرْعَى عَلَيْهِمْ، فَإِذَا رُحْتُ عَلَيْهِمْ حَلَبْتُ، فَبَدَأْتُ بِوَالِدَيَّ أَسْقِيهِمَا قَبْلَ بَنِيَّ، وَإِنِّي اسْتَأْخَرْتُ ذَاتَ يَوْمٍ فَلَمْ آتِ حَتَّى أَمْسَيْتُ، فَوَجَدْتُهُمَا نَامَا، فَحَلَبْتُ كَمَا كُنْتُ أَحْلُبُ، فَقُمْتُ عِنْدَ رُءُوسِهِمَا، أَكْرَهُ أَنْ أُوقِظَهُمَا، وَأَكْرَهُ أَنْ أَسْقِيَ الصِّبْيَةَ، وَالصِّبْيَةُ يَتَضَاغَوْنَ عِنْدَ قَدَمَيَّ، حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُهُ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا فَرْجَةً نَرَى مِنْهَا السَّمَاءَ، فَفَرَجَ اللَّهُ فَرَأَوُا السَّمَاءَ، وَقَالَ: الآخَرُ اللَّهُمَّ إِنَّهَا كَانَتْ لِي بِنْتُ عَمٍّ أَحْبَبْتُهَا كَأَشَدِّ مَا يُحِبُّ الرِّجَالُ النِّسَاءَ، فَطَلَبْتُ مِنْهَا فَأَبَتْ حَتَّى أَتَيْتُهَا بِمِائَةِ دِينَارٍ، فَبَغَيْتُ حَتَّى جَمَعْتُهَا، فَلَمَّا وَقَعْتُ بَيْنَ رِجْلَيْهَا قَالَتْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ اتَّقِ اللَّهَ، وَلاَ تَفْتَحِ الْخَاتَمَ إِلاَّ بِحَقِّهِ، فَقُمْتُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُهُ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ عَنَّا فَرْجَةً، فَفَرَجَ، وَقَالَ: الثَّالِثُ اللَّهُمَّ إِنِّي اسْتَأْجَرْتُ

أَجِيرًا بِفَرَقِ أَرُزٍّ، فَلَمَّا قَضَى عَمَلَهُ قَالَ: أَعْطِنِي حَقِّي، فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ ، فَرَغِبَ عَنْهُ، فَلَمْ أَزَلْ أَزْرَعُهُ حَتَّى جَمَعْتُ مِنْهُ بَقَرًا وَرَاعِيهَا فَجَاءَنِي فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ، فَقُلْتُ: اذْهَبْ إِلَى ذَلِكَ الْبَقَرِ وَرُعَاتِهَا فَخُذْ، فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلاَ تَسْتَهْزِئْ بِي، فَقُلْتُ: إِنِّي لاَ أَسْتَهْزِئُ بِكَ فَخُذْ، فَأَخَذَهُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ مَا بَقِيَ، فَفَرَجَ اللَّهُ »[١] .

چیرۆکی سێ یەم:

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْد اللَّهِ بْن عُمَر ﷺ) دەفەرمووێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: سێ کەس لە ئوممەتانی پێش ئێوە(بەنی ئیسرائیل) ڕۆیشتن (دەرچوونە دەرەوەی دێ) توشی باران بارین بوون، پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێك، کاتێك کە چوونە ناو ئەشکەوتەکەوە، بەردێك لە شاخەکە کەوتە خوارەوەو دەرگای ئەشکەوتەکەی گرتو بێ ئومێد بوون، ئینجا لە ناو خۆیاندا بەیکتریان ووت: سەیری چاکەتان بکەن، ئەو کردەوانەی کە ئەنجامتان داوە کامیان لەبەر خاتری خوای پەروەردگار بووە بپاڕێنەوە پێی بەڵکو ڕزگارمان بێت، یەکێکیان ووتی: خوایە خۆت ئاگاداری دایكو باوکێکم هەبوو چوو بوونە ناوساڵەوە، وە کیژۆڵەیەکی بچوکیشم هەبوو، ئینجا هەرکات شیرم دەدۆشیو دەم هێنایەوە لە پێشدا لە دایكو باوکمەوە دەستم پێدەکرد پێش ئەوەی بیدەم بەمنداڵەکەم، وە ڕۆژێکیان درەنگ هاتمەوە کاتێك بینیم دایكو باوکم نوستوون، وە شیرەکەم دۆشی بوو وەك جاران، وە لەلای سەریانەوە ڕاوەستام، پێم ناخۆش بوو خەبەریان بکەمەوە، وە پێشم ناخۆش بوو کە لە پێشدا

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٣٣٣) وَمُسْلِمٌ (٦٨٨٤) .

بیدەم بەمنداڵەکانم لە کاتێکدا منداڵەکانم لای پێم دەگریان‌و دەنوزانەوە لەبرساندا، تاکو بەیانی ڕۆژ بووە، وە خوایە ئەگەر ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردووە لەم ناڕەحەتییە ڕزگارمان بکەو ئەم بەردە لابدەو دەرگامان بۆ بکەرەوە بتوانین ئاسمان ببینین، خوای پەروەردگار بەردەکەی جوڵاندو ئاسمانیان بینی، وە یەکێکی تریان ووتی: خوایە کچێکی مامم هەبوو، وە من ئەوم خۆشدەویست زیاتر لە خۆش ویستنی پیاو بۆ خێزانەکەی، وە جارێکیان داوای کاری بێ شەرعیم لێکرد ئەویش ڕازی نەبوو، ووتی: تاکو سەد دینارم پێنەدەی ڕازی نابم، وە منیش چووم تاکو سەد دینارم پەیداکرد، وە کاتێك ویستم کاری خراپی لەگەڵدا ئەنجام بدەم، کچی مامەکەم پێی ووتم: ئەی بەندەی خوا لە خوا بترسە، وە بۆت دروست نییە جووت ببی لەگەڵمدا مەگەر بە حەلاڵی نەبێت، وە منیش هەستام‌و ئەو کارەم نەکرد هەرچەندە ئەشم توانی ئەو کارە بکەم، خوایە ئەگەر ئەو کارەم لەبەر خاتری تۆ کردووە لەم ناڕەحەتییە ڕزگارمان بکەو دەرگامان بۆ بکەرەوە، بەردەکە کەمێکی تری لێ جوڵا، وە سێیەمینیان ووتی: خوایە منیش کرێکارێکم بەکرێ گرتبوو، بە حەوت کیلۆ برنج، ئینجا کاتێك لە کارەکەی بووەوە، ووتی: کرێکەم پێبدە، منیش کرێکەی کە حەوت کیلۆ برنج بوو، خستمە بەردەستی ئەویش پێی ڕازی نەبوو تورەبوو، کاتێك کە کرێکارەکە ڕۆیشت‌و بە کرێکەی ڕازی نەبوو، منیش برنجەکەم بۆی تۆو کردو کە برنجەکە گوڵی کردوو ئینجا بۆیم دورییەوەو بۆیم کۆکردەوەو، تاکو چەند مانگایەکم لێ کڕی بۆی، پاش ماوەیەك کابرای کرێکار هاتەوەو پێمی ووت: لە خوا بترسە، منیش پێم ووت: بچۆ بۆلای ئەو مانگایانەو بۆخۆتی ببە، ئەویش پێمی ووت: لە خوا بترسەو گاڵتەم بێ مەکە، منیش پێم ووت:

گاڵتەت پێناکەم برۆ بیبە، ئەویش بردی، خوایە ئەگەر ئەم کارەم لەبەر خاتری تۆ کردووە لەم ناڕەحەتییە ڕزگارمان بکەو دەرگامان بۆ بکەرەوە، ئەو بەردە لابدە، ئینجا بەردەکە لاچوو ئەوانیش ڕزگاریان بوو.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) فەزڵو گەورەیی نیەت پاکی لە کردەوەدا (ئەگەرچی تەنها یەك کردەوش بێت).

(٢) کردەوەی چاكو باش لەکاتی خۆشیدا ئەنجامی بدەیت سوودت پێدەگەیێنێت لەکاتی ناڕەحەتیو سەختیدا، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (تَعَرَّفْ إِلَى اللَّهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ)[1] واتە: لە کاتی خۆشگوزەرانیو ژیان خۆشیدا خوای گەورە بناسەو بیپەرستەو سنوورەکانی بپارێزەو لە گوناهوتاوان دووربکەوەرەوە، خوای گەورە لە کاتی ناڕەحەتیو ناخۆشیدا ئەت ناسێت بەهاناتەوە دێتو ڕزگارت دەکاتو دەتپارێزێت.

(٣) پێویستە لەسەر موسڵمان لە کاتی پاڕانەوەدا تەنها پشت بەخوا ببەستێتو داوا لە جگەلە خوا نەکاتو خۆی توشی هاوبەش بڕیاردان نەکات، وە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ﴿١٠٦﴾﴾ واتە: هاناو هاواریش نەبەیت بۆ هیچ کەسێك یان هیچ شتێك، جگەلە (الله) کە نە قازانجو نەسوودت پێ دەگەیێنێت نە زیان، چونکە قازانجو زیان تەنها بەدەست خوای گەورەیە.

---

(١) صَحِيح: أَخْرَجَهُ أَحْمَد وَالطَّبَرَانِيّ صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٢٩٦١) .

(٤) دروستە بۆ موسڵمان بە كردەوە چاكەكانی بپاڕێتەوە بەتایبەتی ئەو كردەوانەی كە لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجامیداوە.

(٥) فەزڵو گەورەیی چاكەكردنو باش بوون لەگەڵ دایكو باوكدا.

(٦) خۆشەویستی خوای گەورە پێش دەخرێت، بەسەر خۆشەویستی نەفسی خۆت، بۆ هەواو ئارەزوو.

(٧) هەركەسێك واز لە كاری خراپ بهێنێت بەتایبەت زینا، لەترسی خوا ئەوا خوای گەورە ڕزگاری دەكات لە ناڕەحەتی.

(٨) فەزڵو گەورەیی دانەوەو پاراستنی ئەمانەت بەخاوەنی.

(٩) دروست نییە كرێی كرێكار دوابخرێت چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

« أَعْطُوا الأَجِيرَ أَجْرَهُ قَبْلَ أَنْ يَجِفَّ عَرَقُهُ »[١] واتە كرێ وپارەی كرێكار بدەن پێش ئەوەی كە عارەقەكەی وشك ببێتەوە.

(١٠) دروستە گەشە پێدانی پارەی كرێكار، وە كارێكی چاكە بەمەرجێك بەرژەوەندی خاوەن پارەی تێدابێت .

تێبینی/ ئایا لەو سێ كەسەدا كامیان زیاتر پاڕانەوەكەی سوودی هەبووە بۆ هاوڕێو برادەرەكانی وە بۆ لابردنی بەردەكە، **پێشەوا** (اِبْن حَجَر(ڕەحمەتی خوای لێبێت)[٢]،

(١) صَحِيح: أَخْرَجَهُ ابن مَاجَه فِي السُّنَن (٢٤٤٣)، صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (١٠٥٥).

(٢) فَتْح الْبَارِي شَرْح صَحِيح الْبُخَارِيّ، لِلْحَافِظ: أحمد اِبْن حَجَر الْعَسْقَلانِيّ(رَحِمَهُ اللَّه)(٣٢٠٦/٢٦٨/١٠) .

دەفەرمووێت: كەسی سێ یەمیان چونكە یەكەمیان لە تاریكی ڕزگاریكردن، وە دوەمیان تۆزێك لە شوێنی دەرباز بوونی فراوان كردەوە، بۆ نموونە ئەگەر كەسێك بەلایاندا بڕوات وبیان بینێتو چارەسەرێكیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام سێ یەمیان پاڕانەوەكەی بوو بەهۆی لاچونی بەردەكەو ڕزگار بوونیان، بۆیە دەگونجێت كەسی سێ یەمیان كردەوەكەی باشترو چاكتر بووبێت لەوانەی تر، وە دەگونجێت كەسی یەكەم كە لەگەڵ دایك وباوكیدا باش بووە كەمتەرخەمی تێدا بووە، وە كەسی سێ یەم پیاوێكی ئەمانەت پارێز بووە، وە كەسی دووەم چاكترینیان بووە چونكە دڵی ترسی خوای تێدا بووە، وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾﴾ واتە: بەڵام ئەوەی لە خوای پەروەردگار ترسابێتو جڵەوی گرتبێتەوە لە هەوەسو ئارەزووەكان، ئەوا بەدڵنیایی تەنها بەهەشت جێگەی حەوانەوەیەتی، هەروەها كەسی دووەم وازی لەو پارەیەش هێنا كە بۆ ئەوكارە خراپەیە پەیدای كردبوو.

الْقِصَّة الرَّابِعَة:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: « كَانَ رَجُلٌ يُسْرِفُ عَلَى نَفْسِهِ، فَلَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ، قَالَ: لِبَنِيهِ إِذَا أَنَا مُتُّ فَأَحْرِقُونِي ثُمَّ اطْحَنُونِي ثُمَّ ذَرُّونِي فِي الرِّيحِ، فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ عَلَيَّ رَبِّي لَيُعَذِّبَنِّي عَذَابًا مَا عَذَّبَهُ أَحَدًا، فَلَمَّا مَاتَ فُعِلَ بِهِ ذَلِكَ، فَأَمَرَ اللَّهُ الأَرْضَ فَقَالَ: اجْمَعِي مَا فِيكِ مِنْهُ، فَفَعَلَتْ فَإِذَا هُوَ قَائِمٌ، فَقَالَ: مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا صَنَعْتَ، قَالَ: يَا رَبِّ، خَشْيَتُكَ، فَغَفَرَ لَهُ »[١] .

چیرۆکی چوارەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه)) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك هەبوو بێ ئاگاو غافڵ بوو لە نەفسی خۆیو بەردەوام بوو لەسەر تاوانو گوناهکاری، جا کاتێك کاتی مردنی نزیك بووەوە بە منداڵەکانی ووت: ئەگەر مردم بمسوتێنن پاشان بمدەن بەدەم بادا لە ڕۆژێکدا بای بێت، چونکە سوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگارم بم دۆزێتەوەو توانای بەسەرمدا هەبێت ئەوا سزادانێك سزام دەدات کە هیچ کەسێکی بەو شێوەیە سزا نەدابێت، وە کاتێك کە پیاوەکە مرد منداڵەکانی ئەو کارەیان ئەنجامدا، ئینجا خوای گەورە فەرمانی کرد بەزەوی فەرمووی: کۆی بکەرەوە چیت تێدایە، زەویش کۆی کردەوە پیاوەکە بەپێوە وەستا، خوای گەورە پێی فەرموو: چی وای لێکردی ئەم کارە بکەیت؟ پیاوەکەش ووتی: ئەی پەروەردگار ترسی تۆ ترسی سزای تۆ خوای گەورەش لێی خۆشبوو.

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٨١) .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) هەندێك لە مرۆڤەكان ئەگەر چی لە دونیاشدا باوەڕ بەخوای گەورە ناهێنن، بەڵام دڵنیان كە پەروەردگار بەدەسەڵاتەو تواناى زیندوكردنەوەیانی هەیە.

(٢) پێویستە موسڵمان لەسەرەمەرگدا وەسیەت بكات بۆ ماڵو منداڵی.

(٣) تواناو دەسەڵاتی خوای گەورە، وە زیندو كردنەوەی بەندەكانی وە هەرشتێكی بوێت یەكسەر دەبێت) وە لە ئایەتێكدا دەفەرمووێت:﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُۥ ﴿٣﴾ بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّىَ بَنَانَهُۥ ﴿٤﴾ ﴾ واتە: ئایا مرۆڤەكان وادەزانن هەرگیز ئێسكەكانیان كۆ ناكەینەوە، بەڵێ، لەوەش زیاتر توانامان هەیە كە نەخشە وردەكانی سەر پەنجەكان بەدیبهێنینەوە.

(٤) فەزڵو گەورەیی ترسان لە خوای گەورە.

(٥) بەخشندەیی ومیهرەبانی خوای پەروەردگار بەرامبەر بە بەندەكانی.

(٦) كافر نەكردنی كەسێكی دەستنیشان كراو هەرچەندە ووتە یاخود كرداری كوفری ئەنجام دابێت.

الْقِصَّة الْخَامِسَة:

عَنْ صُهَيْبٍ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: « كَانَ مَلِكٌ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ وَكَانَ لَهُ سَاحِرٌ فَلَمَّا كَبِرَ قَالَ: لِلْمَلِكِ إِنِّي قَدْ كَبِرْتُ فَابْعَثْ إِلَيَّ غُلَامًا أُعَلِّمْهُ السِّحْرَ، فَبَعَثَ إِلَيْهِ غُلَامًا يُعَلِّمُهُ فَكَانَ فِي طَرِيقِهِ إِذَا سَلَكَ رَاهِبٌ فَقَعَدَ إِلَيْهِ وَسَمِعَ كَلَامَهُ فَأَعْجَبَهُ فَكَانَ إِذَا أَتَى السَّاحِرَ مَرَّ بِالرَّاهِبِ وَقَعَدَ إِلَيْهِ فَإِذَا أَتَى السَّاحِرَ ضَرَبَهُ فَشَكَا ذَلِكَ إِلَى الرَّاهِبِ فَقَالَ إِذَا خَشِيتَ السَّاحِرَ فَقُلْ حَبَسَنِي أَهْلِي، وَإِذَا خَشِيتَ أَهْلَكَ فَقُلْ حَبَسَنِي السَّاحِرُ، فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ أَتَى عَلَى دَابَّةٍ عَظِيمَةٍ قَدْ حَبَسَتِ النَّاسَ فَقَالَ: الْيَوْمَ أَعْلَمُ آلسَّاحِرُ أَفْضَلُ أَمِ الرَّاهِبُ أَفْضَلُ فَأَخَذَ حَجَرًا فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ أَمْرُ الرَّاهِبِ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ أَمْرِ السَّاحِرِ فَاقْتُلْ هَذِهِ الدَّابَّةَ حَتَّى يَمْضِيَ النَّاسُ، فَرَمَاهَا فَقَتَلَهَا وَمَضَى النَّاسُ فَأَتَى الرَّاهِبَ فَأَخْبَرَهُ فَقَالَ لَهُ الرَّاهِبُ أَيْ بُنَيَّ أَنْتَ الْيَوْمَ أَفْضَلُ مِنِّي، قَدْ بَلَغَ مِنْ أَمْرِكَ مَا أَرَى وَإِنَّكَ سَتُبْتَلَى، فَإِنِ ابْتُلِيتَ فَلَا تَدُلَّ عَلَيَّ، وَكَانَ الْغُلَامُ يُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَيُدَاوِي النَّاسَ مِنْ سَائِرِ الْأَدْوَاءِ فَسَمِعَ جَلِيسٌ لِلْمَلِكِ كَانَ قَدْ عَمِيَ فَأَتَاهُ بِهَدَايَا كَثِيرَةٍ فَقَالَ مَا هَا هُنَا لَكَ أَجْمَعُ إِنْ أَنْتَ شَفَيْتَنِي فَقَالَ إِنِّي لَا أَشْفِي أَحَدًا إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ فَإِنْ أَنْتَ آمَنْتَ بِاللَّهِ دَعَوْتُ اللَّهَ فَشَفَاكَ، فَآمَنَ بِاللَّهِ فَشَفَاهُ اللَّهُ فَأَتَى الْمَلِكَ فَجَلَسَ إِلَيْهِ كَمَا كَانَ يَجْلِسُ فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ مَنْ رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ قَالَ: رَبِّي، قَالَ: وَلَكَ رَبٌّ غَيْرِي قَالَ: رَبِّي وَرَبُّكَ اللَّهُ، فَأَخَذَهُ فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الْغُلَامِ فَجِيءَ بِالْغُلَامِ فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ أَيْ بُنَيَّ قَدْ بَلَغَ مِنْ سِحْرِكَ مَا تُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَتَفْعَلُ وَتَفْعَلُ، فَقَالَ إِنِّي لَا أَشْفِي أَحَدًا إِنَّمَا يَشْفِي اللَّهُ، فَأَخَذَهُ فَلَمْ يَزَلْ يُعَذِّبُهُ حَتَّى دَلَّ عَلَى الرَّاهِبِ فَجِيءَ بِالرَّاهِبِ فَقِيلَ لَهُ ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى فَدَعَا بِالْمِئْشَارِ فَوَضَعَ الْمِئْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَشَقَّهُ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ ثُمَّ جِيءَ بِجَلِيسِ الْمَلِكِ فَقِيلَ لَهُ ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى

فَوضَعَ الْمِئْشَارَ فِي مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَشَقَّهُ بِهِ حَتَّى وَقَعَ شِقَّاهُ ثُمَّ جِيءَ بِالْغُلاَمِ فَقِيلَ لَهُ ارْجِعْ عَنْ دِينِكَ، فَأَبَى فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ اذْهَبُوا بِهِ إِلَى جَبَلِ كَذَا وَكَذَا فَاصْعَدُوا بِهِ الْجَبَلَ فَإِذَا بَلَغْتُمْ ذُرْوَتَهُ فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ وَإِلاَّ فَاطْرَحُوهُ فَذَهَبُوا بِهِ فَصَعِدُوا بِهِ الْجَبَلَ فَقَالَ اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ، فَرَجَفَ بِهِمُ الْجَبَلُ فَسَقَطُوا وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ قَالَ: كَفَانِيهِمُ اللَّهُ، فَدَفَعَهُ إِلَى نَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ اذْهَبُوا بِهِ فَاحْمِلُوهُ فِي قُرْقُورٍ فَتَوَسَّطُوا بِهِ الْبَحْرَ فَإِنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ وَإِلاَّ فَاقْذِفُوهُ، فَذَهَبُوا بِهِ فَقَالَ اللَّهُمَّ اكْفِنِيهِمْ بِمَا شِئْتَ، فَانْكَفَأَتْ بِهِمُ السَّفِينَةُ فَغَرِقُوا وَجَاءَ يَمْشِي إِلَى الْمَلِكِ فَقَالَ لَهُ الْمَلِكُ مَا فَعَلَ أَصْحَابُكَ قَالَ كَفَانِيهِمُ اللَّهُ، فَقَالَ لِلْمَلِكِ إِنَّكَ لَسْتَ بِقَاتِلِي حَتَّى تَفْعَلَ مَا آمُرُكَ بِهِ، قَالَ: وَمَا هُوَ قَالَ: تَجْمَعُ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ وَتَصْلُبُنِي عَلَى جِذْعٍ ثُمَّ خُذْ سَهْمًا مِنْ كِنَانَتِي ثُمَّ ضَعِ السَّهْمَ فِي كَبِدِ الْقَوْسِ ثُمَّ قُلْ بِاسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلاَمِ، ثُمَّ ارْمِنِي فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ قَتَلْتَنِي. فَجَمَعَ النَّاسَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ وَصَلَبَهُ عَلَى جِذْعٍ ثُمَّ أَخَذَ سَهْمًا مِنْ كِنَانَتِهِ ثُمَّ وَضَعَ السَّهْمَ فِي كَبِدِ الْقَوْسِ ثُمَّ قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ رَبِّ الْغُلاَمِ، ثُمَّ رَمَاهُ فَوَقَعَ السَّهْمُ فِي صُدْغِهِ فَوَضَعَ يَدَهُ فِي صُدْغِهِ فِي مَوْضِعِ السَّهْمِ فَمَاتَ فَقَالَ النَّاسُ آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلاَمِ آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلاَمِ آمَنَّا بِرَبِّ الْغُلاَمِ، فَأُتِيَ الْمَلِكُ فَقِيلَ لَهُ أَرَأَيْتَ مَا كُنْتَ تَحْذَرُ قَدْ وَاللَّهِ نَزَلَ بِكَ حَذَرُكَ قَدْ آمَنَ النَّاسُ، فَأَمَرَ بِالأُخْدُودِ فِي أَفْوَاهِ السِّكَكِ فَخُدَّتْ وَأَضْرَمَ النِّيرَانَ وَقَالَ مَنْ لَمْ يَرْجِعْ عَنْ دِينِهِ فَأَحْمُوهُ فِيهَا، أَوْ قِيلَ لَهُ اقْتَحِمْ، فَفَعَلُوا حَتَّى جَاءَتِ امْرَأَةٌ وَمَعَهَا صَبِيٌّ لَهَا فَتَقَاعَسَتْ أَنْ تَقَعَ فِيهَا فَقَالَ لَهَا الْغُلاَمُ يَا أُمَّهِ اصْبِرِي فَإِنَّكِ عَلَى الْحَقِّ»[١].

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٧٤٣٦) .

چیرۆکی پێنجەم:

هاوەڵی خۆشەویست (صُهَیْب)(رضي الله عنه) دەفەرموویت: پێغەمبەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: لە ئوممەتانی پێش ئێوە پادشایەك هەبوو، وە ئەو پادشـایەش سـاحیرێکی هـەبوو، جا کاتێك سـاحیرەکە بەسـاڵدا چـوو (پیربـوو)، بـە پادشـاکەی ووت: مـن بەسـاڵدا چـوومو پیربوومـەو مردنیشـم نزیـك بۆتـەوە، لاوێکـم بـۆ بنێـرە بۆئـەوەی سـیحری فێربکـەم، پادشاکەش لاوێکی بۆنـارد، وە ڕۆژانـە لاواکـە دەچـوو بـۆلای سـاحیرەکە لـە ڕێگاکەیـدا ڕاهیبێـك هـەبوو، هـەرکات لاوەکـە دەگەیشـتە شـوێنی ڕاهیبەکـە دادەنیشـت وگـوێی لێدەگرت، وە قسەکانی لەلا پەسـەند بـوو، وە هـەرکات بهاتایـە بـۆلای سـاحیرەکە لێـی دەداو بە لاوەکەی دەووت: بۆ درەنگ هاتووی؟ لاوەکەش هات بۆلای ڕاهیبەکەو سکاڵای کرد ڕاهیبەکە ووتی: هەرکات چوویت بۆلای ساحیرەکە بڵێ ماڵەوە درەنـگ ناردومێتی، وە هەرکات گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە بڵێ سـاحیرەکە درەنـگ ناردوومێتیـەوە، لاوەکـە بـەم شـێوەیە بـەردەوام بـوو تـاکو ڕۆژێکیـان سـەیری کـرد لەسـەر ڕێگـای خـەڵك ئـاژەڵێکی ترسناکی گەورە ڕێگای لە خەڵکی گرتـووەو کـەس ناتوانێـت تێپـەڕێت، بۆیـە لاوەکـەش ووتی: ئەمڕۆ دەزانمو بۆم دەردەکەوێت کە ئایا بەرنامەو مەنهـەجی سـاحیرەکە ڕاسـتو ڕەوایـە یـان بەرنامـەو مەنهـەجی ڕاهیبەکـە، بۆیـە بـەردێکی هـەڵگرت و ووتـی: ئـەی پەروەردگار ئەگەر بەرنامەو مەنهـەجی ئـەو ڕاهیبـەت لـەلا خۆشەویسـتترە لـە بەرنامـەو مەنهجی ئەو ساحیرە، ئـەوا بـەم بـەردە ئـەو ئاژەڵـە بکوژرێـت وبمرێـت، بـەڵکو خـەڵکی ڕزگاریان بێتو تێپەڕن، لاوەکەش بەردەکەی تێگرتو ئاژەڵەکەی کوشت، ئینجا خەڵکی تێپـەڕینو ڕزگاریـان بـوو، وە لاوەکـە بەڕاهیبەکـەی ووت: کـە ئـەوکارەی کـردووە،

ڕاهیبەکەش ووتی: ئەی ڕۆڵە تۆ باشترو خێرتری لەلای خوا لەمن، بەڵام تاقی دەکرێیتەوە، وە ئەگەر تاقی کرایتەوە ناوی من وشوێنی من بەکەس مەڵێ، وە لاوەکەش (کوێرو زکماك ونەخۆشی بەڵەکیو وهەموو نەخۆشیەك دووعای بۆ دەکردوو بە ئیزنی خوا چاك دەبوونەوە)، پادشا وەزیرێکی هەبوو هەردوو چاوی کوێر بوو کاتێك گوێ بیستی ئەوە بوو کە لاوێك هەیە دووعا بۆ کوێر دەکاتو چاك دەبێتەوە، بۆیە دیاریو خەڵاتێکی زۆری لەگەڵ خۆی بردو چوو بۆلای لاوەکە وە پێی ووت: شیفام بدەو چاوەکانم چاك بکەرەوە، لاوەکەش ووتی: من کەس چاك ناکەمەوەو شیفاش لای من نییە تەنها ئەوەی کە شیفای خەڵك دەدات خوای پەروەردگارە، ئەگەر باوەڕی پێبهێنی ئەوا بۆت دەپاڕێمەوەو خواش شیفات دەدات، وەزیرەکەش باوەڕی هێنا بەخوای گەورەو چاوی چاك بووەوە، پاشان وەزیرەکە هات بۆلای پادشاکەو لای دانیشت هەروەك چۆن جاران لەلای دادەنیشت، پادشاکەش کەبینیتی چاوی چاك بۆتەوە بە وەزیرەکەی ووت: کێ چاوەکانی بۆ گێڕایتەوە؟ وەزیرەکەش ووتی: پەروەردگارم، پادشاکە ووتی: جگە لەمن پەروەردگارێکی تر هەیە؟ وەزیرەکەش ووتی: پەروەردگاری من وتۆ (ﷲ) یە، ئینجا پادشاکە بەردەوام سزاو ئەشکەنجەی وەزیرەکەی دەدا تاکو وەزیرەکە شوێنی لاوەکەی بە پادشاکە ووت، ئینجا ناردیان بەدوای لاوەکەداو هێنایان بۆلای پادشا، پادشاکە کاتێك کە لاوەکەی بینی پێی ووت: ئەی ڕۆڵە سیحرەکەت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە (کوێرو زکماكو نەخۆشی بەڵەکی) چاك بکەیتەوە؟ هەرزەکارەکەش ووتی: من هیچ کەس چاك ناکەمەوە، تەنها خوای پەروەردگار شیفای خەڵك دەدات، ئینجا بەردەوام سزاو ئەشکەنجەی لاوەکەیان دەدا تاکو شوێنی

ڕاهیبەکەیانی پێ ووت، ئینجا ڕاهیبەکەیان هێناو پێیان ووت: لەو دینەی خۆت پەشیمان ببەوەو بگەڕێوە؟ ڕاهیبەکەش ووتی: پەشیمان نابمەوە، ئینجا مشارێکیان هێناو لەناوەڕاستی سەری دایان نا وە کردیان بەدوو لەتەوە، ئینجا وەزیرەکەیان هێناو پێیان ووت: بگەڕێوەو پەشیمان ببەوە لەو دینە؟ وەزیرەکەش پەشیمان نەبۆوە، بەهەمان شێوە وەزیرەکەشیان کرد بەدوو لەتەوە، ئینجا لاوەکەیان هێناو پێیان ووت، بگەڕێوەو پەشیمان ببەوە لەو دینەی کەلەسەریت؟ لاوەکەش پەشیمان نەبووەوە، ئینجا پادشاکە فەرمانی کرد کە بیبەن بۆسەر شاخێك، ئەگەر پەشیمان بووەوە ئەوا بیگەڕێننەوە ئەگەر پەشیمانیش نەبووەوە ئەوا لەسەر شاخەکەوە بیخەنە خوارەوە، کاتێك کە گەیشتنە سەر شاخەکە لاوەکە لە خوا پاڕایەوەو ووتی: خوایە ڕزگارم بکەی لەدەست ئەمانە بەوەی کە خۆت دەتەوێ، شاخەکە لەژێریان کەوتە لەرزەو کەوتنە خوارەوەو تەنها لاوەکە ڕزگاری بوو، پاشان هەرزەکارەکەش گەڕایەوە بۆلای پادشاکە! پادشاکەش بە لاوەکەی ووت: چیت لەوانە کرد کەتۆیان برد؟ لاوەکەش ووتی: ئەو خوایەی کەمن دەیپەرستم ڕزگاری کردم لەدەستی ئەوان، ئەم جارەیان پادشاکە فەرمانی کرد کە بیبەنە ناوەڕاستی دەریا ئەگەر پەشیمان بووەوە ئەوا بیگەڕێننەوە، ئەگەر پەشیمانیش نەبووەوە ئەوا بیخەنە ناو دەریاکەوە، دوو بارە لاوەکە لەخوا پاڕایەوە کە ڕزگاری بکات، ووتی: ئەی پەروەردگار ڕزگارم بکەی لەدەستیان، خوای گەورە غەرقیانی کرد، لاوەکە گەڕایەوە بۆلای پادشا، کاتێك پادشا بینیتی پێی ووت: چیت لەوانە کرد کەتۆیان برد! لاوەکەش ووتی: ئەو خوایەی کەمن دەیپەرستم ڕزگاری کردم لەدەست ئەوان، پاشان لاوەکە ووتی: تۆ ناتوانی من بکوژی تاکو ئەوەی کە پێت

دەڵێم جێبەجێی نەکەی، پادشاکەش ووتی: ئەو شتە چیە؟ لاوەکە ووتی: خەڵکی کۆبکەوە لە یەك جێگەدا، پاشان بەدار خورمایەکەوە لە خاچم بدە، ئینجا ڕمێك لە ڕمەکانم دەربکەو بڵێ: بەناوی خوا خوای ئەو لاوە، پاشان ڕمەکەم تێبگرە، ئەگەر ئەتەوێ بم کوژی، پادشاکەش خەڵکی کۆ کردەوەو لاوەکەی لە خاچدا بەقەد دارخورمایەکەوە، پاشان لەبەر چاوی خەڵکی ڕمێك لە ڕمەکانی لاوەکەی هەڵگرت و ووتی: بەناوی خوا خوای ئەو لاوە، پادشاکە ڕمەکەی تێگرتو دای لەنێوان گوێیو چاووی، لاوەکە، وە دەستی خستە سەر شوێنی ڕمەکە تا ڕۆحی دەرچوو مرد، ئینجا خەڵکە کە ئەوەیان بینی هەموویان ووتیان باوەڕمان هێنا بە خوای ئەو لاوە، ئینجا بە پادشاکەیان ووت: ئەی پادشا ئەوەی کە تۆلێی دەترسای ئەوا گەورەتر ڕووی دا!! پادشاکەش فەرمانی کرد کە چاڵ هەڵبکەنرێت و ئاگری تێدا بکرێتەوە، هەرکەسێك پەشیمان بووەوە ئەوا لێی بگەڕێن، وە هەرکەسێکیش پەشیمان نەبووەوە ئەوا بیخەنە ناو ئاگرەکەوە، وە بەردەوام خەڵکیان دەکردە ناو ئاگرەکەوە تاکو گەیشتە ئافرەتێك منداڵێکی شیرە خۆرەی پێ بوو، ئینجا بە ئافرەتەکەیان ووت: پەشیمان ببەوە؟ ئافرەتەکە لەبەر منداڵەکەی کەشیرەخۆرە، هەڵوێستەیەکی کرد کە ترسی هەبێت لەو منداڵە، بۆیە منداڵەکە هاتە قسەو بە دایکی ووت: ئەی دایە ئارام بگرە چونکە تۆ لەسەر حەقو ڕاستی.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) هەموو منداڵێك لەسەر فیترەتێكی پاك لەدایك دەبێت.

(٢) سیحر بە فێربوونە، وە ساحیرەكەش بە پادشاكەی ووت: لاوێكم بۆ بنێرن فێری سیحری دەكەم، خوای پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموویت: ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَـٰنُ وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُوا۟ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ ﴿١٠٢﴾﴾ واتە: هەرگیز سولەیمان كافر نەبووە، بەڵكو شەیتانەكان كافربوون خەڵكیان فێری سیحر دەكرد.

(٣) دروستە بۆكەسێك درۆ بكات ئەگەر رووبەڕوی دوژمن بووەوە لەكاتی زەروریدا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: «لاَ يَحِلُّ الْكَذِبُ إِلاَّ فِي ثَلاَثٍ وَالْكَذِبُ فِي الْحَرْبِ»[١] واتە: حەڵاڵ نییە بۆ هیچ كەسێك درۆكردن، مەگەر لە سێ كاتدا: لەكاتی جەنگدا، ئەو لاوەش درۆی لەگەڵ ساحیرەكە دەكرد بۆئەوەی لە فێڵیان ڕزگاری ببێت.

(٤) پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار بۆئەوەی ڕاستیو حەقت بۆ ڕوون بكاتەوەو گومانت نەهێڵێت، لاوەكە لە پەروەردگار پاڕایەوە بۆئەوەی ڕاستیو حەقی بۆ ڕوون ببێتەوە.

(٥) لابردنی نارەحەتی ئازار پێگەیاندن لەسەر ڕێگای خەڵكی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « وَإِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ »[٢] واتە: لابردنی ئازار پێگەیاندن لەسەر ڕێگا خێرو صەدەقەیە.

---

(١) صَحِيح: أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيّ فِي السُّنَن (١٩٣٩) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٧٧٢٣) .

(٢) صَحِيح: أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد فِي السُّنَن (١٢٨٥) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٨٠٩٦) .

باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو كەسەیە كە هۆكارو سەبەب بداتەوە پاڵ خوای پەروەردگار نەك بیداتە پاڵ خۆی بۆ ئەوەی بڵێن پایە بەرزو شكۆمەندە لەلای خوا.

(٦) زۆر جار ڕێك دەكەوێت (دەگونجێت) كە تەلەبە لەمامۆستاكەی باشترو چاكتر بێت، ئەگەر چی تەلەبەكەش منداڵ بێت، وە پێویستە مامۆستاكەشی دان بەوەدا بنێت، وەك چۆن ڕاهیبەكە ووتی: (ئەی ڕۆڵە تۆ باشترو خێرتری لەلای خوا وەك لەمن).

(٧) هەركەسێك فەرمان بە چاكە بكات وڕێگری لە خراپە بكات بەدڵنیاییی تاقی دەكرێتەوە، وە پێویستیشە لەكاتی تاقیكردنەوەدا خۆگربێت، چونكە لەسەر ئەو تاقیكردنەوەیە پاداشتی گەورە دەدرێتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (یُبْتَلَى النَّاسَ عَلَى قَدْرِ دِينِهِم، فَمَنْ ثَخنَ دِينِه اشْتَدَّ بَلاَؤُهُ وَ مَنْ ضعف دينه ضعف بَلاَؤُهُ)[١] واتە: تاقی دەكرێتەوە خەڵكی بەئەندازەی ئایینەكەیان، جا هەركەسێك باوەڕی بەهێزبێت ئەوا تاقیكردنەوەكەی قورس و گرانە، وە هەركەسێكیش باوەڕی لاواز بێت ئەوا تاقیكردنەوەكەی لاوازو ئاسان دەبێت.

(٨) هەركەسێك هەڵەی كرد لە ووتەدا نابێت بەو شێوەیە لێی بگەڕێی بەڵكو دەبێت بۆی چاك بكەیتەوە، چ جای لە بیروباوەڕدابێت، وەزیرەكە بە لاوەكەی ووت: شیفام بدە لاوەكەش ووتی: من شیفای هیچ كەسێك نادەم بەڵكو خوای پەروەردگار شیفا دەدات.

---

(١) صَحِيح: أَخْرَجَهُ اِبْن حِبَّانَ فِي صَحِيحِه (٢٩٨٢) وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٩٩٣) .

(٩) هەردەبێت قسەی حەقو ڕەوا سەربكەوێت بەسەر ناحەقدا ﴿وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفْلَىٰۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلۡعُلۡيَاۗ ٤٠﴾ واتە: خوای گەورە بەرنامەو ئایینی بێ باوەڕانی دانەواندووەو ڕیسوای كردووە، وە بەرنامەو ئایینی خوا هەمیشە بەرزو بڵندە.

(١٠) ئەگەر ڕۆژت تەواو نەبووبێت (ئەجەلت نەهاتبێت) ئەوا هیچ كەسێك ناتوانێت بتكوژێتو تەنانەت زیانیشت پێبگەیێنێت، پادشاكە هەرچەندە هەوڵی دا لاوەكە بكوژێت ولەناوی ببات بەڵام نەی توانی، تاكو خۆی ڕێگەی بە پادشاكە نیشاندا.

(١١) خۆبەختكردن لە پێناوی خوا، ئەو لاوە لەبەر بەرژەوەندی هەموو خەڵكی ئامادەیە خۆی بەخت بكات، بۆ ئەوەی كە خەڵكی باوەڕبێننو ڕزگاریان بێت لە شیركو نەزانی.

(١٢) خوای گەورە باوەڕداران جێگیرو چەسپاو دەكات لەسەر ئایین، وە دەفەرموێت: ﴿يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ واتە: خوای گەورە باوەڕداران دامەزراوو جێگیر دەكات بە ووتەی ڕاستو ڕەوا لە ژیانی دونیایاندا، وە كاتێك ئەو ئافرەتە سەیری منداڵەكەی دەكات شیرە خۆرەو بێ گوناهە منداڵەكەش دێتە قسەو دەڵێت: ئەی دایە خۆگربە تۆ لەسەر حەقی، بۆیە بە خۆی منداڵەكەیەوە دەچێتە ناو ئاگرەكەوەو گوێی پێ نادات، چونكە لە پێناوی خوای گەورەیە.

(١٣) سەر ئەنجام وچارەنووسی باوەڕداران لە دوای مردنیان بۆ بەهەشتە، وە سەر ئەنجام وچارەنووسی بێ باوەڕەكان بۆ دۆزەخە.

الْقِصَّة السَّادِسَة:

أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: « بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ فَوَجَدَ بِئْرًا فَنَزَلَ فِيهَا فَشَرِبَ ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنَ الْعَطَشِ فَقَالَ: الرَّجُلُ لَقَدْ بَلَغَ هَذَا الْكَلْبَ مِنَ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذِى كَانَ بَلَغَ مِنِّى، فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلأَ خُفَّهُ مَاءً ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ حَتَّى رَقِىَ فَسَقَى الْكَلْبَ فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ» قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنَّ لَنَا فِى هَذِهِ الْبَهَائِمِ لأَجْرًا فَقَالَ «فِى كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ»[١].

چیرۆكی شەشەم:

هــاوەڵی خۆشەویســت (أَبِي هُرَيْـرَةَ (رضي الله عنه) دەفــەرموویێت: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك بە ڕێگایەكدا دەڕۆیشت زۆری تینو بوو، وە بیرێكی دۆزییەوە ئاوی تێدابوو، دابەزییە ناو بیرەكـەوە ئـاوی خـواردو پاشـان هاتـە دەرەوە، سـەگێكی بینـی هەناسە بڕكێیەتی لە تینـوا خـۆڵی دەخـوارد، پیاوەكـەش ووتـی: بەڕاسـتی ئـەم سـەگە تینووێتێكەی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی كەمن بەسەرمدا هاتبوو، ئینجـا پیاوەكـە دووبـارە چـووە ناوبیرەكـەوەو پێڵاوەكـەی پڕكـرد لـەئاو، پاشـان بـەدەمی گرتـی تـاكو هاتـە دەرەوەی بیرەكە، ئینجا ئاوەكەی دا بە سـەگەكەو تێر ئـاوی كـرد، خـوای گـەورە ئـەو كارەی لێوەرگرت و سوپاسی ئەو پیاوەی كردو لێی خۆشبوو، ووتـرا: ئـەی پێغەمبـەری

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٦٠٠٩)، ومُسْلِمٌ (٥٨٢٠) .

خوا (ﷺ) چاکە کردن لەگەڵ ئاژەڵ وئاودانی پاداشتی هەیە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بۆ هەموو ئاژەڵێکی زیندوو پاداشتو ئەجر هەیە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) ئاو نیعمەتێکە لە نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار.

(٢) ئاو باشترین خێرو صەدەقەیە، هاوەڵی خۆشەویست (سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایکم مرد، ئایا خێری بۆ بکەم؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، منیش ووتم: چی خێرێ چاکە بۆی بکەم؟ ئەویش فەرمووی: « سَقْيُ الْمَاءِ »[١] ئاوی بۆ بکە بەخێر، ئەویش دەفەرمووێت: چووم بیرێکم لێداو ووتم: ئەمە بۆدایکم.

(٣) بەندەیەك بەهۆی تێرکردنی سەگێکەوە چووەتە بەهەشتەوە، ئەی ئەبێت تێرکردنو ئاوبەخشین بە مرۆڤەکان خێرو پاداشتی چی بێت؟!

(٤) ئاو بەخشین لەبەر خاتر خوای گەورە یەکێکە لە کردەوە چاکەکان، وە هەندێك لە پێشینەکان (سلف) فەرموویانە: (مَنْ كَثرت ذنوبه فَعَليه بِسقى الماء)[٢] واتە: هەر کەسێك تاوانو گوناهی زۆرە با ئاو بکات بەخێرو ببەخشێت (بیر لێدانو هتد..).

---

(١) حسَن: أَخْرَجَهُ ابن مَاجَه وَالْنسائي، وَحَسَّنَهُ الشَّيْ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامع (١١١٣) .

(٢) عمدة القاري شَرح صَحِيح الْبُخَارِيُّ (٥٢/١٩)، شَرح الْبُخَارِيُّ لابن بطال (٢٠/١٢) .

(٥) ئاودانو تێرکردنی ئاژەڵو پاراستنی لەسەرماو گەرما خێرەو پاداشتی لەسەرە، (هەندێك لەزانایان دەفەرموون: بەمەرجێك ئەو ئاژەڵە لەوانە نەبێت کە زیانیان هەیەو مانەوەیان زیانە)، ئینجا ئەو ئاژەڵە هی خۆت بێت یان هی خەڵك بێت.

(٦) هەندێك لەزانایان دەفەرموون ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە سەفەرکردن بەتەنها، ئەگەر زانیتی توشی ناڕەحەتیو هیلاکەت نابێت.

الْقِصَّة السَّابِعَة:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ: رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) « إِنَّ ثَلاَثَةً فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ أَبْرَصَ وَأَقْرَعَ وَأَعْمَى بَدَا لِلَّهِ أَنْ يَبْتَلِيَهُمْ، فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ مَلَكًا، فَأَتَى الأَبْرَصَ، فَقَالَ أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ لَوْنٌ حَسَنٌ وَجِلْدٌ حَسَنٌ، قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ، قَالَ فَمَسَحَهُ، فَذَهَبَ عَنْهُ، فَأُعْطِيَ لَوْنًا حَسَنًا وَجِلْدًا حَسَنًا، فَقَالَ أَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ الإِبِلُ أَوْ قَالَ الْبَقَرُ هُوَ شَكَّ فِي ذَلِكَ، إِنَّ الأَبْرَصَ وَالأَقْرَعَ، قَالَ أَحَدُهُمَا الإِبِلُ، وَقَالَ الآخَرُ الْبَقَرُ فَأُعْطِيَ نَاقَةً عُشَرَاءَ، فَقَالَ يُبَارَكُ لَكَ فِيهَا، وَأَتَى الأَقْرَعَ فَقَالَ أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ شَعَرٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي هَذَا، قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ، قَالَ فَمَسَحَهُ فَذَهَبَ، وَأُعْطِيَ شَعَرًا حَسَنًا، قَالَ فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ الْبَقَرُ، قَالَ فَأَعْطَاهُ بَقَرَةً حَامِلاً، وَقَالَ يُبَارَكُ لَكَ فِيهَا، وَأَتَى الأَعْمَى فَقَالَ أَيُّ شَيْءٍ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ يَرُدُّ اللَّهُ إِلَيَّ بَصَرِي، فَأُبْصِرُ بِهِ النَّاسَ، قَالَ فَمَسَحَهُ، فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيْهِ بَصَرَهُ، قَالَ فَأَيُّ الْمَالِ أَحَبُّ إِلَيْكَ قَالَ الْغَنَمُ، فَأَعْطَاهُ شَاةً وَالِدًا، فَأُنْتِجَ هَذَانِ، وَوَلَّدَ هَذَا، فَكَانَ لِهَذَا وَادٍ مِنْ إِبِلٍ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنْ بَقَرٍ، وَلِهَذَا وَادٍ مِنَ الْغَنَمِ، ثُمَّ إِنَّهُ أَتَى الأَبْرَصَ فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ فَقَالَ رَجُلٌ

مِسْكِينٌ، تَقَطَّعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي، فَلاَ بَلاَغَ الْيَوْمَ إِلاَّ بِاللَّهِ ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي أَعْطَاكَ اللَّوْنَ الْحَسَنَ وَالْجِلْدَ الْحَسَنَ وَالْمَالَ بَعِيرًا أَتَبَلَّغُ عَلَيْهِ فِي سَفَرِي، فَقَالَ لَهُ إِنَّ الْحُقُوقَ كَثِيرَةٌ، فَقَالَ لَهُ كَأَنِّي أَعْرِفُكَ، أَلَمْ تَكُنْ أَبْرَصَ يَقْذَرُكَ النَّاسُ فَقِيرًا فَأَعْطَاكَ اللَّهُ فَقَالَ لَقَدْ وَرِثْتُ لِكَابِرٍ عَنْ كَابِرٍ، فَقَالَ إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللَّهُ إِلَى مَا كُنْتَ، وَأَتَى الأَقْرَعَ فِي صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقَالَ لَهُ مِثْلَ مَا قَالَ لِهَذَا، فَرَدَّ عَلَيْهِ مِثْلَ مَا رَدَّ عَلَيْهِ هَذَا فَقَالَ إِنْ كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ اللَّهُ إِلَى مَا كُنْتَ، وَأَتَى الأَعْمَى فِي صُورَتِهِ فَقَالَ رَجُلٌ مِسْكِينٌ وَابْنُ سَبِيلٍ وَتَقَطَّعَتْ بِيَ الْحِبَالُ فِي سَفَرِي، فَلاَ بَلاَغَ الْيَوْمَ إِلاَّ بِاللَّهِ ثُمَّ بِكَ، أَسْأَلُكَ بِالَّذِي رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ شَاةً أَتَبَلَّغُ بِهَا فِي سَفَرِي، فَقَالَ قَدْ كُنْتُ أَعْمَى فَرَدَّ اللَّهُ بَصَرِي، وَفَقِيرًا فَقَدْ أَغْنَانِي، فَخُذْ مَا شِئْتَ، فَوَاللَّهِ لاَ أَجْهَدُكَ الْيَوْمَ بِشَيْءٍ أَخَذْتَهُ لِلَّهِ، فَقَالَ أَمْسِكْ مَالَكَ، فَإِنَّمَا ابْتُلِيتُمْ، فَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنْكَ وَسَخِطَ عَلَى صَاحِبَيْكَ »[١] .

چیرۆکی حەوتەم:

هـــاوەڵی خۆشەویســـت (أَبِي هُرَيْـرَةَ (رضي الله عنه)) دەفـــەرموویت: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فەرموویەتی: سێ کەس هەبوون لە ئوممەتانی پێش ئێوە (لەبەنی ئیسرائیل) ئـەو سێ کەسەش: گەرِێكو کەچەڵێك (بێ قژ) و کوێرێك (نابینا)، وە خوای گەورە ویستی وابوو کە تاقییان بکاتەوە، بۆیە مەلائیکەتێکی نارد بۆلایان، مەلائیکەتەکە هات بـۆلای پیاوە گەرِەکەو پێی ووت: چ شتێك لەلای تۆ زۆر باشو خۆشەویستە (واتە: حەزوو ئارەزوو لە

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٦٤)، ومُسْلِمٌ (٧٣٥٧) .

چ شتێك دەكەیت؟) پیاوە گەڕەكەش ووتی: ڕەنگو ڕوویەكی چاكو جوانو پێستێكی چاك، چونكە بەڕاستی خەڵكی لێم بێزار بوونەو حەزیان پێم نییەو حەزناكەن بم بینن، مەلائیكەتەكەش دەستی بە لاشەیدا هێناو گەڕییەكەی چاك بووەو ڕەنگی گۆڕا بوو بە كەسێكی ڕەنگ جوانو پێست چاكو باش، پاشان مەلائیكەتەكە پێی ووت: چ سامانو ماڵێك لەلای تۆ لەهەموویان خۆشەویسترە؟ ئەویش ووتی: (وشتر یان مانگا)، مەلائیكەتەكەش وشترێكی ئاوس (سك پڕی) پێداو ووتی: خوای پەروەردگار فەڕداری بكات (بەرەكەتی تێبكات)، ئینجا مەلائیكەتەكە ڕۆیشتو چوو بۆلای پیاوە كەچەڵەكەو پێی ووت: چ شتێك لەلای تۆ باشو خۆشەویستە (واتە: حەزوو ئارەزوو لە چ شتێك دەكەیت؟) پیاوە كەچەڵەكەش ووتی: قژێكی جوانو لەم كەچەڵییە ڕزگارم ببێت، چونكە بەڕاستی خەڵكی لێم بێزار بوونەو حەزیان پێم نییەو حەزناكەن بم بینن، مەلائیكەتەكەش دەستی بە سەریدا هێناو كەچەڵیەكەی چاك بووەوەو بوو بە كەسێكی قژ جوان، پاشان مەلائیكەتەكە پێی ووت: چ سامانو ماڵێك لەلای تۆ لەهەموویان خۆشەویسترە؟ ئەویش ووتی: مانگا، مەلائیكەتەكەش مانگایەكی ئاوس (سك پڕی) پێداو ووتی: خوای پەروەردگار فەڕداری بكات (بەرەكەتی تێبكات)، ئینجا مەلائیكەتەكە ڕۆیشتو چوو بۆلای پیاوە كوێرەكەو پێی ووت: چ شتێك لەلای تۆ باشو خۆشەویستە (واتە: حەزوو ئارەزوو لە چ شتێك دەكەیت؟) پیاوە كوێرەكەش ووتی: خوای پەروەردگار چاوەكانم بۆ بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵكی پێ ببینم، ئینجا مەلائیكەتەكەش دەستی هێنا بەسەر چاوەكانیدا، وە خوای گەورە هەردوو چاوی بۆ گێڕایەوە، پاشان مەلائیكەتەكە بە پیاوە كوێرەكەی ووت: چ ماڵو سامانێك لەلای تۆ

لەهەموویان خۆشەویستره؟ ئەویش ووتی: مەڕ، فریشتەکەش مەڕێکی ئاوس (سك پڕی) پێدا، پاشان خاوەن وشترو مانگاکە بەرهەمێکی زۆری لێکەوتەوە بە فەزڵی خوای گەورە، وە خاوەن مەڕەکەش بەوێنەی ئەوان، ئینجا پیاوە گەڕەکە بوو بەخاوەن دۆڵێك (شیوێك) وشتر، وە پیاوە کەچەڵەکەش بوو بەخاوەنی دۆڵێك (شیوێك) مانگا، وە پیاوە کوێرەکەش بوو بە خاوەنی دۆڵێك (شیوێك) مەڕ، پاش ماوەیەك مەلائیکەتەکە هات بۆلای پیاوە گەڕەکە لەسەر ئەو شێوەیەی کە پێشتر هاتبوو بۆلای (بۆئەوەی حوجەی نەمێنێت)، پێی ووت: پیاوێکی هەژارو ڕێبوارم و هیچ شتێکم پێ نەماوە بۆ پەیداکردنی خۆراك وە بۆگەیشتنەوەم بە شوێنی خۆم، جا هیچ کەسێك ناتوانێت من بگەێنێتەوە شوێنی خۆم جگە لە خوای گەورەو پاشان تۆ، جا داوات لێدەکەم تو ئەو خوایەی کە ئەو ڕەنگو ڕووە جوان و پێستە چاکەی پێداوی وە ماڵ وسامانی پێ بەخشیووی، وشترێکم پێبدە بۆئەوەی بگەمەوە شوێنی خۆم؟ پیاوە گەڕەکەش لەوەڵامدا ووتی: بەڕاستی مافەکان زۆرن (ئەرکی زۆرم بەسەرەوەیە وەناتوانم وشترێکت پێبدەم، یان مافەکان زۆرن تۆ وشترێکت بەر ناکەوێت)، وە پیاوە گەڕەکە مەبەستی ئەوە بوو کە بەڕێی بکات وهیچی نەداتێ، مەلائیکەتەکەش پێی ووت: وەك ئەوە وایە بت ناسم، ئایا تۆ پیاوێکی گەڕ نەبووی خەڵکی حەزیان بە بینینت نەبوو، وە لێت بێزار ببوونو بێزیان لێت دەکردەوە؟ وە هەژار بوویت خوای پەروەردگار دەوڵەمەندی کردی بوویتە بە خاوەنی ئەم ماڵو سامانە زۆرە، پیاوە گەڕەکەش ووتی: ئەم ماڵو سەروەتەم لە باو باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە (دەست بە دەست گەیشتووە بەمن)، مەلائیکەتەکەش ووتی: ئەگەر درۆ دەکەیت خوای گەورە وەك خۆت لێبکاتەوە، پاشان مەلائیکەتەکە هات

بۆلای کەچەڵەکە لەسەر ئەو شێوەیەی کەپێشتر هاتبوو بۆلای، ئەوەی کە بە گەڕەکەی ووتبوو بە کەچەڵەکەشی ووت، کەچەڵەکەش بەهەمان شێوەی گەڕەکە وەڵامی دایەوە، مەلائیکەتەکەش ووتی: ئەگەر درۆ دەکەی خوا وەك خۆت لێبکاتەوە، پاشان مەلائیکەتەکە هات بۆلای پیاوە کوێرەکە لەسەر شێوەی یەکەم جار کەهاتبوو بۆلای وپێی ووت: پیاوێکی هەژارو رێبوارمو هیچ شتێکم پێ نەماوە بۆ پەیداکردنی خۆراك وە بۆگەیشتنەوەم بە شوێنی خۆم، جا هیچ کەسێك ناتوانێت من بگەێنێتەوە شوێنی خۆم جگە لە خوای گەورەو پاشان تۆ، جا داوات لێدەکەم تو ئەو خوایەی کە چاوی بۆ گێڕایتەوە مەڕێکم پێبدە بۆئەوەی بگەمەوە شوێنی خۆم؟ پیاوە کوێرەکەش لە وەڵامدا ووتی: من کوێرو نابینا بووم خوای پەروەردگار چاوی بۆ گێڕامەوە، وە هەژار بووم خوای پەروەردگار دەوڵەمەندی کردم، چیت پێویستە بۆخۆت ببیە، سوێند بەخوا دەست ناهێنمە رێت ئەمرۆ بەئارەزووی خۆت چی دەبەی ببیە لە رێی خوا، مەلائیکەتەکەش پێی ووت: ماڵی خۆت بگرە بۆخۆت، ئێوە تاقیکرانەوە، بەڕاستی خوای گەورە لە تۆ ڕازی بوو، وە خەشم وقینی گرت لە دوو هاوەڵەکەت.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) تاقیکردنەوەی خوای گەورە بۆ بەندەکانی، سوننەتی خوایە لەسەر زەوی، هەروەك چۆن لە قورئانی پیرۆزدا بەیانکراوە، جا ئەو تاقیکردنەوەیە بە لاشەبێت یان بە ماڵ وسامان بێت یان منداڵ یان بە هەرشتێکی تر لە ژیانی دونیادا.

(٢) هەندێك جار مەلائیکەتەكان لەسەر شێوەی مرۆڤ دێن بۆلای بەندەكانو قسەیان لەگەڵدا دەكەن شیفای نەخۆش دەدەن بە فەرمانی خوای پەروەردگار.

(٣) مرۆڤەكان ڕازی نین بە قەزاو قەدەری پەروەردگار، ئو سێ كەسە كە توشی بەڵاو نەخۆشی ببوون دەیان ووت: فلانە ماڵو سامان لەلای من لەهەموویان خۆشەویسترە؟ ئەمیش پێچەوانە ڕازی بوونە بە قەزاو قەدەر، وە بێگومان مرۆڤەكان لەكاتی بەڵاو موسیبەتو نارەحەتی دا چوار جۆرن:

بێ ئارامە: كەئەمیش حەرامە.

ئارامگرە: كەئەمیش واجبە.

ڕازییە: كەئەمیش موستەحەبە.

سوپاس گوزارە: كە ئەمیش چاكو باشە.

(٤) هیچ شتێك نییە بەلای نەخۆشەوە خۆشتربێت لەوەی كە پەروەردگار شیفای بدات.

(٥) تەنها پەروەردگار دەبەخشێتو دەگرێتەوە دەوڵەمەندیو هەژاریش بەدەست ئەوە.

(٦) لەنیشانەو ئەدەبی خواپەرستی ئەوەیە كە شیفا بگێڕدرێتەوە بۆلای پەروەردگار، پیاوە كویرەكە ووتی: (من كوێرو نابینا بووم خوای پەروەردگار چاوی بۆ گێڕامەوە).

(٧) مرۆڤی نەزان بەخیل دەبێت لەکاتی دەوڵەمەندیدا، وە مرۆڤی ژێر ئەوکەسەیە دەستکراوەبێت لە بەخشین لەڕێگەی خوادا.

(٨) لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەن بیریان چۆتەوە کە پێشتر هەژار بوونە، وە پێشیان ناخۆشە یادیان بخرێتەوە.

(٩) هەرکەسێك سوپاسی خوای گەورە بکات لەسەر نیعمەتەکان، وە ببەخشێت لە ڕێگەی خوادا ئەوا پەروەردگار زیاتری پێدەبەخشێتو فەڕداری دەکات، وە هەرکەسێك بەخیلی بکات ئەوا ماڵەکە بەهەدەری دەداتو خوای گەورەش لێی تورە دەبێت.

(١٠) بەخشین لە ڕێگەی خوادا دەبێتە هۆی ڕازی بوونی خوای پەروەردگار، وە بەخیلیو دەستگرتنەوە دەبێتە هۆی تورەیی خوای گەروە.

(١١) بەرەکەتی خوای پەروەردگار بێ کۆتاییە، بۆیە هەریەکەیان بوون بەخاوەن دۆڵێك (شیویك) ئاژەڵ.

(١٢) ئایا پاڕانەوەی مەلائیکەت قەبووڵە یان ئەم بەسەر هاتە دەستنیشانکراوە؟ ئەوەی ئاشکرایە ئەم بەسەرهاتە دەست نیشانکراوە، وە بەدڵنیایی پاڕانەوەی مەلائیکەت قەبووڵە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « مَنْ دَعَا لأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ آمِينَ وَلَكَ بِمِثْلٍ » واتە: هەرکەسێك بۆ برای موسڵمانی بپاڕێتەوە لە پەنهانی (لەڕوو نەبووندا)، ئەوا مەلائیکەتێك کە کاری ئەوەی پێڕاسپێردراوە کە هەر باوەڕدارێك بۆ برای باوەڕداری بپاڕێتەوە ئەوا دەفەرمووێت: ئامین بۆ تۆش وەك ئەو. کەواتە: قەبووڵە.

(١٣) سوپاسی نیعمەتەکان بەگوێرە خۆیانە: سوپاسی ماڵو سامان ئەوەیە کە ببخشیت لە بەر خاتری پەروەردگار، وە سوپاسی زانستو زانیاری ئەوەیە کاتێك پرسیارت لێ دەکرێت ڕاستیو حەق بڵێیت.

(١٤) (الصَّحَابَة) **هاوەڵەکەت** تەنها بەکار نایات بۆ کەسێکی نزیك، بەڵکو بۆ کەسێکیش بەکاردێت کە لە حاڵی ئەو بچێت، چونکە مەلائیکەتەکە بەکوێرەکەی ووت: ئێوە تاقیکرانەوە، بەڕاستی خوای گەورە لە تۆ ڕازی بوو، وە خەشمو قینی گرت لە دوو **هاوەڵەکەت**.

الْقِصَّة الثَّامِنَة:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ: رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) « اشْتَرَى رَجُلٌ مِنْ رَجُلٍ عَقَارًا لَهُ فَوَجَدَ الرَّجُلُ الَّذِى اشْتَرَى الْعَقَارَ فِى عَقَارِهِ جَرَّةً فِيهَا ذَهَبٌ فَقَالَ لَهُ الَّذِى اشْتَرَى الْعَقَارَ خُذْ ذَهَبَكَ مِنِّى إِنَّمَا اشْتَرَيْتُ مِنْكَ الأَرْضَ وَلَمْ أَبْتَعْ مِنْكَ الذَّهَبَ. فَقَالَ الَّذِى شَرَى الأَرْضَ إِنَّمَا بِعْتُكَ الأَرْضَ وَمَا فِيهَا قَالَ: فَتَحَاكَمَا إِلَى رَجُلٍ فَقَالَ الَّذِى تَحَاكَمَا إِلَيْهِ أَلَكُمَا وَلَدٌ فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِى غُلاَمٌ وَقَالَ الآخَرُ لِى جَارِيَةٌ. قَالَ أَنْكِحُوا الْغُلاَمَ الْجَارِيَةَ وَأَنْفِقُوا عَلَى أَنْفُسِكُمَا مِنْهُ وَتَصَدَّقَا »[١].

چیرۆکی هەشتەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك خانوویەك یان (زەوی) لەپیاوێكی تر كڕی، ئەو پیاوەی كە زەویەكەی كڕیبوو گۆزەیەك (كوپە) ئاڵتونی لە زەوییە كەدا دوزییەوە، ئینجا ئەو پیاوەی كە زەوییەكەی كڕیبوو بە پیاوە فرۆشیارەكەی ووت: ئاڵتوونەكەت ببەوە لەلای من، چونكە من زەویم لە تۆ كڕیوە نەك ئاڵتوون، پیاوە فرۆشیارەكەش ووتی: من زەویەكەو ئەوەی كەتێیدایە بەتۆم فرۆشتووە، پاشان هاتن بۆلای پیاوێك بۆئەوەی كە چارەسەرێكیان بۆ بدۆزێتەوە، پیاوە دادوەرەكە ووتی: ئایا منداڵتان هەیە؟ یەكێكیان ووتی: من كوڕێكم هەیە، ئەوەی تریشیان ووتی: منیش كچێكم هەیە، ئینجا پیاوە

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٧٢)، ومُسْلِمٌ (٤٤٧٢) .

دادوەرەکە ووتی: کەواتە تۆ کچکە بدە بە کوڕەکەو ئەو ماڵەش خەرج بکەن بۆیان، وە خێریشی لێبکەن.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) پێویستە ئەمانەتو سپاردە بگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴾ واتە: بەڕاستی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کە ئەمانەتو سپاردەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

(٢) قەناعەتو ڕازی بوون ماڵو سەروەتێکە بێکۆتاییە، وە بەخێرو بەرەکەت دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

(٣) هەرکەسێك بەو بەشە ڕازی بێت کە خوای پەروەردگار پێی بەخشیوە ئەوا ئەو کەسە دەوڵەمەند ترین کەسە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (وَارْضَ بِمَا قَسَمَ اللَّهُ لَكَ تَكُنْ أَغْنَى النَّاسِ)[1] واتە: وە ڕازیبە بەو بەشەی کە پەروەردگار بۆی داناوی دەبیت بە دەوڵەمەند ترین خەڵك، وە بەدڵنیاییەوە دەوڵەمەند ئەو کەسە نییە کە ماڵو سەروەتی زۆری هەبێت، بەڵکو دەوڵەمەند ئەوکەسەیە کە دەروونی دەوڵەمەند بێت.

(٤) ڕزقو ڕۆزی دابەشکراوە، هەردەبێت پێت بگات لەکاتو شوێنی خۆیدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لَوْ أَنَّ اِبْن آدَم هَرَبَ مِنْ رِزْقه كَمَا يَهْرُب مِنْ الْمَوْت لأَدْرَكَهُ

(١) حَسَن: أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيّ فِي السُّنَن (٢٣٠٥)، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (١٠٠) .

رِزْقه كَمَا يُدْرِكهُ الْمَوْت)[١] واته: ئەگەر ئادەمیزاد ڕابکات لەڕزقو ڕۆزییەکەی هەروەك چۆن لەمردن ڕادەکات، ئەوا بێگومان ڕزقو ڕۆزییەکەی دەیگرێتەوە هەروەك چۆن مردن دەیگرێتەوە.

(٥) پێویستە موسڵمان ڕازی بێت بە حەڵاڵ، وە دووربکەوێتەوە لە حەرامو هۆکاری خراپ بۆ بەدەست هێنانی ڕزقو ڕۆزی، چونکە بەڕاستی تەنها کردەوەی چاك وباش هۆکارە بۆ بەختەوەری دونیاو دوارۆژ.

الْقِصَّة التَّاسِعَة:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) « أَنَّهُ ذَكَرَ رَجُلاً مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ سَأَلَ بَعْضَ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنْ يُسْلِفَهُ أَلْفَ دِينَارٍ، فَقَالَ ائْتِنِي بِالشُّهَدَاءِ أُشْهِدُهُمْ، فَقَالَ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا، قَالَ فَأْتِنِي بِالْكَفِيلِ، قَالَ كَفَى بِاللَّهِ كَفِيلاً، قَالَ صَدَقْتَ، فَدَفَعَهَا إِلَيْهِ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى، فَخَرَجَ فِي الْبَحْرِ، فَقَضَى حَاجَتَهُ، ثُمَّ الْتَمَسَ مَرْكَبًا يَرْكَبُهَا، يَقْدَمُ عَلَيْهِ لِلأَجَلِ الَّذِى أَجَّلَهُ، فَلَمْ يَجِدْ مَرْكَبًا، فَأَخَذَ خَشَبَةً، فَنَقَرَهَا فَأَدْخَلَ فِيهَا أَلْفَ دِينَارٍ، وَصَحِيفَةً مِنْهُ إِلَى صَاحِبِهِ، ثُمَّ زَجَّجَ مَوْضِعَهَا، ثُمَّ أَتَى بِهَا إِلَى الْبَحْرِ، فَقَالَ اللَّهُمَّ إِنَّكَ تَعْلَمُ أَنِّي كُنْتُ تَسَلَّفْتُ فُلاَنًا أَلْفَ دِينَارٍ، فَسَأَلَنِي كَفِيلاً، فَقُلْتُ كَفَى بِاللَّهِ كَفِيلاً، فَرَضِيَ بِكَ، وَسَأَلَنِي شَهِيدًا، فَقُلْتُ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا، فَرَضِيَ بِكَ، وَأَنِّي جَهَدْتُ أَنْ أَجِدَ مَرْكَبًا، أَبْعَثُ إِلَيْهِ الَّذِى لَهُ فَلَمْ أَقْدِرْ، وَإِنِّي أَسْتَوْدِعُكَهَا، فَرَمَى بِهَا فِي الْبَحْرِ حَتَّى وَلَجَتْ فِيهِ، ثُمَّ انْصَرَفَ، وَهُوَ فِي ذَلِكَ يَلْتَمِسُ مَرْكَبًا، يَخْرُجُ إِلَى بَلَدِهِ،

---

(١) صَحِيح: صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٥٢٤٠)،وَفِي سِلسِلة الأَحادِيث الصَحِيحَة (٩٥٢) .

فَخَرَجَ الرَّجُلُ الَّذِى كَانَ أَسْلَفَهُ، يَنْظُرُ لَعَلَّ مَرْكَبًا قَدْ جَاءَ بِمَالِهِ، فَإِذَا بِالْخَشَبَةِ الَّتِى فِيهَا الْمَالُ، فَأَخَذَهَا لأَهْلِهِ حَطَبًا، فَلَمَّا نَشَرَهَا وَجَدَ الْمَالَ وَالصَّحِيفَةَ، ثُمَّ قَدِمَ الَّذِى كَانَ أَسْلَفَهُ، فَأَتَى بِالأَلْفِ دِينَارٍ، فَقَالَ وَاللَّهِ مَا زِلْتُ جَاهِدًا فِى طَلَبِ مَرْكَبٍ لآتِيَكَ بِمَالِكَ، فَمَا وَجَدْتُ مَرْكَبًا قَبْلَ الَّذِى أَتَيْتُ فِيهِ، قَالَ هَلْ كُنْتَ بَعَثْتَ إِلَىَّ بِشَىْءٍ قَالَ أُخْبِرُكَ أَنِّى لَمْ أَجِدْ مَرْكَبًا قَبْلَ الَّذِى جِئْتُ فِيهِ، قَالَ فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ أَدَّى عَنْكَ الَّذِى بَعَثْتَ فِى الْخَشَبَةِ فَانْصَرِفْ بِالأَلْفِ الدِّينَارِ رَاشِدًا »[١].

چیرۆکی نۆیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك هەبوو لە ئوممەتانی پێش ئێوە(بەنی ئیسرائیل) پرسیاری دەكرد بۆ ئەوەی كە یەكێك هەزار دیناری بداتێ بەقەرز، پیاوێكی دۆزییەوە، پیاوەكە پێی ووت: چەند شایەتێكم بۆبێنە شایەتیت بۆ بدەن، ئەویش ووتی: خوای گەورە بەسە كە شایەت بێت لە نێوان منو تۆدا، پیاوەكە ووتی: كەفیلم بۆ بێنە (كەسێك تۆ لە ئەستۆ بگرێتو زامنت بكات)، ئەویش ووتی: خوای گەورە بەسە بۆ كەفیل وزامنی من، پیاوەكەش ووتی: ڕاست دەكەیت، ئینجا پیاوەكە هەزار دیناری داپێی بەقەرز تاكو ماوەیەكی دیاریكراو، پاشان پیاوەكە ڕۆیشتو ئیشو كاری خۆی پێ جێبەجێ كرد، پاشان كە ماوە دیاریكراوەكە تەواو بوو، پیاوە قەرزارەكە دەیویست سوارییەكی دەست

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٢٩١).

بکەوێتو پارە قەرزەکە بێنێتە بۆ خاوەنەکەی، بەلام هیچی دەست نەکەوت کە بچێتەوە بۆلای خاوەن قەرزەکە، بۆیە دارێکی هێناو (دارەکەی کون کرد) ئینجا هەزار دینارەکەی کردە ناو کونی دارەکەوەو نوسراوێکیشی لەگەڵدا نارد بۆخاوەن قەرزەکەو پاشان دارەکەی جوان پێچایەوەو کردیە ناو ئاوەکەوە، ئینجا هات بۆلای دەریاکەو ووتی: خوایە تۆ بۆخۆت دەزانیت کە من هەزار دینارم لە فلانەکەس وەرگرت بە قەرز، داوای کەفیلو زامنی لێکردم منیش ووتم: خوای گەورە بەسە بۆ کەفیلو زامنی من، وە ڕازی بوو بەوەی کەتۆ کەفیل وزامنی من بکەیت، وە داوای شایەتی لێکردم منیش ووتم: خوای گەورە بەسە کە شایەتی من بێت، وە ڕازی بوو بەوەی کە تۆ شایەتم بیت، وە من هەوڵو کۆششم دا بۆئەوەی کە سوارییەکم دەست بکەوێتو پارەکەی بۆ ببەمەوە، بەلام دەستم نەکەوت، ئەوا منیش بەتۆی دەسپێرم، ئینجا پیاوەکە دارەکەی کردە ناو دەریاکەوە، پاشان پیاوەکە ڕۆیشت، ئەو پیاوەی کە هەزار دینارەکەی دابوو بەقەرز سەیر سوارییەکانی دەکرد بەڵکو پیاوە قەرزارەکە ببینێتو قەرزەکەی بۆ بێنێتەوە، کاتێك سەیری ئاوەکەی دەکرد بینی کە دارێك لەسەر ئاوەکەیە، ئینجا پیاوەکە دارەکەی بردەوە بۆماڵەوەو مشارێکی بردو دارەکەی بڕییەوەو کاتێك سەیریکرد قەرزەکەو نوسراوێکی تێدایە، پاشان پیاوە قەرزارەکە هات بۆلای خاوەن قەرزەکەو پێی ووت: سوێند بەخوا سواریم دەست نەکەوت تاکو قەرزەکەت بۆ بێنمەوە، وە هەوڵو کۆششم زۆردا، وە بەردەوام ئێستاش هەوڵ دەدەم بۆئەوەی کە سوارییەکم دەست بکەوێتو قەرزەکەت بۆ بێنمەوە، بەلام هیچم دەست نەکەوت، خاوەن قەرزەکەش ووتی: ئایا تۆ هیچ شتێکت بۆمن ناردووە؟ ئەویش ووتی: پێتم ووت کە هیچ

سوارییەکم دەست نەکەوت کە قەرزەکەت بۆ بێنمەوە، خاوەن قەرزەکەش ووتی: بەڕاستی خوای گەورە ئەمانەتەکەی پێگەیاندمەوە، بەوەی کە قەرزەکەت کرد بووە ناو دارێکەوە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) قەرزدان بەخەڵکی لەشەرعدا ڕێگە پێدراوەو پاداشتی زۆرگەورەی لەسەرە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُقْرِضُ مُسْلِمًا قَرْضًا مَرَّتَيْنِ إِلاَّ كَانَ كَصَدَقَتِهَا مَرَّةً »[١] واتە: هەر موسڵمانێك دوو جار قەرز بدات بە موسڵمانێك، ئەوا وەك ئەوە وایە کە یەك جار کردبێتی بە خێرو صەدەقە، لەبەر ئەوەی قەرزدان بە موسڵمان وەك نیوەی خێرو صەدەقەیە.

(٢) پێویستە لەکاتی قەرزداندا نوسراو هەبێت، وە کاتی دانەوەی دیاریکراو بێت، وە شایەتیش هەبێت.

(٣) پێویستە لەسەر موسڵمان هۆکار بگرێتە بەر پاشان پشت بەخوا ببەستێت.

(٤) هەر شتێك بە خوای گەورە بسپێردرێت، ئەوا پەروەردگار دەی پارێزێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « إِذَا اسْتُودِعَ اللَّهُ شَيْئًا حِفِظَهُ »[٢] واتە: ئەگەر شتێك بە خوای پەروەردگار بسپێردرێت ئەوا دەی پارێزێت.

(١) صَحِيح: أَخْرَجَهُ ابن مَاجَه فِي الْسنَن (٢٤٣٠)، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (٥٧٦٩) .

(٢) صَحِيح: صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (١٧٠٨)، وَفِي السِلسِلة الصَحِيحَة (٢٥٤٧) .

(٥) ئەگەر موسڵمان نیەتی پاك بێتو نیەتی دانەوەی قەرزی هەبێت ئەوا خوای گەورە کار ئاسانی بۆ دەکات تاکو ئەو کەسە قەرزەکەی بداتەوە.

(٦) دانەوەی ئەمانەتو وەفا بەرامبەر بە خاوەن ئەمانەت واجبە، وە دروست نییە قەرز لەکاتی دیاریکراودا دوابخرێت، چونکە هەرکەسێك لە دونیادا قەرزەکەی نەداتەوە ئەوا لە ڕۆژی دواییدا لەچاکەکانی قەرزی پێدەدرێتەوە.

الْقِصَّة الْعَاشِرَة:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ(ﷺ) قَالَ «بَيْنَا رَجُلٌ بِفَلاَةٍ مِنَ الأَرْضِ فَسَمِعَ صَوْتًا فِي سَحَابَةٍ اسْقِ حَدِيقَةَ فُلاَنٍ فَتَنَحَّى ذَلِكَ السَّحَابُ فَأَفْرَغَ مَاءَهُ فِي حَرَّةٍ فَإِذَا شَرْجَةٌ مِنْ تِلْكَ الشِّرَاجِ قَدِ اسْتَوْعَبَتْ ذَلِكَ الْمَاءَ كُلَّهُ فَتَتَبَّعَ الْمَاءَ فَإِذَا رَجُلٌ قَائِمٌ فِي حَدِيقَتِهِ يُحَوِّلُ الْمَاءَ بِمِسْحَاتِهِ فَقَالَ لَهُ يَا عَبْدَ اللَّهِ مَا اسْمُكَ قَالَ فُلاَنٌ لِلاِسْمِ الَّذِى سَمِعَ فِي السَّحَابَةِ فَقَالَ لَهُ يَاعَبْدَ اللَّهِ لِمَ تَسْأَلُنِي عَنِ اسْمِي فَقَالَ إِنِّي سَمِعْتُ صَوْتًافِي السَّحَابِ الَّذِى هَذَا مَاؤُهُ يَقُولُ اسْقِ حَدِيقَةَ فُلاَنٍ لاِسْمِكَ فَمَا تَصْنَعُ فِيهَا قَالَ أَمَّا إِذَا قُلْتَ هَذَا فَإِنِّي أَنْظُرُ إِلَى مَا يَخْرُجُ مِنْهَا فَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثِهِ وَآكُلُ أَنَا وَعِيَالِي ثُلُثًا وَأَرُدُّ فِيهَا ثُلُثَهُ»[١].

---

(١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٧٣٩٨) .

چیرۆکی دەیەم:

هــاوەڵی خۆشەویســـت (أَبِي هُرَيْـرَةَ (رضي الله عنه)) دەفــەرمووێت: پێغەمبــەری خـــوا (ﷺ) فەرموویەتی: لەکاتێکدا پیاوێك لەدەشتێکدا (بیابانێکدا) بوو، گوێی لە دەنگێك بـوو بە هەورێکی دەووت: باخو بێستانی فلانەکەس ئاو بدە، ئینجا هەورەکـەش ئاوەکـەی کـرد بەسەر زەوییـەکی بـەردەڵانی ڕەشـدا (زەویەکـە پڕبـوو لەبـەرد)، سـەیری کـرد ئاوەکـە هــەمووی بــە جۆگەلەیەکـدا ڕۆیشــت، وە پیاوێــك بــەپێوە وەســتابوو لــە نــاو بــاخ وبێستانەکەیدا بەبێڵەکەیەوە ئاو دێری دەکات، ئـەمیش بـە پیـاوە باخەوانەکـەی ووت: ئەی بەندەی خوا ناوت چییە؟ پیاوە باخەوانەکەش ووتی: فلان (ناوی خۆی پـێ ووت)، هەر ئەو ناوە بوو کە گوێی لێ بوو لە هەورەکـە بیسـتی، پیـاوە باخەوانەکـە پێـی ووت: ئەی بەندەی خوا بۆ لە ناوی من دەپرسی؟ ئەمیش ووتی: چونکە گوێم لە دەنگێك بـوو لە هەورەوە دەیووت: ئەمە ئاوەکەیەتی ئـاوی بـاخو بێسـتانی فلانەکـەس ئـاو بـدە، وە ناوی تۆی هێنا! پیاوەکەش بە باخەوانەکەی ووت: ئایا تۆ چی لە بەرو بوم وحاصـلاتی ئـەم بـاخو بێسـتانە دەکـەیت؟ پیـاوە باخەوانەکـەش ووتـی: مـن چاوەڕێی بـەرو بـومو حاصـلاتی ئـەم بـاخو بێسـتانە دەکـەم ئینجا هـەرکات پێگەیشـت، ئـەوا (سـێ یـەکی) لێدەکــەم بــەخێرو صــەدەقە (بــۆ فــەقیرو هــەژاران)، وە (ســێ یــەکی) لەگــەڵ مــاڵو منداڵەکەمدا دەیخۆین، وە (سێ یەکی) بۆ بنەتۆو دەهێڵمەوە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) خوای گەورە چەند مەلائیكەیەكی تایبەت كردووە بە هەورو باران بۆ ئاودانی باخو بێستانو كشتوكاڵی ئەوكەسانەی كە خێرو صەدەقە دەدەن بە هەژارانو لێقەوماوان.

(٢) یەكێك لە دەرگاكانی بەهەشت ناوی خێرو صەدەقەیە (وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصَّدَقَةِ، دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّدَقَةِ)(١) واتە: هەر كەسێك كە خێروچاكە بكات، ئەوا لە دەرگایەك لە دەرگاكانی بەهەشتەوە بانگ دەكرێت بۆ ناو بە هەشت كەناوی ئەو دەرگایە (الصَّدَقَةِ)یە

(٣) مەلائیكەتەكان دوای لێخۆش بوون بۆ ئەو كەسانە دەكەن كە لە بەر خاتری پەروەردگار دەبەخشن، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبادُ فيهِ إِلَّامَلَكَانِ يَنْزِلَانِ فَيَقُولُ أَحدُهُما: اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفاً وَيَقُولُ الآخَرُ: اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفاً)(٢) واتە: هیچ ڕۆژێك نییە كە بەندەكان ڕۆژی تێدابكەنەوە ئیللا دوو مەلائیكە دێنە خوار یەكێكیان دەڵێت: ئەی خوایە ببەخشە بەو كەسەی كە دەبەخشێت لەبەر خاتری تۆ(جێگای ئەوەشی بۆ پڕ بكەرەوە كەبەخشیوێتی) وە مەلائیكەتەكەی تریان دەڵێت: ئەی خوایە ئەوكەسەی دەستی گرتۆتەوەو نابەخشێت ماڵەكەی لێ بگرەوەو لەناوی ببە.

(٤) هەر كەسێك لە پێناوی خوای پەروەردگاردا ببەخشێت، ئەوا خوای پەروەردگار جێگەی بەخشینەكەی بۆ پڕدەكاتەوە بەزیادەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٨٩٧)، ومُسْلِمٌ (٢٣٦٨) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٤٤٢)، ومُسْلِمٌ (٢٣٣٣) .

خـوای پــەروەردگار لــە فــەرموودەی قودســیدا فەرموویــەتی: (يَا ابْنَ آدَمَ أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ)[١] واتــە: ئــەی نــەوەی ئــادەم ببخشــە لــەوەی کــە پێــت بەخشــراوە(لەلایەن پەروەردگارتەوە)، ئەوا ئەوەندەی ترت پێ ئەبەخشم، ئەو کەسەی لای دەستی چەپی پێی نەزانێت لە کاتێکدا ئەم بەدەستی ڕاستی ئەبەخشێت .

(٥) بەخشین لەبەر خاتری خوای گەورە پارێزەرە لە ئاگر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَتِرَ مِنَ النَّارِ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَلْيَفْعَلْ)[٢] واتـە: هـەر کەس ئەتوانێت خۆی پەنابدات وە خۆی بپارێزێت لە ئاگر ئەگەر بەنیو لەت خورمابوو با ئەنجامی بدات .

(٦) بەخشین لەبەر خاتری خوای گەورە چارەسەرە بۆ نەخۆشی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویــەتی: (وَدَاوُوا مَرْضَاكُمْ بِالصَّدَقَة)[٣] واتــە: چارەســەری نەخۆشــەکانتان بکەن(لاشەی، دەروونی) بە بەخشین و چاکەکاری(خواردن بەخشین بێت بە هەژاران، یان پارەو سامان بێت بدرێت بە هەژاران و لێ قەوماوان) بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە هەژارن، بەڵام شاراوەن و داوا لەکەس ناکەن (لەڕوویان نایات داوا لە هیچ کەس بکەن)

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٧٤١٩)، ومُسْلِمٌ (٢٣٠٥) .
(٢) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٢٣٤٤) .
(٣) صَحِيح: صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٣٣٥٨) .

(٧) بەخشین لەبەر خاتری خوای گەورە تورەیی خوا لادەبات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (صَدَقَةَ السِّرِّ تُطْفِيءُ غَضَبَ الرَّبِّ)(١) بەخشین وچاکەکاری بە نهێنی توورەیی خوا لائەبات.

(٨) موسڵمانی ژیرو داناو تێگەیشتو ئەو کەسەیە کە یارمەتی هەژارو لێقەوماوان بدات، وە مافی خێزانیشی بدات.

(٩) یارمەتیدانی هەژاران‌و لێقەوماوان هۆکارە بۆ زیاد بوونی ڕزق‌و ڕۆزی‌و فەڕداری.

(١٠) ئەگەر ناوی کەسێکت نەزانی پێی بڵێی (عَبْد اللَّه)، واتە: ئەی بەندەی خوا.

(١١) ئەگەر کەسێك هەواڵی ناوەکەتی پرسی دروستە پێی بڵێی بۆ لە ناوی من دەپرسی؟ وەکو خاوەن باخەکە کە بەپیاوەکەی ووت. بۆ لە ناوی من دەپرسی؟

(١٢) دروستە گێڕانەوەی هەواڵی کەسێك کە خوای پەروەردگار ڕێزی لێنابێت، ئەگەر زانرا ئەو کەسە توشی فتنە نابێت.

(١٣) دروستە گێڕانەوەی هەواڵی ئەو قومانەی پێش خۆمان، بۆ ئەوەی ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئێمە، چونکە بەڕاستی لە چیرۆك‌و بەسەرهاتەکانیاندا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانێ کە ژیرو هۆشمەندن.

---

(١) صَحِيح: صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٣٧٥٩) .

الْقِصَّة الْحَادِيَة عَشر:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) « كَانَ رَجُلٌ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ، يُقَالُ لَهُ جُرَيْجٌ، وَكَانَ جُرَيْجٌ رَجُلاً عَابِدًا فَاتَّخَذَ صَوْمَعَةً فكَانَ فِيهَا فَأَتَتْهُ أُمُّهُ وَهُوَ يُصَلِّى فَقَالَتْ يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: يَا رَبِّ أُمِّي وَصَلاَتِي، فَأَقْبَلَ عَلَى صَلاَتِهِ فَانْصَرَفَتْ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ وَهُوَ يُصَلِّى فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ فَقَالَ يَا رَبِّ أُمِّي وَصَلاَتِي فَأَقْبَلَ عَلَى صَلاَتِهِ فَانْصَرَفَتْ فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ وَهُوَ يُصَلِّى فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: أَىْ رَبِّ أُمِّي وَصَلاَتِي، فَأَقْبَلَ عَلَى صَلاَتِهِ فَقَالَتِ اللَّهُمَّ لاَ تُمِتْهُ حَتَّى يَنْظُرَ إِلَى وُجوهِ الْمُومِسَاتِ، فَتَذَاكَرَ بَنُو إِسْرَائِيلَ جُرَيْجًا وَعِبَادَتَهُ وَكَانَتِ امْرَأَةٌ بَغِيٌّ يُتَمَثَّلُ بِحُسْنِهَا فَقَالَتْ إِنْ شِئْتُمْ لأَفْتِنَنَّهُ لَكُمْ قَالَ: فَتَعَرَّضَتْ لَهُ فَلَمْ يَلْتَفِتْ إِلَيْهَا فَأَتَتْ رَاعِيًا كَانَ يَأْوِى إِلَى صَوْمَعَتِهِ فَأَمْكَنَتْهُ مِنْ نَفْسِهَا فَوَقَعَ عَلَيْهَا فَحَمَلَتْ فَلَمَّا وَلَدَتْ قَالَتْ هُوَ مِنْ جُرَيْجٍ، فَأَتَوْهُ فَاسْتَنْزَلُوهُ وَهَدَمُوا صَوْمَعَتَهُ وَجَعَلُوا يَضْرِبُونَهُ فَقَالَ مَا شَأْنُكُمْ؟ قَالُوا زَنَيْتَ بِهَذِهِ الْبَغِيِّ فَوَلَدَتْ مِنْكَ فَقَالَ: أَيْنَ الصَّبِيُّ؟ فَجَاءُوا بِهِ فَقَالَ: دَعُونِى حَتَّى أُصَلِّيَ فَصَلَّى فَلَمَّا انْصَرَفَ أَتَى الصَّبِيَّ فَطَعَنَ فِي بَطْنِهِ وَقَالَ يَا غُلاَمُ مَنْ أَبُوكَ قَالَ فُلاَنٌ الرَّاعِي قَالَ: فَأَقْبَلُوا عَلَى جُرَيْجٍ يُقَبِّلُونَهُ وَيَتَمَسَّحُونَ بِهِ وَقَالُوا نَبْنِي لَكَ صَوْمَعَتَكَ مِنْ ذَهَبٍ قَالَ: لاَ أَعِيدُوهَا مِنْ طِينٍ كَمَا كَانَتْ فَفَعَلُوا[1].

چیرۆکی یانزەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك هەبوو لە ئوممەتانی پێش ئێوە (لە بەنی ئیسرائیل)، پێی دەووترا

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٤٨٢)، ومُسْلِمٌ، (٦٤٥٥) .

جورەیج، جورەیج پیاوێکی خواپەرست بوو، شوێنێکی بۆ خۆی دابین کردبوو (لەو شوێنەدا بەندایەتی تێدادەکرد بۆ خوا) جارێکیان جورەیج نوێژی دەکرد (نوێژی سوننەت) دایکی هات بۆلای‌و پێی ووت: کوڕم جورەیج، جورەیج لەدڵی خۆیدا ووتی: پەروەردگار دایکم یان نوێژەکەم، ئینجا نوێژەکەی هەڵبژارد (واتە: بەردەوام بوو لەسەر نوێژەکەی)، دایکی ڕۆیشت، بۆ بەیانی بەهەمان شێوە دایکی هاتەوەو جورەیج نوێژی دەکرد، پێی ووت: کوڕم جورەیج، ئەویش ووتی: پەروەردگار دایکم یان نوێژەکەم، ئینجا نوێژەکەی هەڵبژارد (بەردەوام بوو لەسەر نوێژەکەی)، دایکی ڕۆیشت، بۆ بەیانی بەهەمان شێوە دایکی هاتەوەو جورەیج نوێژی دەکرد، پێی ووت: کوڕم جورەیج، ئەویش ووتی: پەروەردگار دایکم یان نوێژەکەم، ئینجا نوێژەکەی هەڵبژارد (بەردەوام بوو لەسەر نوێژەکەی)، ئینجا دایکی ووتی: خوایە مەیمرێنە تاکو ڕووخساری داوێن پیسان دەبینێت، بەنی ئیسرائیلیەکان کەوتنە باسکردنی جورەیج‌و بەندایەتیەکەی، وە ئافرەتێك بەد ڕەوشت (داوێن پیس) هەبوو کە نموونە بوو لە جوانیدا، ئافرەتەکە ووتی: ئەگەر ئێوە بتانەوێ ئەوا من جورەیج لەخشتە دەبەم (توشی فیتنەی دەکەم)، ئینجا ئافرەتەکە چوو بۆلای جورەیج‌و (ڕێگەی پێگرت بەوەی کاری داوێن پیسی لەگەڵدا بکات)، بەڵام جورەیج گوێی پێ نەدا، ئافرەتەکەش چوو بۆلای شوانێك کە ئەو شوانە سەردانی جورەیجی دەکرد، ئافرەتەکە لەگەڵ شوانەکەدا کاری داوێن پیسی کردو سکی پڕبوو (واتە: حامیلە بوو لەو شوانە)، کاتێك کەمنداڵەکەی بوو، ئافرەتە داوێن پیسەکە ووتی: ئەم منداڵە لە جورەیجە، ئینجا خەڵکەکە چوون بۆلای جورەیج‌و ئەو شوێنەی کە جورەیج بەندایەتی تێدا دەکرد ڕووخانیان وتێکیاندا، وە دەستیان کرد بەلێدانی

جورەیج، جورەیجی خواپەرست ووتی: چیتانە بۆچی وام لێدەکەن‌و لێم دەدەن؟ خەڵکەکەش ووتیان: تۆ لەگەڵ ئەم ئافرەتە کاری داوێن پیسیت کردووەو منداڵت لێی بووە، جورەیج ووتی: کوا منداڵەکە؟ خەڵکەکەش منداڵەکەیان بۆهێنا، جورەیج ووتی: وازم لێ بێنن با نوێژبکەم، پاشان نوێژی کردو کاتێك لێ بووەوە، هات بۆلای منداڵەکەو دەستی هێنا بەسکی منداڵەکەداو ووتی: کورە باوکت کێیە؟ منداڵەکەش هاتە زمان‌و ووتی: فلانە کەسی شوان، ئینجا خەڵکەکە ڕوویان کردە جورەیج‌و ماچیان دەکردو دەستیان پێدا دەهێناو پاشان خەڵکەکە بە جورەیجیان ووت: شوێنێك جێگەیەکت بۆ دروست دەکەینەوە لە ئاڵتون وزیو؟ جورەیج ووتی: نەخێر، بەڵکو وەکو خۆیم بۆ لێبکەنەوە کە لەگڵ دروست کرابوو، خەڵکەکەش شوێنەکەیان بۆ دروستکردەوە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) وەڵامدانەوەی دایك لە پێشترە لە نوێژی سوننەت، چونکە وەڵامدانەوەی دایك پێویست (واجب)ە، وە واجبو پێویست پێش سوننەت دەخرێت .

(٢) گیرابوونی پاڕانەوەی دایك، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (ثَلاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لا شَكَّ فِيهِنَّ: وَدَعْوَةُ الْوَالِدِ عَلَى وَلَدِهِ)[١] واتە: سێ نزاو پاڕانەوە هەیە وەڵامدراوەن هیچ گومانێکی تێدانییە: وە پاڕانەوەی دایك لە منداڵەکەی یان بۆمنداڵەکەی

(٣) هەرکەسێك ڕاست بکات لەگەڵ خوادا ئەوا هیچ بەڵاو فیتنەیەك زیانی پێ ناگەیێنێت.

(١) صَحيح: أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد وَالتِّرْمِذِيّ، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٣٠٣١) .

(٤) بەهێزی باوەڕی جورەیج منداڵێکی تازە لەدایك بوو دێتە قسە بەهۆی پاڕانەوەكەی.

(٥) هەركەسێك لەكاتی خۆشیدا خوا بناسێتو بەندایەتی بۆبكات، ئەوا خوای گەورە لەكاتی تەنگانەدا بەتەنگیەوە دێت .

(٦) هەركەسێك كاری داوێن پیسیو بەد ڕەوشتی بكات، ئەوا سومعەو ڕێزو سەنگی نامێنێت لەناو خەڵكیدا .

(٧) تاقیكردنەوەی خوای پەروەردگار بۆ بەندە صاڵحەكان، تاچەندە ئارامگرن بەرامبەر بە ناڕەحەتی دونیا، هەروەك چۆن جورەیجی خواپەرست تاقیكرایەوە بەوەی كە ماڵەكەیان ڕووخانیاندو تێكیانداو دەستیان كرد بەلێدانیو قسەی ناشرین پێی.

(٨) نوێژ تەنها تایبەت نەبووە بەم ئوممەتەوە، بەڵكو ئوممەتانی تریش نوێژیان لەسەر بووە، بەڵام جیاوازی هەبووە لەگەڵ نوێژی ئەم ئوممەتەدا .

(٩) مرۆڤی باوەڕدار لەكاتی ناخۆشیو ئازارو پەژارەدا پەنا دەبات بۆ نوێژ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿وَٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ ﴿٤٥﴾﴾ واتە: وە پشت ببەستن بەنوێژو ئارامگرتن (بۆگەیشتن بە ئامانج)، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر كارێكی ناخۆشو ناڕەحەت بهاتایەتە پێش ئەوا نوێژی دەكرد (إِذَا حَزَبَهُ أَمْرٌ صَلَّى)[1] .

(١٠) لە دوای ناڕەحەتی ناخۆشیەك خۆشیو ئاسودەیی بەدوادا دێت .

---

[1] حسَن: أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٤٧٠٣) .

(١١) دروستە بیرکردنەوە لە ناو نوێژدا بۆ وەڵامی کاری بەرژەوەندی وەك چۆن : جورەیجی خواپەرست دەی ووت: پەروەردگار دایکم یان نوێژەکەم، ئینجا نوێژەکەی هەڵ دە بژاردو بەردەوام دەبوو لەسەر نوێژەکەی، وە یان کاتێك نوێژی لێ تێك دەچێت بیر لەوە بکاتەوە ئایا سوژدەی سەهوو ببات یان نا، چونکە لە بەرژەوەندی نوێژەکەیە.

(١٢) فێڵو نەخشەو پلانی ئافرەتی داوێن پیس زۆر گەورەو مەترسی دارە .

(١٣) خۆ بەکەم زانینو دونیانەویستی جورەیجی خوا پەرست بەوەی کە خەڵکەکە پێیان ووت: شوێنێك جێگەیەکت بۆ دروست دەکەینەوە لە ئاڵتونو زیو؟ جورەیج ووتی: نەخێر، بەڵکو وەکو خۆیم بۆ لێبکەنەوە کە لەگڵ دروست کرابوو.

الْقِصَّة الْثَّانِية عَشر:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: «بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِى بِطَرِيقٍ، وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ فَأَخَذَهُ فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ، فَغفَرَ لَهُ»[١] وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيّ(ﷺ) قَالَ: «لَقَدْ رَأَيْتُ رَجُلاً يَتَقَلَّبُ فِى الْجَنَّةِ فِى شَجَرَةٍ قَطَعَهَا مِنْ ظَهْرِ الطَّرِيقِ كَانَتْ تُؤْذِى النَّاسَ»[٢].

چیرۆکی دوانزەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لە کاتێکدا پیاوێك بەرێگەدا دەڕۆیشت، لقە دارێکی دڕکاوی دەبینێت ولای دەبات لەسەر ڕێگاکەو دوری دەخاتەوە، خوای گەورە ئەوکارەی لێ وەرگرت و سوپاسی کردو لێی خۆشبوو، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێکم بینی لە بەهەشتدا لە خۆشیو نازو نیعمەتا بوو، چونکە دارێکی لەسەر ڕێگە بڕیی بووەوە، کە ئەو دارە خەڵکی ئازار دەدا .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) ڕێگەو بان مافی هەیە، یەکێك لەمافەکانی ئەوەیە کاتێك نارەحەتییەك لەسەر ڕێگە دەبینیت، وەك (دڕكو دارو بەردو ئاسنو هتد) لای ببەی .

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٤٧٢)، ومُسْلِمٌ (٦٦١٢) .

(٢) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٦٦١٤) .

(٢) فـەزڵ‌و پاداشـتی لابردنـی نارەحـەتی‌و ئـازار پێگەیانـدن لەسـەر ڕێگـەوبان، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: (مَنْ رَفَعَ حَجَرًا مِنَ الطَّرِيقِ كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةٌ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ حَسَنَةٌ دَخَلَ الْجَنَّةَ)[1] واتـە: هـەر کەسـێك بـەردێك لەسـەر ڕێگـەو بـانی خـەڵکی لابداتو دووری بخاتـەوە، ئـەوا چـاکەیەکی بـۆ دەنوسـرێت، وە هەرکەسـێکیش چـاکەی هەبێت دەچێتە بەهەشتەوە .

(٣) کردەوەی خێر هەرچەندە کەم بێت پاداشـتی زۆری لەسـەر، هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبِي بَرْزَةَ الأَسْلَمِيِّ (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شـتێکم فێربکـە کەسـودی لـێ وەربگـرم؟ ئـەویش فـەرمووی: « اعْزِلِ الأَذَى عَنْ طَرِيقِ الْمُسْلِمِينَ »[2] واتە: نارەحەتی وئازار پێگەیاندنی سەر ڕێگەو بانی موسڵمانان لابدە .

(٤) موسڵمان دەتوانێت لەیەك کاتدا گەورەترین‌و بچوکترین خێرو چاکە ئـەنجام بـدات، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووبـەتی: « الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ »[3] .

واتە: باوەڕ (ئیمان) حەفتاو ئەوندە بەشە، یان شەست‌و ئەوەنـدە بەشـە، گـەورەترین‌و چاکترینیان، ووتنی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)یە، وە بچوکترین‌و نزمترینیان، لابردنـی نارەحـەتی‌و ئێش‌و ئازارە لەسەر ڕێگای خەڵکی .

---

(١) حسَن: أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الْمُعْجَمِ الْكَبِيرِ، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (٦٢٦٥) .

(٢) أَخْرَجه مُسْلِمٌ (٦٦١٦) .

(٣) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (١٦٢) .

الْقِصَّة الثَّالِثَة عَشر:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) قَالَ «نَزَلَ نَبِيٌّ مِنَ الأَنْبِيَاءِ تَحْتَ شَجَرَةٍ، فَلَدَغَتْهُ نَمْلَةٌ، فَأَمَرَ بِجِهَازِهِ فَأُخْرِجَ مِنْ تَحْتِهَا ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَأُحْرِقَتْ فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَيْهِ، فَهَلاَّ نَمْلَةً وَاحِدَةً»[١]. وَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) « أَنَّ نَمْلَةً قَرَصَتْ نَبِيًّا مِنَ الأَنْبِيَاءِ فَأَمَرَ بِقَرْيَةِ النَّمْلِ فَأُحْرِقَتْ فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَيْهِ أَفِي أَنْ قَرَصَتْكَ نَمْلَةٌ أَهْلَكْتَ أُمَّةً مِنَ الأُمَمِ تُسَبِّحُ »[٢] .

چیرۆکی سیانزەیەم:

هـــاوەڵی خۆشەویســـت (أَبِي هُرَيْـرَةَ(رضي الله عنه) دەفـــەرموویّت: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فەرموویـــەتی: پێغەمبـــەرێك لـــە پێغەمبـــەران (عليه السلام) هـــەواری خســـت لـــەبن دارێکـــدا، مێرولەیەك گەستی (گازی لێگرت)، ئینجا پێغەمبەرەکـە (عليه السلام) فـەرمانی کـرد کـە جل وجێگـــەو خواردنەکـــەیان هـــەڵ بگـــرن لـــەبن ئـــەو دارەدا، پاشـــا فـــەرمانی کـــرد شـــارە مێرولەکەیان سوتان، خوای پەروەردگار وەحی بۆنارد، ئەی بۆچی تەنها یـەك مێرولـەت نـە ســوتان (ئـەو مێرولەیـەی کـە گـازی لێگرتــی)، وە لـە ڕیوایـەتێکی تــردا هــاوەڵی خۆشەویســـت (أَبِي هُرَيْـرَةَ (رضي الله عنه) دەفـــەرموویّت: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فەرموویـــەتی: مێرولەیەك گازی لە پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکان گـرت، ئینجـا پێغەمبەرەکـە فـەرمانی کـرد کـە شـارە مێرولەکـە بسـوتێنن، وە خـوای پـەروەردگار سروشـی بۆنـارد، ئایـا

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٥٧٩٨) ومُسْلِمٌ (٥٨١١) .

(٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٣١٩) ومُسْلِمٌ (٥٨١٠) .

مێرولەیەك گازی لێگرتی، بەڵام تۆ ئوممەتێك (گـەلێك)کت لـە نـاو بـرد کـە تەسـبیحاتو ستایشی خوایان دەکرد .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) لەئایینی ئوممەتانی پێش ئوممەتی ئیسلامدا دروست بووە کە مێرولە بسـوتێنرێت، بەڵام لەشەرعی ئەم ئوممەتەدا دروست نییەو قەدەغەکراوە کە سزای مارو مێـرو بـدرێت بەئاگر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « إِنَّهُ لاَ يَنْبَغِي أَنْ يُعَذِّبَ بِالنَّارِ إِلاَّ رَبُّ النَّارِ »[(١)] واتە: بۆ هیچ کەس دروست نییە کە سزای خـەڵکی بـدات بـە ئـاگر جگـە لـە خـوای گەورە .

(٢) کوشتنی مێرولە قەدەغەکراوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (نَهَى عَنْ قَتْلِ أَرْبَعٍ مِنَ الدَّوَابِّ النَّمْلَةُ وَالنَّحْلَةُ وَالْهُدْهُدُ وَالصُّرَدُ)[(٢)] واتە: قەدەغەکراوە لە کوشتنی چوار گیانەوەر ئەوانیش: مێرولەو هەنگو پەپووسلێمانکەو واشە .

(٣) مێرولە تەسبیحاتو ستایشی خوای گەورە دەکات .

---

(١) صَحيح: أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٢٤٢٥) .

(٢) صَحيح: أَخْرَجَهُ أَبُودَاوُد وَابن مَاجَه وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع(٦٩٦٨).

(٤) هەندێك لەزانایان دەفەرموون: ئەگەر مێروله لەماڵدا هەبوو، ئەوا ئەتوانیت گازی لیٚ نزیك بكەیتەوە بۆ ئەوەی ئاگادار ببێتەوەوبڕوا، وە بە ویستی خوا دەڕوات، وە ئەگەر هەر نەڕۆیشت وبێزاری دەكردی، ئەوا دەتوانیت بیكوژیت نەك بیسوتێنیت[١] .

الْقِصَّة الرَّابِعَة عَشر:

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيّ (رضي الله عنه) أَتَى النَّبِيُّ (ﷺ) أَعْرَابِيًّا فَأَكْرَمَهُ فَقَالَ لَهُ: ائْتِنَا، فَأَتَاهُ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم) سَلْ حَاجَتَك، فَقَالَ: نَاقَة بِرَحْلِهَا، وَأَعْنزاً يَحْلِبُهَا أَهْلِى! فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) أَعَجَزْتُمْ أَنْ تَكُونُوا مِثْلَ عَجُوز بَنِي إِسْرَائِيل، فَقَالَ الصَّحَابَة: يَا رَسُول اللَّه وَ مَا عَجُوز بَنِي إِسْرَائِيل؟ قَالَ: إنّ مُوسى(عَلَيْهِمْ اَلصَّلاَةُ وَالسَّلام) لَمَّا سارَ بِبَني إِسْرَائِيل مِنْ مِصْر، ضَلُّوا الطَّرِيق، فَقَالَ: مَا هَذَا؟ فَقَالَ: عُلَمَاؤهُم: نَحْنُ نُحَدِّثُك، إِنّ يُوسُفَ (عَلَيْهِمْ اَلصَّلاَةُ وَالسَّلام) لَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتن أَخَذَ عَلَيْنَا مَوْثِقاً مِنَ الله أَنْ لاَ نَخْرُج مِنْ مِصْرَ حَتى نَنْقُلَ عظَامَهُ مَعَنا، قَالَ: فَمَنْ يَعْلَمُ مَوْضِعَ قَبْرِه؟ قَالوا: مَا نَدْرِي أَينَ قَبْرُ يُوسُفَ (عَلَيْهِمْ اَلصَّلاَةُ وَالسَّلام)، إلَاَ عَجُوزٌ مَنْ بَني إِسْرَائيل، فَبَعَث إِلَيْهَا، فَأتَتْه، فَقَالَ: دُلُّوني عَلَى قَبْر يُوسُف (عَلَيْهِمْ اَلصَّلاَةُ وَالسَّلام)، قَالَتْ: لا وَالله لا أَفعَل حَتَى تُعْطِيني حُكْمِي، قَال: وَ مَا حُكْمُك؟ قَالَتْ: أَكُونُ مَعَك في الجنّة، فَكَرِه أَنْ يُعْطِيهَا ذَلك، فَأوْحَى الله إِلَيْه أَنْ أعْطهَا حُكْمَها، فَانْطَلَقَتْ بِهِن إِلَى بُحَيْرَة مَوْضِعَ مُسْتَنْقَعِ

---

(١) شَرْح رِيَاض الصَّالِحِينَ، لِلشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد بن صَالِح الْعُثَيمين (رَحِمَهُ اللَّه) .

مَاءٍ، فَقَالَتْ: أَنْضِبُوا هَذَا الماءَ فَأنضبُوا، قَالَتْ: احْفُروا وَ اسْتَخْرجوا عِظَام يُوسُف (عَلَيْهِمْ اَلصَّلاةُ وَالسَّلام) فَلَمَا أَقَلُّوهَا إِلَى الأَرْض، إِذَا الطرِيقُ مِثْلُ ضَوْءِ النَّهار[١].

چیرۆکی چواردەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيّ)(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پیاوێکی گوندنشین هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە ڕێزی لێگرتو پاشان فەرمووی: وەرە بۆلامان؟ پیاوەکەش هات بۆلای، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: داوابکە چیت پێویستە؟ پیاوە گوندنشینەکەش ووتی: ووشتریکم پێویستە بە بارەوە، وە شیریشی هەبێت بۆماڵ ومنداڵم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: سەیرم لیٚ دێت (بەلامەوە سەیرە) ناتوانن وەکو بەسەر هاتی ئەو پیرەژنەی بەنی ئیسرائیل بکەن، هاوەڵەکانیش فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو پیرەژنەی بەنی ئیسرائیل چییە؟ ئەویش فەرمووی: کاتێك موسا (عليه السلام) لەگەڵ ئوممەتەکەی دەرچوون ورۆیشتنەدەر(شەو ڕەوی پێکردن لەمیصر، ڕێگەکەیان لیٚ تێك چوو لێیان وون بوو)، ووترا: ئەمەچییە؟ ئینجا زاناکانیان ووتیان: ئێمە پێتان دەڵێین، لەکاتێکدا پێغەمبەر یوسف (عليه السلام) لەکاتی نزیك بوونەوەی مردنیدا، پەیمانو وەعدی لە باو باپیرانمان وەرگرت کە بەهیچ شێوەیەك لە میصر نەچنەدەر تاکو ئێسکانەکانی (لاشەکەی) یوسف (عليه السلام) لەگەڵ خۆیان نەبەنەدەر، فەرمووی: کیٚ شوێنی قەبرەکەی یوسف (عليه السلام) دەزانێت؟ ووترا: نازانین قەبرەکەی لە کوێدایە، جگە لە پیرەپیاوێکی بەنی ئیسرائیلی، ئینجا موسا (عليه السلام) ناردی بەشوێن

---

(١) صَحيح: أَخْرَجَهُ أَبُويَعْلى وَالْحَاكم وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي السِلسِلةالصَحِيحَة (٣١٣) .

پیرەپیاوەکەدا ئەویش هات، پێی فەرموو: پێمان بڵێ قـەبری یوسـف (عليه السلام) لەکوێیـە؟ پیرەپیاوە کەش ووتی: نا بەخوا پێتان ناڵێم تاکو ئەوەی دەمەوێت پێم نەدەن، ئەویش پێی فەرموو: حەقی تۆچییەو داوای چی دەکـەیت؟ پیرەژنەکـەش ووتـی: لەگـەڵتابم لـە بەهەشتدا! پێغەمبەر موسا (عليه السلام) پێی ناخۆش بوو ئەو حەقەی پێ بدات، چونکە ئەو داواکارییە لە دەسەڵاتی ئەودانییە، خوای گەورە وەحی بۆ موسا (عليه السلام) نارد کە حـەقی خۆی پێ بدات، ئینجا پیرەپیاوەکەش کەوتەڕێ بۆئەوەی شوێنی قەبرەکەیان پێ بڵێت، تاکو گەیشتە دەریاچەیەك گۆمێك ئاوی تێدا ڕاوەستابوو، پیرەژنەکە ووتـی: ئێـرە هـەڵ بکەنو دەری بکـەن، ئـەوانیش هەڵیانکەنـدو ئێسـکانەکانی (لاشـەکەی) یوسـف (عليه السلام) دەرکەوتو لاشەکەیان هەڵگرتو لەسەر زەوی دایان ناو بەرزیان کردەوە، پاشان ڕێگـەو بان وەك ڕۆژی لێهاتو ڕوناك بووەوە .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) ڕودانی موعجزەی پێغەمبەر یوسف (عليه السلام) بەوەی کـە ئوممەتەکـەی لـەدوای خـۆی لاشەکەی بەجێ دەهێڵن، بۆیە فەرمانی کرد بەوەی کە هەرکات مصـیریان بەجێهێشـتو چوون بۆ شام، ئەوا لاشەی پیرۆزی ئەمیش لەگەڵ خۆیان ببەن، بۆئەوەی لەگەڵ بـاوكو باپیرانیدا بنێژرێت .

(٢) ڕودانی موعجزەی پێغەمبەر یوسف (عليه السلام) لەدوای مردنی بەوەی کە ئوممەتەکەی بەجێیانهێشت ڕێگەیان لێ تێك چوو وە بەدەرکەوتنی لاشە پیرۆزەکەی ڕێگاکەیان بۆڕوون بۆوە .

(٣) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار لەکاتی نزیك بوونەوەی مردنیدا وەسیەت بکات بۆ منداڵ وخێزانو کەس‌وکاری، بەوەی کە مافی کێی لایە یان کێ مافی لایەتیو...هتد.

(٤) پێویستە کەس‌و کاری مردوو وەسیەتی مردوو جێبەجێبکەن، ئەگەر وەسیەتەکە شەرعی بوو (واتە: تاوان وهەڵەو گوناهکاری وبیدعەوگیروگرفتی تێدانەبوو، وە ئەگەر وەسیەت (تاوانو هەڵەو گوناهکاریو بیدعە گیروگرفتی تێدا بوو) ئەوا پێویستە لەسەر کەس‌و کاری مردووەکە جێبەجێی نەکەن[١] .

(٥) تامەزرۆیی بەندە صاڵحەکان بۆ بەهەشتی خوای گەورەو نەویستنی دونیا، بەوەی کاتێك پیرەژنەکە ووتی: قەبرەکەتان پێ ناڵێم تاکو پەیمانم پێنەدەی بەوەی کە لە بەهەشتدا لەگەڵتابم! خوای گەورە وەحی بۆ پێغەمبەر موسا (عليه السلام) نارد کە پەیمانو حەقی پێ بدات .

---

(١) بۆزیاتر شارەزابوونت بڕوانە پەرتوکی (أحْكام الجنَائِز وَبِدَعُها) للشيخ: محمدناصرالدين الألباني (رحمه الله).

الْقِصَّة الْخَامِسَة عَشر:

عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدري(رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ « كَانَ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ امْرَأَةٌ قَصِيرَةٌ، فَصَنَعَتْ رِجْلَيْنِ مِنْ خَشَبٍ، فَكَانَتْ تَسِيرُ بَيْنَ امْرَأَتَيْنِ قَصِيرَتَيْنِ، وَاتَّخَذَتْ خَاتَمًا مِنْ ذَهَبٍ، وَحَشَتْ تَحْتَ فَصِّهِ أَطْيَبَ الطِّيبِ الْمِسْكَ، فَكَانَتْ إِذَا مَرَّتْ بِالْمَجْلِسِ حَرَّكَتْهُ فَنَفَخَ رِيحُهُ »[١] .

چیرۆکی پانزەیەم:

هـاوەڵی خۆشەویسـت (أَبِي سَعِيدٍ الخُدري(رضي الله عنه) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتی: لە بەنی ئیسرائیل ئافرەتێکی کورتە باڵا هەبوو، نەعلی بن بەرزی بۆ خۆی دروست کردبوو لەدار، بۆئەوەی باڵای بەرز بێتو لەکاتی ڕۆیشتندا باڵا کورتی پێوە دیار نەبێت، ئینجا کاتێك کە بەنێوان دوو ئافرەتی باڵا کورتدا دەڕۆیشت، وە بازنگی ئاڵتونو خرخاڵی پێوە بوو، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا بۆلای خۆی، وە جـوانترین بـۆنی لـەخۆی دەدا، ئینجا هەرکات بەلای کۆمەڵێکدا بڕۆیشـتایە کـەپیاوانی لـێ بوایـە ئـەوا بـۆنی بـڵاو دەبووەوە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) حەرامە بۆ ئافرەتی موسڵمان بۆن لەخۆی بدات پاشان بچێتە دەرەوە، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـوویـەتی: « أَيُّمَا امْرَأَةٍ اسْتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ عَلَى قَوْمٍ لِيَجِدُوا مِنْ رِيحِهَا فَهِيَ

[١] صَحيح: أَخْرَجَهُ أَحْمَد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي سِلسِلة الأَحَادِيث الصَحِيحَة (٤٨٦) .

زَانِيَةٌ »[1] واتە: هەر ئافرەتێك بۆن لە خۆی بداتو پاشان لە ماڵ دەرچێتو پیاوانی بێگانە بۆنی ئەو ئافرەتە بکەن ئەوا ئەو ئافرەتە زیناکەرە .

(٢) ئافرەتانی بەدڕەوشت پۆشاکو نەعلو ئەو جۆرە جلو بەرگانە دەپۆشن کە دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشی خەڵکی .

(٣) نابێت پۆشاك بۆ ناوبانگ دەرکردن لەبەر بکرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « مَنْ لَبِسَ ثَوْبَ شُهْرَةٍ فِي الدُّنْيَا أَلْبَسَهُ اللَّهُ ثَوْبَ مَذَلَّةٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ أَلْهَبَ فِيهِ نَارًا »[2] واتە: هەرکەسێك لە دونیادا پۆشاك بۆ ناوبانگ دەرکردن لەبەر بکات، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پۆشاکی سەر شۆڕیو زەلیلی دەکاتە بەر ئەو کەسە، پاشان گڕو بڵێسەی تێدەکرێت .

(٤) خراپترینی ئافرەتان ئەوانەن کە جوانی خۆیان دەردەخەن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « ... وَشَرُّ نِسَائِكُمُ الْمُتَبَرِّجَاتُ الْمُتَخَيِّلاَتُ وَهُنَّ الْمُنَافِقَاتُ لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْهُنَّ إِلاَّ مِثْلُ الْغُرَابِ الأَعْصَمِ »[3] واتە: خراپترینی ئافرەتەکانتان، ئەو ئافرەتانەن کە جوانیەکانی خۆیان دەردەخەن، وە خۆیان دەڕازێننەوەو لە خۆیان ڕازینو فیزو تەکەبور دەکەن بەسەر ئافرەتانی تردا، وە بەڕاستی ئەوانە خۆیان دەشوبهێنن بە دووڕووەکانەوە، جا ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە مەگەر وەکو قەڵە بازڵە (جۆرێکە لە قەلە ڕەش) نەبێت .

---

(١) حسَن: أَخْرَجَهُ النَسائي، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٢٧٠١) .

(٢) صَحِيح: أَخْرَجَهُ ابن مَاجَه ، وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٦٥٢٦) .

(٣) صَحِيح: أَخْرَجَهُ الْبَيْهَقِي صَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٣٣٣٠) وَفِي الصَحِيحَة (١٨٤٩) .

الْقِصَّة السَّادِسَة عَشر:

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مَسْعُودٍ (رضي الله عنه)، عَنْ النَّبِيّ (ﷺ)، قَالَ: إِنَّ بني إِسْرَائِيلَ اسْتَخْلَفُوا خَلِيفَةً عَلَيْهِم، بَعْد مُوسَى فَقَامَ يُصَلِّي لَيْلَة فَوْق بَيْتِ الْمَقْدِسِ فِي الْقَمَرِ، فَذكَرَ أُمُورًا صَنَعَهَا فَخَرَج، فَتَدَلَّى بِسَبَب، فَأَصْبَحَ السَّبَبُ مُعَلَّقًا بِالْمَسْجِدِ وَقَدْ ذَهَب، قَالَ: فَانْطَلَقَ حَتَّى أَتَى قَوْمًا عَلَى شَطِّ الْبَحْرِ، فَوَجَدَهُمْ يَضْرِبُونَ أوْ (يَصْنَعُون) لَبِنًا، فَسَأَلَهُمْ: كَيْفَ تَأْخُذُونَ عَلَى هَذَا اللَّبِنِ؟ فَأَخْبَرُوهُ، فَلَبِنَ مَعَهُمْ، فَكَانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ حِيْن الصَّلاة قَام يُصَلَّى، فَرَفَعَ ذَلِكَ الْعُمَالَ إِلَى دِهْقَانِهِمْ، فَقَالَ: أن فِينَا رَجُلاً يَصْنَعُ أوْ (يَفْعُل) كَذَا وَكَذَا، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ، فَأَبَى أَنْ يَأْتِيَهُ، ثَلاثَ مَرّات، ثُمَّ إِنَّهُ جَاءَ يَسِيرُ عَلَى دَابَّتِهِ، فَلَمَّا رَآهُ فَرَّ، فَتبِعَهُ فَسَبَقَهُ، فَقَالَ: أَنْظِرْنِي أُكَلِّمْكَ كَلِمَةً، فَقَامَ حَتَّى كَلَّمَهُ، فَأَخْبَرَهُ خَبَره فَلَمّا أَخْبَرَهُ أَنَّهُ كَانَ مَلِكًا، وَأَنَّهُ فَرَّ مِنْ رَهْبَةِ رَبِّه، قَالَ: إِنِّي لأظُنني لحِقٌ بِكَ، قَالَ: فَاتّبعه فَعَبَد الله، حَتَى مَاتَا بِرُمَيْلَةِ مِصْرَ)[١] .

چیرۆکی شانزەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدِ اللَّهِ بن مَسْعُودٍ (رضي الله عنه)) دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەنی ئیسرائیل پێشەوایەکیان بۆخۆیان دانا لەدوای پێغەمبەر موسا (عليه السلام)، ئەم پێشەوایە پیاوێکی لەخواترسو بەویژدانو ژیر بوو، کاتێک کەشەو دەهات هەڵدەستا لە (بَيْتِ الْمَقْدِسِ) نوێژی دەکرد، ئینجا شەوێکیان هەستا بۆ ئەوەی خواپەرستی ونوێژ بکات، بیری کردەوە کە چەند کارێکی کردووە، خوای گەورە بەو کارە ڕازی نەبووە، بۆیە بڕیاری دا بڕواتو خۆی بشارێتەوەو واز لە پێشەوایەتی بێنێت،

(١) صَحِيح: أَخْرَجَهُ أَحْمَد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي سِلسِلَة الأَحَادِيث الصَحِيحَة (٢٨٣٣) .

بۆیە ڕۆیشت تاكو گەیشتە شوێنێك كە كۆمەڵێك كرێكاری بینی كەلە كەنار ڕوبارێك خەریكی دروستكردنی خشتن (قوڕێكی سورە بۆ دروستكردنی دیواری خانوو شتی تر بەكاردەهێنرێت)، ئینجا پرسیاری كرد لەو كرێكارانە كە بەچەند دروستی دەكەن؟ ئەوانیش هەواڵیان پێدا كەبەچەند دروستی دەكەن، وە ئەمیش وەك ئەوان دەستی كرد بە دروستكردنی خشت، ئینجا وای لێهات كە خواردنو خواردنەوەو بژێوی ڕۆژانەی لەسەر دروستكردنی خشت بڕین بوو، وە ئەگەر كاتی نوێژ بهاتایە ئەوا دەستی لەكار بەردەداو نوێژەكەی دەكرد، بۆیە كرێكارەكان ئەم هەواڵەیان بۆ پادشای وڵات باسكرد، بەوەی كە پیاوێك هەیە بەوشێوەیە كاردەكات، بۆیە پادشاكە ناردی بەشوێنیدا (چونكە ئەم كارەی پێ سەیر بوو)، بەڵام پیاوەكە نەچوو تاكوسێ جار پادشا دووبارەی كردەوە، ئینجا پادشاكە بەسواری وڵاخەوە هات بۆلای پیاوەكە (بۆشوێنی كارەكەی)، پیاوەكە كە بینیتی وا پادشاكە دێت بۆلای ڕای كرد، پادشاكە بەسواری وڵاخەكەیەوە كەوتە دوای بەڵام بۆی نەگیرا، پادشاكە كەزانیتی بۆی ناگیرێت بانگی لە پیاوەكە كرد كە بوەستێت تاكو قسەی لەگەڵدا بكات، پیاوەكە كە گوێی لە پادشاكە بوو ئەو قسەیەی كرد وەستاو باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ پادشاكە كرد، پادشاكەش كە زانیتی ئەم پیاوە پێشەوای قەومەكەی بووەو ڕای كردووە لەدەستیان، پادشاكە ووتی: گومانم وایە كە پێت گەیشتم (چونكە حاڵی ئەم پادشایەش وەك حاڵی ئەو پیاوە بوو)، ئینجا هەردووكیان پێكەوە وازیان لە پادشاییو پێشەوای هێناو دەستیان كرد بەخوا پەرستی تاكو پێكەوە مردن.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) لەبەنی ئیسرائیل پادشا هەبووە کە حەزوو ئارزوومەندی لە دواڕۆژبێت نەك لە دونیا.

(٢) پێشەوای و کاربەدەستی موسڵمانان کارێکی گەورەیەو پاداشتی زۆری هەیە ئەگەر ئەو پێشەوایە دادپەروەربێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ الْمُقْسِطِينَ عِنْدَ اللَّهِ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ عَنْ يَمِينِ الرَّحْمَنِ عَزَّ وَجَلَّ وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ الَّذِينَ يَعْدِلُونَ فِي حُكْمِهِمْ وَأَهْلِيهِمْ وَمَا وَلُوا)[١] واتە: پێشەواو فەرمان ڕەوایانی دادپەروەر لەلای خوا لە ڕۆژی دواییدا لەسەر مینبەری نورن، لەلای ڕاستی خوای گەروە، کە هەردوو لای خوای گەورە ڕاستە، ئەوانەی کە دادپەروەرن لە فەرمان ڕەواییاندا، وە لە ناو کەس و کاریاندا، وە لەناو ئەوانەشدا کە سەرپەرشتیان دەکەن .

(٣) شەونوێژ لە ئوممەتانی پێشیشدا هەبووە، ئەم پادشایە شەوانە هەڵ دەسا بۆ شەو نوێژ، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ أُمَّةٞ قَآئِمَةٞ يَتۡلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ وَهُمۡ يَسۡجُدُونَ ١١٣﴾ واتە: لە خاوەن کتێبەکان، دەستەیەك لە باوەڕدارنیان هەن کە ئایەتەکانی خوا لەکاتی شەودا دەخوێننەوەو نوێژ دەکەن و سوژدەدەبەن .

(٤) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بیرلەو کارانە بکاتەوە کە ئەنجامیداوە، ئەگەر کاری چاکی ئەنجامدابوو، ئەوا بلێت بۆ دواڕۆژ کەمە ئەو کارە، هەروەها بەکاری خراپە

---

(١) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٤٦٩٨) .

لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیدا بكات چونكە خوای گەورە لە دواڕۆژدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات.

(٥) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار هەوڵی كارو كەسابەتی حەڵاڵ بدات، وە خۆی بپارێزێت لە حەرامو قەدەغەلێكراوەكان .

(٦) موسڵمانی ژیرو دانا ئەو كەسەیە كە نوێژەكانی لەكاتی خۆیدا بكات، وە بەهۆی كارو كەسابەتەوە نوێژەكانی دوانە خات .

الْقِصَّة السَّابِعَة عَشر:

عَنْ جُنْدُبُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سُفْيَانَ الْبَجَلِيُّ (رضي الله عنه)، قَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) « كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ بِهِ جُرْحٌ، فَجَزِعَ فَأَخَذَ سِكِّينًا فَحَزَّ بِهَا يَدَهُ، فَمَا رَقَأَ الدَّمُ حَتَّى مَاتَ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: بَادَرَنِي عَبْدِي بِنَفْسِهِ، حَرَّمْتُ عَلَيْهِ الجَنَّةَ»[١] .

چیرۆكی حەڤدەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (جُنْدُب(رضي الله عنه)) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: لە ئوممەتانی پێش ئێوە پیاوێك برینێكی هەبوو، برینەكەی كێمو زوخمی هەبوو، ئارامی نەگرت لەسەر ئازارەكەی‌و چەقۆیەكی كرد بەناو برینەكەدا بەردەوام خوێنی لێدەهات

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٦٣) .

تاکو نەزیف بوو ئینجا مرد، پەروەردگار فەرمووی بەندەکەم پەلەی کرد لەمردندا خـۆی کوشت، ئەوا منیش بەهەشتم لیٚ حەرام کرد.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) خـوای گـەورە بەنـدەکانی خـۆی تـاقی دەکاتـەوە بـە هـەموو شـتێك (بریـنداری، برسێتی، کەس‌وکار مردن، هەژاری...هتد) .

(٢) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار ئارامگربێت لەسەر تاقیکردنەوەی خوای گـەورە، چـونکە خۆگری لەسەر تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا پاداشتی زۆر گەورەی هەیە.

(٣) خوای گەورە خۆ کوشتنی حەرام کردووە.

(٤) هەرکەسێك لە دونیادا بەچی خۆی بکوژێت، ئەوا لە ڕۆژی دوایدا بەردەوام خۆی بەو شتە دەکوژێتەوەو بەوە سزا دەدرێت.

الْقِصَّة الثَّامِنَة عَشر:

عَنْ ابْنِ عُمَرَ(رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ (عُذِّبَتِ امْرَأَةٌ فِي هِرَّةٍ سَجَنَتْهَا حَتَّى مَاتَتْ فَدَخَلَتْ فِيهَا النَّارَ لاَهِيَ أَطْعَمَتْهَا وَلاَ سَقَتْهَا إِذْ حَبَسَتْهَا وَلاَ هِيَ تَرَكَتْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الأَرْضِ)[١] .

چیرۆکی هەژدەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست عَبْد اللَّه بن عُمَر(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ئافرەتێك سزا دەدرا لەسەر پشیلەیەك، بەندی کردبوو تاکو مرد، بەهۆی ئەو پشیلەیەوە چووە دۆزەخەوە، چونکە نە ئەوەبوو خۆراكو ئاوی بداتێ کە بەندی کردبوو، نە ئەوەش بوو وازی لێ بهێنێت بۆخۆی پەلەوەری سەرزەوی بخوات.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا .

(١) دروستە ڕاگرتنو بەندکردنی پشیلە، بەو مەرجەی فەرامۆش نەکرێت لە خواردنو ئاو، وە پێویستە ئەو کەسەی کە ئاژەڵ بەخێو دەکات خواردنو ئاوی بۆ دابین بکات (بەتایبەتی ئەو ئاژەڵەی کە کوێرەو نوقستانیو ناتەواویی هەیە).

(٢) هەرکەسێك ئاژەڵێك ئازارو سزابدات لە دونیادا ئەوا لە دواڕۆژدا ئەو ئاژەڵە ئەوکەسە سزا دەداتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (فَإِذَا امْرَأَةٌ تَخْدِشُهَا هِرَّةٌ قَالَ: مَا

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٣٤٨٢)، ومُسْلِمٌ (٥٨١٣) .

شَأْنُ هَذِهِ قَالُوا حَبَسْتَهَا حَتَّى مَاتَتْ جُوعًا)[١] واتە: پشیلەیەك چنگی لـە ئافرەتێـك دەداو لاشـەی دەڕنـی، ووتم: ئـەم ئافرەتـە بـۆ وای لێـدەكرێت؟ ووتـرا: لەبـەر ئـەوەی ئـەو پشیلەیەی بەند كردبوو تاكو مرد، نە ئەوەبوو خۆراكو ئاوی بداتیٚ، نە ئەوەش بوو وازی لیٚ بهێنێت بۆ خۆی پەلەوەری سەرزەوی بخوات .

(٣) هەبوونو بوونێتی ئاگری دۆزەخ، كە ئەمیش مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەیە .

(٤) حەرامە كوشتنی ئاژەڵێك كە زیانی نەبێت .

الْقِصَّة التَّاسِعَة عَشر:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (قَالَ: رَجُلٌ لأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ سَارِقٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ تُصُدِّقَ عَلَى سَارِقٍ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ لأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدَىْ زَانِيَةٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ تُصُدِّقَ اللَّيْلَةَ عَلَى زَانِيَةٍ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ عَلَى زَانِيَةٍ، لأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدَىْ غَنِيٍّ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ تُصُدِّقَ عَلَى غَنِيٍّ فَقَالَ اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ، عَلَى سَارِقٍ وَعَلَى زَانِيَةٍ وَعَلَى غَنِيٍّ، فَأُتِيَ، فَقِيلَ لَهُ: أَمَّا صَدَقَتُكَ عَلَى

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (٢٣٦٤) .

سَارِقٍ، فَلَعَلَّهُ أَنْ يَسْتَعِفَّ عَنْ سَرِقَتِهِ، وَأَمَّا الزَّانِيَةُ فَلَعَلَّهَا أَنْ تَسْتَعِفَّ عَنْ زِنَاهَا، وَأَمَّا الْغَنِيُّ فَلَعَلَّهُ يَعْتَبِرُ فَيُنْفِقُ مِمَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ)(١) .

چیرۆكی نۆزدەیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك ووتی: سوێند بەخوا ئەمشەو خێرێك دەكەم، كاتێك شەو هاتە دەرەوە خێرەكەی كردە ناو دەستی دزێكەوە (بەڵام نەی زانی كە دزە)، كە بەیانی بووەوە لە ناو خەڵكیدا باسی ئەوە دەكرا كە ئەم شەو خێر بە دز دراوە، پیاوەكەش ووتی: خوایە سوپاس‌و ستایش بۆتۆ، كە ئەو خێرە بۆ ئەو دزە بوو (ئەویش بە ویستی خوایە نەك بە ویستی من، چونكە ویست‌و فەرمانەكانی تۆ هەموویان جوانن)، دووبار ووتی: سوێند بەخوا ئەم شەو خێردەكەم، هاتە دەرەوە شەو ئەم جارەیان خێرەكەی كرد بە داوێن پیسێك، دیسان كە بەیانی بووەوە لەناو خەڵكیدا باسی ئەوە دەكرا كە ئەم شەو خێر بە داوێن پیس دراوە، پیاوەكەش ووتی: خوایە سوپاس‌و ستایش بۆتۆ، كە ئەو خێرە بۆ ئەو داوێن پیسە بوو (ئەویش بە ویستی خوایە نەك ویستی من، چونكە ویست‌و فەرمانەكانی تۆ هەموویان جوانن)، جاری سێیەم ووتی: سوێند بەخوا ئەم شەو خێردەكەم، هاتە دەرەوە شەو بەڵام ئەم جارەیان خێرەكەی دا بە دەوڵەمەندێك، دیسان كە بەیانی بووەوە لەناو خەڵكیدا باسی ئەوە دەكرا كە ئەم شەو خێر بە دەوڵەمەندێك كراوە، پیاوەكەش ووتی: خوایە سوپاس‌و ستایش بۆتۆ، كە ئەو خێرە بۆ ئەو دەوڵەمەندە بوو (ئەویش بە ویستی خوایە نەك ویستی من، چونكە ویست‌و

---

(١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ (١٤٢١)، وَمُسْلِمٌ (٢٣٥٩) .

فەرمانەکانی تۆ هەموویان جوانن)، پیاوەکە شەو خەونی بینی کە مەلائیکەتێك لە خەودا پێی ووت: بەڵام ئەو خێرەی کە کردت بە دزەکە ئومێد دەکرێتو دەگونجێت کە دەست هەڵبگرێتو واز لە دزی بهێنێت، وە ئەو خێرەی کە کردت بە داوێن پیسەکە ئومێد دەکرێتو دەگونجێت کە واز لە داوێن پیسی بهێنێت، وە ئەو خێرەی کە کردت بە دەوڵەمەندەکە ئومێد دەکرێتو دەگونجێت کە بەهۆی ئەو کارەوە پەندو ئامۆژگاری وەربگرێتو ببەخشێت لەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا .

(١) دڵسۆزیو نییەت پاکی گەورەترین هۆکارە بۆ گیرابوونی کردەوە چاکەکان.

(٢) فەزڵو گەورەیی ماڵ بەخشین، بەتایبەتی ماڵ بەخشینی نهێنی

(٣) خێرو ماڵ بەخشینی نهێنیو شاراوە تورە بوونی خوای گەورە لادەبات.

(٤) ڕازی بوون بەقەدەری خوای گەورەو سوپاسو ستایشکردنی پەروەردگار لەهەموو کاتێکدا، بەتایبەتی لە کاتی ناخۆشیدا .

(٥) دوو بارەکردنەوەی خێرو صەدەقە ئەگەر زانرا نەدراوە بە هەژارو کەسانی موستەحەقو شیاو .

الْقِصَّة الْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) (أَنَّ رَجُلاً زَارَ أَخًا لَهُ فِي قَرْيَةٍ أُخْرَى، فَأَرْصَدَ اللَّهُ لَهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكًا، فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ، قَالَ: أَيْنَ تُرِيدُ؟ قَالَ: أُرِيدُ أَخًا لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ، قَالَ: هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا، قَالَ: لاَ، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: فَإِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ)[١].

چیرۆكی بیست:

هاوەڵی خۆشەویست(أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێك چوو بۆ سەردانی برایەكی لە گوندێكی تر، خوای گەورە لەسەر ڕێگەی ئەو پیاوە مەلائیكەتێكی دانا، كاتێك پیاوەكە گەیشتەلای مەلائیكەتەكە بە پیاوەكەی ووت: بۆ كوێ دەچیت؟ پیاوەكەش ووتی: دەمەوێت بچم بۆلای برایەكم لەم گوندە، مەلائیكەتەكە ووتی: ئایا لەلای ئەو برایەت هیچ خێرو بەرژەوەندیەكت لای دەست دەكەوێت؟ پیاوەكە ووتی: نەخێر، تەنها ئەوە نەبێت كە من لەبەر خاتری خوای گەورە ئەوم خۆش دەوێت، مەلائیكەتەكە ووتی: بەڕاستی من نێردراوی خوای گەورەم بۆلای تۆ كە پێت بڵێم خوای گەورە تۆی خۆش دەوێت، وەك چۆن تۆ ئەو برایەت خۆش دەوێت لەبەر خاتری خوای گەورە.

---

(١) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٦٤٩٥) .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) باوەڕداران برای یەكترین: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ ١٠﴾ واتە: بەڕاستی تەنها باوەڕداران برای یەكترین (الْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ)[١] واتە: باوەڕدار برای باوەڕدارە.

(٢) فەزڵو گەورەیی سەردانیكردنو خۆشەویستن لەبەر خاتری پەروەردگار، (مَنْ عَادَ مَرِيضًا أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ فِي اللَّهِ نَادَاهُ مُنَادٍ أَنْ طِبْتَ وَطَابَ مَمْشَاكَ وَتَبَوَّأْتَ مِنَ الْجَنَّةِ مَنْزِلاً)[٢] واتە: هەركەسێك بچێت بۆلای نەخۆشێك یان سەردانی برایەكی بكات لەبەر خاتری پەروەردگار، ئەوا بانگەوازكارێك بانگ دەكاتو دەڵێت: خوا پاكت بكاتەوەو ڕێگەی خێروچاكەت نیشان بدرێت، وە شوێنێكیشت بۆ ئامادە بكرێت لە بەهەشتدا.

(٣) خۆشەویستی لەبەر خوا هۆكارێكە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: خوای گەورە فەرموویەتی: (وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ)[٣] واتە: خۆشەویستی خۆم پێویست كردووە بۆ ئەو كەسانەی كە لەبەر من یەكتریان خۆش دەوێت.

(٤) هەرباوەڕدارێك لەبەر خوا باوەڕدارێكی خۆش بووێت ئەوا ئەو كەسە ڕێزی لە خوای گەورە گرتووە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (مَا أَحَبَّ عَبْدٌ عَبْداً لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ إِلاَّ

---

(١) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٣٤٤٩).

(٢) حَسَن: أَخْرَجَه التِّرْمِذِيّ، وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٦٣٨٧).

(٣) صَحِيح: أَخْرَجَه أَحْمَد وَالطَّبَرَانِي وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع(٤٣٣١)

أَكْرَمَ رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ)[١] .واتە: هەر موسوڵمانێك موسوڵمانێكی خۆش بووێت لەبەر خاتری خوای پەروەردگار, ئەوا ئەو كەسە ڕێزی لە خوای پەروەردگار گرتووە.

(٦) هەركەسێكت خۆش بووێت لە دونیادا لە قیامەتیشدا لەگەڵ ئەودادەبیت، پیاوێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە قیامەت؟ ئەویش فەرموویەتی: چیت بۆ ئامادەكردووە، پیاوەكەش ووتی: خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەكەی، ئەویش فەرمووی: «إِنَّك مَعَ مَنْ أَحْبَبْت»[٢] واتە: تۆ لەگەڵ خۆشەویستتدایت، هەروەها فەرموویەتی: « الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ » واتە پیاو لەگەڵ خۆشەویستیدایە .

---

(١) حسَن: أَخْرَجه أَحْمَد وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٥٥١٦) .

(٢) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٣٦٨٨)، ومُسْلِمٌ (٦٦٥٥) .

الْقِصَّة الْحَادِيَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْب(رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ قَالَ: رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) «انْتَسَبَ رَجُلاَنِ عَلَى عَهْدِ مُوسَى (عَلَيْهِ الْصلاةُ السَّلاَم) فَقَالَ: أَحَدُهُمَا أَنَا فُلاَنُ بْنُ فُلاَنٍ حَتَّى عَدَّ تِسْعَةً فَمَنْ أَنْتَ لاَ أُمَّ لَكَ؟ قَالَ: أَنَا فُلاَنُ بْنُ فُلاَنٍ ابْنُ الإِسْلاَمِ، فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَى مُوسَى (عَلَيْهِ الْصلاةُ السَّلاَم) أَنَّ قُلْ: لِهَذَيْنِ الْمُنْتَسِبَيْنِ: أَمَّا أَنْتُ أَيُّهَا الْمُنْتَسِبُ إِلَى تِسْعَةٍ فِي النَّارِ، فَأَنْتَ عَاشِرُهُمْ فِي النَّارِ، وَأَمَّا أَنْتَ أَيهَا الْمُنْتَسِبُ إِلَى اثْنَيْنِ فِي الْجَنَّةِ فَأَنْتَ ثَالِثُهُمَا فِي الْجَنَّةِ»[1].

چیرۆکی بیست و یەکەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ(رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: دوو پیاو نەژادو ڕەچەڵەکی خۆیان باسکرد لەسەردەمی پێغەمبەر موسادا(عليه السلام)، یەکێکیان ووتی: من فلانی کوڕی فلانم تاکو نۆ پشتی خۆی ژمارد (فەخرو شانازی کرد بەسەریدا)، ئینجا بە پیاوەکەی تری ووت: تۆ کێی دایکت نییە (بەچاوێکی سوك و ڕیسوایی سەیری کرد)؟ ئەویش ووتی: من فلانی کوڕی فلانم و کوڕی ئیسلامم، خوای گەورە سروشی بۆ پێغەمبەر موسا(عليه السلام)، نارد کە بەو دوو پیاوە بڵێت: باسی نەژادو ڕەچەڵەکی خۆیان کرد، ئەویان کە تاکو نۆ پشتی ژمارد هەر نۆیان لە ئاگردان و ئەویش دەیەمیانە، وە ئەوەیان کە دوو پشتی خۆی ژمارد هەر دووکیان لە بەهەشتدان و ئەویش سێ یەمیانە لەبەهەشتدا.

---

(١) صَحيح: أَخْرَجَه أَحْمَد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (١٤٩٢) .

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) خوای گەورە كەسانێكی خۆش ناوێت فەخرو شانازی بكەن بەسەر خەڵكیدا، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ۝١٨﴾ واتە: بەڕاستی خوای گەورە ئەو كەسانەی خۆش ناوێت كە خۆهەڵكێش و فەخرو شانازی دەكەن.

(٢) قەدەغەكراوە خۆهەڵكێش و فەخرو شانازی كردن بە باوك و باپیرانەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (كُلُّكُمْ بَنُو آدَمَ، وَآدَمُ خُلِقَ مِنْ تُرَابٍ، لَيَنْتَهِيَنَّ قَوْمٌ يَفْخَرُونَ بِآبَائِهِمْ أَوْ لَيَكُونَنَّ أَهْوَنَ عَلَى اللهِ مِنَ الْجِعْلَانِ)[١] واتە: هەمووتان نەوەی ئادەمن، وە ئادەمیش لە گڵ دروستكراوە، یان دەست هەڵ دەگرن و وازدەهێنن كەسانێك كە فەخرو شانازی دەكەن بە باوك و باپیرانەوە، یان چۆن هەندێك جانەوەر لەلای خەڵك بێ ڕێزە (وەك كرم و قالۆنچە) ئەو كەسانەش وەك ئەو جانەوەرانە بێ ڕێزدەبن لای پەروەردگار.

(٣) نەژادو ڕەچەڵەك سوود بەكەس ناگەیەنێت لە دواڕۆژدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (...وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ)[٢] واتە: هەركەسێك لە ڕۆژی دواییدا كردەوەی خراپی هەبێت و دوای بخات، ئەوا ئەو كەسە نەژادو ڕەچەڵەكی سوودی پێناگەیەنن و پێشی ناخات و نایكاتە بەهەشتەوە.

---

(١) صَحيح: أَخْرَجَه الْبَزار وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٤٥٦٨) .

(٢) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٦٧٩٣) .

(٤) بەڕێزترین کەس لەلای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە لەخوا ترسە، ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ ﴿١٣﴾﴾ واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەو کەسانەتانە کە لە خواترسەو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات.

الْقِصَّة الثَّانِيَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (كَانَ رَجُلاَنِ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ مُتَآخِيَيْنِ، فَكَانَ أَحَدُهُمَا يُذْنِبُ، وَالآخَرُ مُجْتَهِدٌ فِي الْعِبَادَةِ، فَكَانَ لاَ يَزَالُ الْمُجْتَهِدُ يَرَى الآخَرَ عَلَى الذَّنْبِ، فَيَقُولُ أَقْصِرْ، فَوَجَدَهُ يَوْمًا عَلَى ذَنْبٍ، فَقَالَ لَهُ أَقْصِرْ؟ فَقَالَ خَلِّنِي وَرَبِّي أَبُعِثْتَ عَلَيَّ رَقِيبًا، فَقَالَ وَاللَّهِ لاَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكَ، أَوْ لاَ يُدْخِلُكَ اللَّهُ الْجَنَّةَ، فَقُبِضَ أَرْوَاحُهُمَا، فَاجْتَمَعَا عِنْدَ رَبِّ الْعَالَمِينَ، فَقَالَ لِهَذَا الْمُجْتَهِدِ، أَكُنْتَ بِي عَالِمًا؟ أَوْ كُنْتَ عَلَى مَا فِي يَدِي قَادِرًا؟ وَقَالَ لِلْمُذْنِبِ اذْهَبْ فَادْخُلِ الْجَنَّةَ بِرَحْمَتِي، وَقَالَ لِلآخَرِ اذْهَبُوا بِهِ إِلَى النَّارِ)[١].

چیرۆکی بیستو دووەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: دوو پیاو هەبوو لەبەنی ئیسرائیل وەك برا بوون یەکێکیان تاوان کار بوو ئەوی تریشیان کۆششی دەکرد لە خواپەرستی دا، بەردەوام خواپەرستەکە

---

(١) صَحيح: أَخْرَجه أَبودَاوُد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع (٤٤٥٥) .

براکەی دەبینی لەسەر تاوان پێی دەووت: دەست هەڵگرە لە تاوان بەسە، ڕۆژێکیان بینی لەسەر تاوانێك، ئەویش پێی ووت: دەست هەڵگرە؟ تاوان کارەکەش ووتی: وازم لێ بێنە توخوا خۆمو خوای خۆم، ئایا تۆ نێردراوی بە چاودێر بەسەر منەوە؟ خوا پەرستەکەش پێی ووت: سوێند بەخوا خوا لێتخۆش نابێت، یان خوا ناتکاتە بەهەشتەوە ڕوحیان کێشرا، هەردووکیان گەڕانەوە لای پەروەردگار، پەروەردگار بە خواپەرستەکەی فەرموو: ئایا تۆ زانیاریت هەبوو بەوەی کە من لێی خۆش نابم؟ پاشان بە تاوانکارەکەی فەرموو: بڕۆ بۆبەهەشت بەڕەحمو بەزەیی خۆم، وە بە خوا پەرستەکەشی فەرموو: بیبەن بۆ دۆزەخ.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار ئاگاداربێت خوای گەورە لە خۆی تورە نەکات، وە لە جیاتی خوای گەورە بڕیار نەداتو بەناوی ئەووەوە قسەنەکات.

(٢) دەبێت باوەڕدار بەو خواپەرستیو بەندایەتییەی کە دەیکات لە خۆی بایی نەبێت.

(٣) مرۆڤی باوەڕدار هەرکاتێك قسەدەکات دەبێت بیر لەسەر ئەنجامەکەی بکاتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مَا يَتَبَيَّنُ مَا فِيهَا يَهْوِي بِهَا فِي النَّارِ أَبْعَدَ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)[١] واتە: بەڕاستی بەندەی واهەیە کە قسە

(١) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٦٤٧٧)، ومُسْلِمٌ (٧٤٠٧) .

دەكاتو بیر لەسەر ئەنجامەكەی ناكاتەوە، خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەیەوە دوورتر لە نێوان خۆر هەڵاتو خۆرئاوا بەری دەداتو دەیباتە خوارەوە بە ناو ئاگردا.

(٤) لەناو خەڵكیدا كەسانێك هەن گومانیان وایە كە خەڵكی هەموویان بەهیلاك چوونو خۆیشی ڕزگاری بووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إِذَا قَالَ الرَّجُلُ هَلَكَ النَّاسُ، فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ)[١] واتە: ئەگەر پیاوێك ووتی: خەڵكی بەهیلاكا چوونە، ئەوا ئەو پیاوە خۆی لە هەموویان زیاتر بەهیلاك چووە.

(٥) خوای گەورە لە هەموو تاوانو گوناهێك خۆش دەبێت ئەگەر ویستی لێبێت جگەلە شیرك، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴿٤٨﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی خوای گەورە لەكەسێك خۆش نابێت كە هاوبەشی بۆ بڕیار بدات، بەڵام لەو بچوكتر هەرتاوانێك بێت خۆش دەبێت بۆ هەركەسێك كە ویستی لێبێتو شایەنی ئەو لێخۆش بوونە بێت.

ڕوونكردنەوەیەك:

زانای پایەبەرز (محمّد بن صَالِح الْعُثَيمين (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: ئێمە شایەتی بۆ هەموو باوەڕدارێك دەدەین كە لەبەهەشتدایە، بەڵام ئەگەر كەسێكمان بینی نوێژ دەكاتو زەكات دەداتو ڕۆژوو دەگرێتو حەج دەكاتو خێرو صەدەقە دەكاتو

---

(١) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ (٦٦٢٦) .

چاكەكارەو گوێڕایەڵی دایكو باوكێتیو سەردانی خزمو ناسیاری دەكات، ئەوا شایەتی بۆ نادەین كە ئەو كەسە لەبەهەشتدایە، چونكە ئێمە بۆمان نییە هیچ كەسێك دەستنیشان بكەین، وە ئەگەر پیاوێكی بێ باوەڕو یاخی مان بینیو قورئانی دەدڕانو دەیخستە ژێر پێیەوەو گاڵتەی بە خوای گەورەو پێغەمبەر(ﷺ) دەكرد، ئەوا ناڵێین: ئەو كەسە لە ئاگردایە، بەڵكو دەڵێین هەر كەس ئەو كارە بكات ئەوە لە ئاگردایە، بەبێ دەست نیشانكردن، چونكە دەگونجێت ئەو كەسە لە كۆتایی ژیانیدا خوای گەورە منەتی بەسەردا بڕێژێتو هیدایەتی بدات، وە تۆ نازانیت، بۆیە دەبێت جیاوازی بكرێت لە نێوان (التعيين والإطلاق، أوالتعيين والإجمال)، بۆیە بیروباوەڕی (ئەهلی سوننەو جەماعە) ئەوەیە كە شایەتی بۆ هیچ كەس نەدرێت كە لە بەهەشتدایە، وە شایەتیش بۆ هیچ كەس نەدرێت كە لە ئاگردایە، جگە لەوەی كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەست نیشانی كردووەو شایەتی بۆ داوە[١].

---

(١) بڕوانە: تَفْسِير جُزْء الذَّارِيَات آية (يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ أُفِكَ)، لِلشَّيْخِ / محمّد بن صَالِح الْعُثَيمين .

الْقِصَّة الثَّالِثَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيّ(ﷺ) قَالَ: (أُرْسِلَ مَلَكُ الْمَوْتِ إِلَى مُوسَى (عليه السلام) فَلَمَّا جَاءَهُ صَكَّهُ فَفَقَأَ عَيْنَهُ فَرَجَعَ إِلَى رَبِّهِ، فَقَالَ أَرْسَلْتَنِي إِلَى عَبْدٍ لاَ يُرِيدُ الْمَوْتَ، قَالَ: فَرَدَّ اللَّهُ إِلَيْهِ عَيْنَهُ وَقَالَ: ارْجِعْ إِلَيْهِ فَقُلْ لَهُ: يَضَعُ يَدَهُ عَلَى مَتْنِ ثَوْرٍ، فَلَهُ بِمَا غَطَّتْ يَدُهُ بِكُلِّ شَعْرَةٍ سَنَةٌ، قَالَ: أَيْ رَبِّ ثُمَّ مَهْ قَالَ: ثُمَّ الْمَوْتُ، قَالَ: فَالآنَ فَسَأَلَ اللَّهَ أَنْ يُدْنِيَهُ مِنَ الأَرْضِ الْمُقَدَّسَةِ رَمْيَةً بِحَجَرٍ، فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) « فَلَوْ كُنْتُ ثَمَّ لأَرَيْتُكُمْ قَبْرَهُ إِلَى جَانِبِ الطَّرِيقِ تَحْتَ الْكَثِيبِ الأَحْمَرِ »[١].

چیرۆكی بیست و سێ یەم:

هاوەڵی خۆشەویست(أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: مەلائیكەی گیان كێشان نێردرا بۆلای موسا (عليه السلام) كاتێك مەلائیكەتەكە (لەسەر شێوەی مرۆڤ) هات بۆلای زللەیەكی لێدا چاوی كوێر كرد، مەلائیكەتەكە گەڕایەوە بۆلای پەروەردگارو فەرمووی: منت ناردووە بۆلای بەندەیەك مردنی ناوێت، پەروەردگار چاوی چاككردەوەو فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆلایو پێی بڵێ: دەست بخەسەر پشتی گایەك، چەند تاڵ موو كەوتە ژێر دەستیەوە ئەوەندە ساڵ دەژیت، ئەویش فەرمووی: ئەی دوای ئەوەندە ساڵە؟ فەرمووی: دوای ئەوە دەمریت، پێغەمبەر موسا(عليه السلام) فەرمووی: دەی ئێستا بابمرم داوابكە لەپەروەردگار نزیكم بكاتەوە لەخاكی پیرۆز بەئەندازەی بەرد

(١) أَخْرَجَه الْبُخَارِيُّ (٣٤٠٧)، ومُسْلِمٌ، (٦١٠١) .

هاوێژێك، وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر لەلای ئەو بوایەم ئەوا قەبرەكەیم پێنیشان دەدان وا لە كەناری ڕێگەكەدا لەژێر كۆمەڵە لمێكی سوردایە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

(١) مەلائیكە لەسەر شێوەی مرۆڤەكان دێن بۆ سەر زەوی بۆلای مرۆڤەكان.

(٢) مردن ڕێگەیەكی حەتمیە، بۆ هەموو مرۆڤێك، وە هەموو نەفسێك دەبێت بمرێت.

(٣) مرۆڤەكان حەز بەمردن ناكەنو مردنیان پێ ناخۆشە، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (اثْنَتَانِ يَكْرَهُهُمَا ابْنُ آدَمَ: الْمَوْتُ وَالْمَوْتُ خَيْرٌ لِلْمُؤْمِنِ مِنَ الْفِتْنَةِ ...)[١] واتە: ئادەمیزاد دوو شتی پێ ناخۆشە: مردنی پێ ناخۆشەو حەزی پێناكات بەڵام مردن باشترە بۆی لە توش بوون بە فیتنەو گومڕاییو تاوانو گوناە.

(٤) پێغەمبەران لە كاتی مردنیاندا موخەیەر دەكرێن، لە نیوان مردنو ژیاندا، (مَا مِنْ نَبِيٍّ يَمْرَضُ إِلاَّ خُيِّرَ بَيْنَ الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ)[٢]. واتە: هیچ پێغەمبەرێك نییە كە كاتی مردنی بێتە پێش ئیللا ئازادە بۆ هەڵبژاردن لە نێوان مردنو ژیانی دونیادا.

(٥) فەزڵو گەورەیی ناشتن لە خاكی پیرۆز (الأَرْضِ الْمُقَدَّسَةِ).

---

(١) صَحيح: أَخْرَجَه أَحْمَد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (١٣٩) .

(٢) صَحيح: أَخْرَجَه ابن مَاجَه وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (٥٧٩١) .

ڕونکردنەوەیەک /

هەنێك لەبیدەعەچی‌و گومڕاکان دەڵێن: چۆن دەبێت پێغەمبەر موسا (عليه السلام) چاوی مەلائیکەی ڕۆح کێشان کوێر بکات؟ بۆ وەڵامی ئەم شوبهەیەو ڕەت دانەوەی دەچینە لای **پێشەوا**(النَّوَوِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە ووتەی زانایانی ترمان پێ ڕادەگەیێنێت‌و دەفەرموێت: زانایان وەڵامی ئەم شوبهەیان داوەتەوە بە چەند وەڵامێ، لەوانە:

یەکەم: هیچ ڕێگرییەك نییە کە خوای گەورە ڕێگەی پێدابێت بەوەی کە چاوی کوێربکات، وە دەگونجێت تاقیکردنەوەیەکیش بێت بۆ مەلائیکەی ڕۆح کێشان (مَلَكُ الْمَوْتِ)، وە خوای گەورە ویستی چۆن بێت دەبێت ئەوە ببێت، وە تاقیشیان دەکاتەوە چۆنی بوێت.

دووەم: پێغەمبەر موسا (عليه السلام) نەیزانی کە ئەو مەلائیکەی گیان کێشانەو لەلای پەروەردگارەوە نێردراوە، وای زانی کە پیاوێکی بێگانەیەو بۆ زیان پێگەیاندنی هاتووە، بۆیە ئەویش بەرگری لە خۆی کردووە، وە نەیشی ویستووە کە کوێری بکات، چونکە (زللە یان شەپازللەیەکی لێداوە(صَكَّهُ: أي لَطَمهُ)، ئەمە بۆچوونی ئیمامی (أَبِي بَكْر بْن خُزَيْمَةَ)و جگە لەوانیشە، هەروەها (الْمَازِرِيّ وَالْقَاضِي عِيَاض) یش دەفەرموون: هیچ بەڵگەیەك نییە کە پێغەمبەر موسا (عليه السلام) بە ئەنقەست چاوی کوێر کردبێت، وە ئەگەر بشووترێت: ئەی جاری دووەم پێغەمبەر موسا (عليه السلام) دانی پیانا کە ئەو مەلائیکەی ڕۆح کێشانە؟ وەڵامی دەدەینەوە بەوەی کە جاری دووەم هاتەوە بۆلای نیشانەی پێی بوو

کە دەناسرایەوە کە مەلائیکەی ڕۆح کێشانە، بۆیە خۆی دایە دەستیو تەسلیم بوو، خوای گەورەش لە هەموو کەس زاناترە[١].

وە پێشەوا(اِبْن حَجَرٍ) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) زانیارییەکی ترمان دەداتێ بەوەی کە دەفەرمووێت: دەڵێت: پێغەمبەران لە کاتی مردنیاندا موخەیەر دەکرێن، لە نیوان مردنو ژیاندا، ئەمیش ئاگادار نەکراوەتەوە پێش مردنی، بۆیە جاری دووەم کە ئاگادار کرایەوەو موخەیەر کراو مەلائیکەتەکە خۆی ناساند ئەمیش خۆی دایە دەستیو تەسلیم بوو، وەئەم ووتەیە لە هەموویان بەهێزترەو نزیکترە لە ڕاستیەوە، خوای گەورەش لە هەموو کەس زاناترە[٢].

---

(١) شَرْح النَّوَوِيّ عَلى مُسْلِمٌ (٤٣٧٤/١٠٣/٨) .

(٢) فَتْح الْبَارِي شَرْح صَحِيح الْبُخَارِيُّ (٣١٥٥/٢٠٤/١٠) .

الْقِصَّة الرَّابِعَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (إِنَّ مُوسَى كَانَ رَجُلاً حَيِيًّا سِتِّيرًا، لاَ يُرَى مِنْ جِلْدِهِ شَيْءٌ اسْتِحْيَاءً مِنْهُ، فَآذَاهُ مَنْ آذَاهُ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَقَالُوا مَا يَسْتَتِرُ هَذَا التَّسَتُّرَ إِلاَّ مِنْ عَيْبٍ بِجِلْدِهِ، إِمَّا بَرَصٌ وَإِمَّا أُدْرَةٌ وَإِمَّا آفَةٌ، وَإِنَّ اللَّهَ أَرَادَ أَنْ يُبَرِّئَهُ مِمَّا قَالُوا لِمُوسَى فَخَلاَ يَوْمًا وَحْدَهُ فَوَضَعَ ثِيَابَهُ عَلَى الْحَجَرِ ثُمَّ اغْتَسَلَ، فَلَمَّا فَرَغَ أَقْبَلَ إِلَى ثِيَابِهِ لِيَأْخُذَهَا، وَإِنَّ الْحَجَرَ عَدَا بِثَوْبِهِ، فَأَخَذَ مُوسَى عَصَاهُ وَطَلَبَ الْحَجَرَ، فَجَعَلَ يَقُولُ ثَوْبِي حَجَرُ، ثَوْبِي حَجَرُ، حَتَّى انْتَهَى إِلَى مَلإٍ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ، فَرَأَوْهُ عُرْيَانًا أَحْسَنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ، وَأَبْرَأَهُ مِمَّا يَقُولُونَ، وَقَامَ الْحَجَرُ فَأَخَذَ ثَوْبَهُ فَلَبِسَهُ، وَطَفِقَ بِالْحَجَرِ ضَرْبًا بِعَصَاهُ، فَوَاللَّهِ إِنَّ بِالْحَجَرِ لَنَدَبًا مِنْ أَثَرِ ضَرْبِهِ ثَلاَثًا أَوْ أَرْبَعًا أَوْ خَمْسًا، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ٦٩ ﴾[1].

چیرۆكی بیستو چوارەم:

هــاوەڵی خۆشەویســت (أَبِي هُرَيْـرَةَ(رضي الله عنه)) دەفــەرموویت: پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) فەرموویەتی: واتە: بەڕاستی موسا(عليه السلام) پیاوێكی شەرمنو شاراوە بوو، هیچ كات لاشەی بەڕووتی نەدەبینرا چونكە شەرمی لێیان دەكرد، ئازار دەرێك ئازاری دا لە بەنی ئیسرائیلیەكان، ووتیان: ئەم شاردنەوەیەی موسا (عليه السلام) ئیللا عەیبێك لە پێستو لاشەیدا هەیە، جا یان نەخۆشی بەڵەكی هەیە، وەیان هێلكەی گونی ئاوساوە، وە یان بەڵاو نەهامەتییەكی هەیە، وە خوای گەورەش دەیویست كە لەو تۆمەتو بوختانانە

(١) أَخْرَجَه الْبُخَارِيُّ (٣٤٠٤).

پاکی بکاتەوە کە بە موسا(عليه السلام) دەووترا، ڕۆژێکیان بەتەنها بوو پۆشاکەکەی لەسەر بەردێك داناو پاشان خۆی شۆری، وەکاتێك لە خۆشۆردن بووەوە ویستی پۆشاکەکەی ببات و لەبەری بکات، بەڵام بەردەکە بە خێرایی ڕۆیشت، وە موسا (عليه السلام) بە دارەکەیەوە دوای کەوت و لە بەردەکەی دەداو دەیفەرموو: ئەی بەرد بوەستە پۆشاکەکانم پۆشاکەکانم، تاکو گەیشتە لای کۆمەڵێك لە بەنی ئیسرائیلیەکان (ئەوانەی کە بوختانیان بۆ کرد بوو بەوەی کە لاشەی عەیبێکی هەیە)، پاشان کە بینیان لاشەی بەڕوتی و خوای گەورە لە جوانترین شێوە دروستی کردووەو بەری کرد لەو تۆمەت و بوختانانەی کە بۆیان هەڵبەستبوو، ئینجا بەردەکە وەستاو موسا (عليه السلام) پۆشاکەکەی بردو لەبەری کردو ئینجا بە دارەکەی لە بەردەکەی دەدا، پاشان فەرمووی: سوێند بەخوا شوێنەوارو شوێن لێدانی دارەکە بە بەردەکەوە دیارە، سیان یان چوار یان پێنج، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوْا۟ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟ ۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا ﴿٦٩﴾ ﴾ پەروەردگاریش فەرموویەتی: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، وەکو ئەوانە مەبن کە ئازاری موسایان دا، پەروەردگار لەو تۆمەت و بوختانانە پاراستی و پاکی کردەوە، ئەو لای خوا زۆر بەڕێزو خاوەن پلەیە

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) فەزڵو گەورەیی پێغەمبەر موسا (عليه السلام).

(٢) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بەشەرم بێت، بە تایبەتی لە بەرامبەر خوای گەورەدا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (اسْتَحْيُوا مِنَ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ)[1] واتە: شەرم بکەن لە پەروەردگار (بەوەی کە واز لە تاوانو سەرپێچی بهێننو کردەوەی چاكو باش ئەنجام بدەن) شەرمێك کە شایەن بێت بەرامبەر بە پەروەردگار.

(٣) شەرم کردن ڕێگەیەکە بەرەو بەهەشت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (الْحَيَاءُ مِنَ الإِيمَانِ وَالإِيمَانُ فِي الْجَنَّةِ)[2] واتە: شەرم کردن لە باوەڕەوەیە، وە باوەڕیش لە بەهەشتدایە (واتە: شەرم مرۆڤی باوەڕدار دەگەیێنێت بەبەهەشت) .

(٤) مرۆڤی باوەڕداری شەرمن لای پەروەردگار خۆشەویستە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ حَيِيٌّ سِتِّيرٌ يُحِبُّ الْحَيَاءَ وَالسَّتْرَ)[3] واتە: پەروەردگار بەشەرمە (بەجۆرێك کە هاوتای نییەو لەهیچ شتێك ناچێت) وە داپۆشەری عەیبو گوناهە، وە کەسێکی خۆش دەوێت کە بەشەرم بێت، وە داپۆشەری عەیبو گوناه بێت.

(٥) پێویستە هەر کات مرۆڤی باوەڕدار خۆی شۆری لە شوێنکی داپۆشراودا خۆی بشۆرێت، بۆ ئەوەی هیچ کەس نەی بینێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (فَإِذَا

---

(١) حسَن: أَخْرَجَه أَحْمَد وَالتِّرْمِذِي وَحسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (٩٣٥) .

(٢) صَحيح: أَخْرَجَه التِّرْمِذِي وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (٣١٩٩) .

(٣) صَحيح: أَخْرَجَه أَبودَاوُد وَالْنسائِي وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الْجَامِع (١٧٥٦).

اغْتَسَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَتِرْ) [١] واتە هەر کاتێك یەکێك لەئێوە ویستی خۆشۆردنی هەبوو، ئەوا با لە شوێنو جێگەیەك خۆی بشۆرێت کە داپۆشراو بێتو کەس نەیبینێت.

(٦) پێغەمبەران(عَلَيْهِ الْصلاةُ السَّلاَم) لە هەموو کەمو کورپییەك بەرینو پەروەردگار هەڵی بژاردوون، کاتێك بەنی ئیسرائیل لاشەیان بەڕوتی بینی، جوانترین شێوەی هەبوو، دڵنیابوون لەوەی کە بەهەڵەدا چوونە.

(٧) ئارامگریو لەسەرخۆی پێغەمبەران(عَلَيْهِ الْصلاةُ السَّلاَم) لەسەر ئازاردانی قەومەکانیان (ئازاردان بە ووتە، یان بە کردار) .

(٨) چەند موعجزەیەکی پێغەمبەر موسا (عليه السلام) لەوانە: (ڕۆیشتنو ڕاکردنی بەرد، شوێنەوارو دەرکەوتنی شوێن دارەکان لەسەر بەردەکە) .

---

(١) صَحيح: أَخْرَجَه أَبودَاوُد وَالْنسائِي وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الجَامِع (١٧٥٦).

الْقِصَّة الْخَامِسَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قَالَ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) « غَزَا نَبِيٌّ مِنَ الأَنْبِيَاءِ فَقَالَ لِقَوْمِهِ لاَ يَتْبَعْنِي رَجُلٌ قَدْ مَلَكَ بُضْعَ امْرَأَةٍ وَهُوَ يُرِيدُ أَنْ يَبْنِيَ بِهَا وَلَمَّا يَبْنِ وَلاَ آخَرُ قَدْ بَنَى بُنْيَانًا وَلَمَّا يَرْفَعْ سُقُفَهَا وَلاَ آخَرُ قَدِ اشْتَرَى غَنَمًا أَوْ خَلِفَاتٍ وَهُوَ مُنْتَظِرٌ وِلاَدَهَا، قَالَ: فَغَزَا فَأَدْنَى لِلْقَرْيَةِ حِينَ صَلاَةِ الْعَصْرِ أَوْ قَرِيبًا مِنْ ذَلِكَ فَقَالَ لِلشَّمْسِ أَنْتِ مَأْمُورَةٌ وَأَنَا مَأْمُورٌ اللَّهُمَّ احْبِسْهَا عَلَيَّ شَيْئًا. فَحُبِسَتْ عَلَيْهِ حَتَّى فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ قَالَ: فَجَمَعُوا مَا غَنِمُوا فَأَقْبَلَتِ النَّارُ لِتَأْكُلَهُ فَأَبَتْ أَنْ تَطْعَمَهُ فَقَالَ فِيكُمْ غُلُولٌ فَلْيُبَايِعْنِي مِنْ كُلِّ قَبِيلَةٍ رَجُلٌ فَبَايَعُوهُ فَلَصِقَتْ يَدُ رَجُلٍ بِيَدِهِ فَقَالَ فِيكُمُ الْغُلُولُ فَلْتُبَايِعْنِي قَبِيلَتُكَ فَبَايَعَتْهُ قَالَ فَلَصِقَتْ بِيَدِ رَجُلَيْنِ أَوْ ثَلاَثَةٍ فَقَالَ فِيكُمُ الْغُلُولُ أَنْتُمْ غَلَلْتُمْ قَالَ فَأَخْرَجُوا لَهُ مِثْلَ رَأْسِ بَقَرَةٍ مِنْ ذَهَبٍ قَالَ فَوَضَعُوهُ فِي الْمَالِ وَهُوَ بِالصَّعِيدِ فَأَقْبَلَتِ النَّارُ فَأَكَلَتْهُ فَلَمْ تَحِلَّ الْغَنَائِمُ لأَحَدٍ مِنْ قَبْلِنَا ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى رَأَى ضَعْفَنَا وَعَجْزَنَا فَطَيَّبَهَا لَنَا»(١).

چیرۆکی بیستو پێنجەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران غەزایەكی كرد، وە بە ئوممەتەكەی فەرموو: با پیاوێك شوێنم نەكەوێت كە ئافرەتێكی مارەكردبێتو ویستبێتی بیگوێزێتەوەو هێشتا نەیگواستبێتەوە، هەروەها كەسێكی تریش كە خانوویەكی دروستكردبێتو هێشتا سەری نەگرتبێ، وە یەكێكی تریش كە مەڕ یان ووشتری ئاوسی كڕی بێو چاوەڕێی

(١) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٣١٢٤)، ومُسْلِمٌ (٤٥٣٠) .

بەچکەی ببیٚو بزێت، ئینجا پێغەمبەرەکە غەزاکەی کردوو پاشان نزیك گوندێك بووە، کاتی نوێژی عەسر یان دەوروبەری عەسر، پێغەمبەرەکە بە خۆری فەرموو: تۆ فەرمان بەرداریو منیش فەرمان بەردارم، خوایە بۆ ماوەیەك ئەم خۆرە ڕاگرە بۆم، وە خۆرەکەی بۆ ڕاگیرا تاکو خوای گەورە سەری خست، ئینجا دەست کەوتە جەنگییەکانیان کۆکردەوە، پاشان ئاگر هات بۆ ئەوەی کە دەست کەوتەکان بسوتێنێت، بەڵام نەی سوتاند، پێغەمبەرەکەش فەرمووی: دزتان تێدایە؟ با لە هەر هۆزێك پیاوێك پەیمانم بداتیٚ، ئینجا پەیمانیان دایەو دەستی پیاوێك بەدەستییەوە لکا (بەدەستییەوە نوسا)، پێغەمبەرەکەش فەرمووی: دزتان تێدایە، با هۆزەکەت هەموویان پەیمانم بدەنیٚ، وە هۆزەکەی هەموویان پەیمانیان دایەو ئەمجارەیان دەستی پێغەمبەرەکە لکا بەدەستی دوو یان سیٚ پیاوی هۆزەکەیەوە، پاشان پێغەمبەرەکە فەرمووی: دەزەکە لەناو ئێوەدایەو ئێوە دزیتان کردووە، ئینجا بە ئەندازەی سەرە مانگایەك ئاڵتونیان بۆ دەرهێناو خستیانەوە ناو دەستکەوتەکان کە لە دەشتەکەدا دانرابوو، ئەمجارەیان ئاگرەکە هاتو سوتاندی، دەستکەوتەکانی شەڕ بۆکەس حەڵاڵ نەکراوە لەپێش ئێمەدا، بەڵام چونکە خوای گەورە ئێمەی بە لاوازیو بێدەسەڵاتی بینیوە، بۆیە دەستکەوتی شەڕی بۆ حەڵاڵ کردووین.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

(١) خۆشویستنی دونیا هۆکارە بۆرێگری لە غەزاو جیا بوونەوە لە موسڵمان.

(٢) لە ئوممەتانی پێش ئێمەدا دەستکەوتی شەڕ حەڵاڵ نەبووە، بۆیە کاتێك دەستکەوتیان هەبووایە ئەوا کۆیان دەکردەوەو ئاگرێك دەهاتو دەیسوتاند، بەڵام بۆ ئەم ئوممەتە حەڵاڵەو ڕەوایە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (... وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ وَلَمْ تُحَلَّ لأَحَدٍ قَبْلِي)(١) واتە: وە دەستکەوتی شەڕم بۆ حەڵاڵ کراوە، وە لە پێش مندا بۆ هیچ کەس حەڵاڵ نەبووە،

(٣) بەهۆی کرداری نەفامەوە سزای خوای گەورە کۆمەڵێك دەگرێتەوە.

الْقِصَّة السَّادِسَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلاَ حَرَجَ، فَإِنه كَانتْ فِيهِم الأَعَاجِيب، ثُمَّ أَنْشَأَ يُحَدِّث قَالَ: خَرَجَتْ طائفة مِنْ بَنِي إِسْرَائيل حَتى أتَوا مَقْبَرَة لَهُم مِنْ مَقَابِرِهِمْ، فقَالُوا: لَوصَلَّيْنَا رَكْعَتَيْن، وَدَعَوْنَا اللَّه عَزَّ وَجلَّ أَنْ يُخْرِج لَنَا رَجُلاً مِمَّنْ قَدْ مَاتَ نَسْأَلهُ عَنْ الْمَوْت، قَالَ: فَفَعَلُوا، فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلِكَ إِذْ طَلَعَ رَجُل رَأْسه مِنْ قَبْر مِنْ تِلْكَ الْمَقَابِر، خلاَسِي، بَيْن عَيْنَيْه أَثَر السُّجُود، فَقَال: يَا هَؤُلاَء مَا أَرَدْتُمْ إِليّ؟ فَقَدْ مِتُّ مُنْذ مَائَة سَنَة، فَمَا سَكَنت عَنِّي حَرَارَة الْمَوت حَتَى كَان الآن فَادعُوا اللَّه عَزَّ وَجلَّ لِي يعيدُنِي كَمَا كنتُ)(٢).

---

(١) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٣٣٥)، ومُسْلِمٌ (١١٦٣) .

(٢) أَخْرَجه أَحْمَد وَصَحَّحهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي سِلسِلة الأَحَادِيث الصَحِيحَة (٢٩٢٦).

چیرۆکی بیست و شەشەم:

هـاوەڵی خۆشەویسـت (جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه)) دەفـەرموویێت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویەتی: لە بەنی ئیسرائیلەوە شت بگێڕنەوە، چونکە لەناو ئەواندا شـتی زۆر سـەر سوڕهێنەر هەیـە، جارێکیـان کۆمـەڵێك لـە بـەنی ئیسـڕائیل چـوون بـۆ گۆڕسـتانێك لـە گۆڕستانەکانیان و ووتیان: با دوو ڕکات نوێـژ بکـەین و داوا لـە خـوای گـەورە بکـەین کـە یەکێك لە پیاوە مردووەکـانی ئـەم گۆڕسـتانەمان بـۆ زینـدو بکاتـەوەو بێنێتـەدەر تـاکو پرسیاری لێ بکەین سەبارەت بە مردن، پاشان دووڕکاتە نوێژە کەیان کردوو ئەوەندەی پێنەچـوو لـە یـەکێك لـە گۆڕەکـان پیـاوێکی ڕەنـگ ئەسمـەر سـەری لـە نـاو گۆڕەکـەی دەرکرد، وە پیاوەکە شوێنەواری سوجدە بردن بە ناو چەوانییەوە دیار بـوو، وە پیـاوە مردووەکە بە بەنی ئیسرائیلیەکانی ووت: ئێوە چ کارێکتان بەمن هەیە؟ من ماوەی سەد ساڵ دەبێت مـردووم، وە تـاکو ئێسـتا لاشـەم سارد نەبۆتـەوە لـە گـەرمی مـردن و ڕۆح کێشان، بپاڕێنەوە لە خوای گەورە با بم گێڕێتەوە شوێنی خۆم.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

١) دروستە گێڕانەوەی چـیرۆکەکانی بـەنی ئیسـڕائیل بەمـەرجێك دڵنیابیـت لـەوەی کـە هەڵبەستراوو درۆنییە.

٢) کەراماتی پیاو چاکان ڕاستەو خوای پەروەردگار بە هەندێك کەسی دەبەخشێت.

٣) نوێژ هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕزگاربوون لە ناخۆشیو گیرابوونی پاڕانەوە.

الْقِصَّة السَّابِعَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ: رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) (إِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ نُوحاً (عليه السلام) لَمَّا حَضَرَتْهُ الْوَفَاةُ، قَالَ لاِبْنِهِ: إِنِّي قَاصٌّ عَلَيْكَ الْوَصِيَّةَ، آمُرُكَ بِاثْنَتَيْنِ، وَأَنْهَاكَ عَنِ اثْنَتَيْنِ، آمُرُكَ بِـ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)، فَإِنَّ السَّمَوَاتِ السَّبْعَ، وَالأَرَضِينَ السَّبْعَ، لَوْ وُضِعَتْ فِي كَفَّةٍ، وَوُضِعَتْ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) فِي كَفَّةٍ، رَجَحَتْ بِهِنَّ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)، وَلَوْ أَنَّ السَّمَوَاتِ السَّبْعَ، وَالأَرَضِينَ السَّبْعَ، كُنَّ حَلْقَةً مُبْهَمَةً قَصَمَتْهُنَّ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)، وَ(سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)، فَإِنَّهَا صَلاَةُ كُلِّ شَيْءٍ، وَبِهَا يُرْزَقُ الْخَلْقُ، وَأَنْهَاكَ عَنِ الشِّرْكِ وَالْكِبْرِ، قَالَ: قُلْتُ، أَوْقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا الشِّرْكُ قَدْ عَرَفْنَاهُ، فَمَا الْكِبْرُ؟ قَالَ: أَنْ يَكُونَ لأَحَدِنَا نَعْلاَنِ حَسَنَتَانِ لَهُمَا شِرَاكَانِ حَسَنَانِ؟ قَالَ: « لاَ » قَالَ هُوَ أَنْ يَكُونَ لأَحَدِنَا حُلَّةٌ يَلْبَسُهَا؟ قَالَ: « لاَ » قَالَ: الْكِبْرُ هُوَ أَنْ يَكُونَ لأَحَدِنَا دَابَّةٌ يَرْكَبُهَا قَالَ: « لاَ » قَالَ: أَفَهُوَ أَنْ يَكُونَ لأَحَدِنَا أَصْحَابٌ يَجْلِسُونَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: « لاَ » قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَمَا الْكِبْرُ؟ قَالَ: « سَفَهُ الْحَقِّ، وَغَمْصُ النَّاسِ)[١].

چیرۆکی بیست و حەوتەم:

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو(رضي الله عنه) دەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لە کاتێکدا پێغەمبەر نوح (عليه السلام) مردنی نزیك بووەوە، بە کوڕەکەی فەرموو: من وە سیەتت بۆ دەکەم، فەرمانت پێدەکەم بە دووشت، وە ڕێگریت لێدەکەم لە دووشت، فەرمانت پێدەکەم بە ووتنی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بەهەق جگەلە (الله) چونکە هەر حەوت ئاسمانەکان و زەوییەکانیش، ئەگەر بخرێتە

(١) أَخْرَجَه الْبُخَارِيُّ فِي الأَدَب الْمفرَد وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي سِلسِلة الأَحَادِيث الصَحِيحَة (١٣٤).

تایەکی تەرازووەوەو(لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) لە تایەکەی تری بێت، ئەوا (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) قورسترە، وە ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکانو زەوییەکانیش ببن بە بازنەیەکی نادیارو ئالۆز ئەوا (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) لێکیان جیادەکاتەوە، وە فەرمانیشت پێدەکەم بە ووتنی: (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)، واتە: پاکیو بێگەردیو ستایش بۆ خوایە، چونکە ووتنی ئەم ووشانە نوێژی هەموو شتێکە، وە بەهۆیەوە ڕزقو ڕۆزی دەبەخشرێت بە دروستکراوەکان، وە ڕێگریشت لێدەکەم لە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە، وە لە خۆبەگەورەزانین، هاوەڵەکان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زانیومانە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە چییە، بەڵام خۆبەگەورە زانین چییە؟ ووتیان: ئەوەیە کە یەکێك لە ئێمە جوتێك نەعل یان پێڵاوێکی جوانی هەبێتو قەیتانی جوانی پێوەبێت، ئەویش فەرمووی: نەخێر، ووتیان: یەکێك لەئێمە پۆشاکێکی جوانی هەبێتو لەبەری بکات، ئەویش فەرمووی: نەخێر، ووتیان: ئەوەیە کە یەکێك لە ئێمە سوارییەکی هەبێتو سواری بێت، ئەویش فەرمووی: نەخێر، ووتیان: ئایا ئەوەیە کە یەکێك لەئێمە هاوڕێی هەبێتو لەلای دابنیشن، ئەویش فەرمووی: نەخێر، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەی خۆبەگەورەزانین چییە؟ ئەویش فەرمووی: وەرنەگرتنو ڕەتکردنەوەی حەقو ڕاست، وە بەسوکو نزم تەماشاکردنی خەڵکە.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆکەدا.

١) پێویستە باوەڕدار لەکاتی مردنیدا وەسیەتو ئامۆژگاری بۆ منداڵو خێزانو کەسو کاری بکات.

٢) زەوییەکانیش حەوتن، وەکو ئاسمانەکان، خوای گەورەدەفەرموویێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّ ﴿١٢﴾﴾ واتە: خوای پەروەردگار ئەو زاتەیە کە حەوت چین ئاسمانی دروستکردووەو فەرمانیشی لەنێوانیاندا دادەبەزێت، وە بەوێنەی ئەوان فەرمانی خوا بۆ زەویش دادەبەزێتو جێ بەجێ دەکرێت.

(٣) فەزڵو گەورەیی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) بەووتنی: هیچ سوود بە بێژەری ناگەیێنێت ئەگەر حەوت مەرجی لەگەڵدا نەبێت، ئەوانیش

– زانیاری بەماناکەی لە نەفیو جێگیرکردندا، بۆیە هەرکەسێك بیڵێتو ماناو ناوەڕۆکەکەی نەزانێت ئەوا سوودی پێ ناگەیێنێت.

– دڵنیایی، کەبریتییە لە تەواوێتی زانیاری پێی کە دژی گومان ودوودڵییە.

– نییەت پاکی ودڵسۆزی، کەنەفی هاوبەش بڕیاردان دەکات.

– ڕاست گۆیی کەبەربەستە لە دوو ڕوویی، چونکە دووڕووەکان بەزوبان ئەیڵێنو باوەڕیان بە دەلالەت لەسەر کراوەکان نییە.

– خۆشەویستی بۆئەم ووشەیەو ئەوەی کە ئەم وشەیە دەلالەت بکات لەسەری، وە خۆشحاڵ بوون بەم شتە.

– خۆ پەیوەست کردن بە جێ بەجێکردنی مافەکانی، کە بریتییە لە کردەوە فەرزەکان بەنیاز پاکی بۆ خوا.

- وەرگـرتن، کەنـەفی ڕەتکردنـەوە ئـەکات، ئەمـەیش بـە خۆپەیوەسـتکردن بـە فەرمانەکانی خوای پەروەردگارو وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی ئەبێت.

(٤) فەزڵو گەورەیی زیکرو یادی خوای گەورە.

(٥) تەرازووی ڕۆژی دوایی حەقەو دوو تای هەیە، ئـەمیش بیروباوەڕی ئـەهلی سوننەو جەماعەیە.

٦) خۆڕازاندنەوە بە پۆشـاکی جـوان بریتـی نییـە لـە خۆبەگـەورەزانین، بـەڵکو کـارێکی ڕێگەپێدراوە، پێغەمبەری خـوا(ﷺ)فەرموویـەتی: (إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ، يُحِبُّ الْجَمَالَ)[١] واتـە: خــوای پــەروەردگار جوانــە (نــاوو ســیفەتەکانی جوانــە کارەکــانی جوانــە...)، وە باوەڕدارێکیشی خۆش دەوێت کە جوان بێت.

واتە: خوای پـەروەردگار جوانـەو خـاوەنی هـەموو نـاوو سـفەتێکی جـوان وپـیرۆزە، وە هەموو کارەکانی جوان وپڕبایەخ وپیرۆزە(جوانی بێسـنورە لـە نـاوو سـیفەتدا)، وە ئـەو کەسانەشـی خـۆش دەوێـت کـە خۆیـان دەڕازێننـەوە خۆیـان جـوان دەکـەن (دووجـۆر خۆجوانکردن هەیە، بەپۆشاک، وە بەکردەوە).

٧) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار خۆی لـە خۆبەگـەورە زانـین بـە دووربگرێـت، لەبەرئـەوەی فەرموودەی زۆر هاتووە سەبارەت بەڕێگریو قەدەغەیی خۆبەگەوەرەزانین.

(١) أَخْرَجَه مُسْلِمٌ، (٢٧٥)

الْقِصَّة الثَّامِنَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قال: قَال: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) (احْتَجَّ آدَمُ وَمُوسَى عَلَيْهِمَا السَّلاَمُ عِنْدَ رَبِّهِمَا فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى قَالَ مُوسَى أَنْتَ آدَمُ الَّذِى خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ وَنَفَخَ فِيكَ مِنْ رُوحِهِ وَأَسْجَدَ لَكَ مَلاَئِكَتَهُ وَأَسْكَنَكَ فِى جَنَّتِهِ ثُمَّ أَهْبَطْتَ النَّاسَ بِخَطِيئَتِكَ إِلَى الأَرْضِ فَقَالَ آدَمُ أَنْتَ مُوسَى الَّذِى اصْطَفَاكَ اللَّهُ بِرِسَالَتِهِ وَبِكَلاَمِهِ وَأَعْطَاكَ الأَلْوَاحَ فِيهَا تِبْيَانُ كُلِّ شَىْءٍ وَقَرَّبَكَ نَجِيًّا فَبِكَمْ وَجَدْتَ اللَّهَ كَتَبَ التَّوْرَاةَ قَبْلَ أَنْ أُخْلَقَ قَالَ مُوسَى بِأَرْبَعِينَ عَامًا. قَالَ آدَمُ فَهَلْ وَجَدْتَ فِيهَا (وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى) قَالَ نَعَمْ. قَالَ أَفَتَلُومُنِي عَلَى أَنْ عَمِلْتُ عَمَلاً كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيَّ أَنْ أَعْمَلَهُ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَنِي بِأَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ « فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى »[١]

چیرۆکی بیستو هەشتەم:

هـاوەڵی خۆشەویسـت (عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو(رضي الله عنه) دەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئادەمو موسا کەوتنە گفتوگۆ لە نێوان خۆیاندا، لـەلای خـوای گـەورە، وە ئادەم بەڵگەی بەهێزتربوو لە موسا، موسا فەرمووی: تۆ ئـادەمی کـە خـوای گـەورە بـە دەستی پیرۆزو موبارەکی خۆی دروستی کـردووی، وە لـە ڕوحـی خـۆی فـووی کـرد بـە بەرتا، وە مەلائیکەتەکان سوجدەیان بۆبردی، وە جێگیری کردی لە بەهەشتدا، پاشـان بـەهۆی هەڵەکـەت (کەلەدارەکـەت خـوارد) خـەڵکیت دابەزانـد بۆسـەر زەوی؟ ئـادەم فەرمووی: تۆ ئـەو موسـایەی کـە خـوای گـەورە بـەهۆی پـەیامو ووشـە پیرۆزەکانیـەوە

(١) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٦٦١٤)، ومُسْلِمٌ (٦٦٨٦).

هەڵیبژاردووی، وە تەوراتی پێبەخشیتی كە ڕۆشنكەرەوەی هەموو شتێك بوو، وە نزیكی كردیتەوەو ڕزگاری كردی، وە بوونی تەوراتیش چەندە پێش دروستكردنی من بوو؟ موسا فەرمووی: چل ساڵ، ئادەم فەرمووی: ئەم ئایەتەی تێدابووە: كە خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ﴾ واتە: ئادەم یاخی بوو لە پەروەردگاریو فریوی خواردو ڕێگەی لێ تێكچوو، موسا فەرمووی: بەڵێ، ئادەمیش فەرمووی: باشە ئایا سەرزەنشتی من دەكەی لەسەر كردەوەیەك كە پێش چل ساڵ لە دروست بوونم خوای گەورە نوسیویەتی؟ ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەڵگەی ئادەم بەهێزتربوو لە بەڵگەی موسا.

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

١) دروستە موناقەشەو گفتوگۆكردن لەسەر باسێك كە بۆدەركەوتنی حەقو ڕاستی بێت، ئەویش بە چەند مەرجێك:

- دەبێت نیەت پاك بێت ئەوكەسەی كە موناقەشەو گفتوگۆدەكات لەسەر ڕوونكردنەوەی حەقو ڕاستی.

- دەبێت ئەوكەسەی كە موناقەشەو گفتوگۆدەكات زانا بێت بەو باسە.

- دەبێت كەسێكی نەرمو نیانو لەسەر خۆبێت (واتە: خۆبەگەورە زان نەبێت، بۆئەوەی حەقو ڕاستی ڕەت نەكاتەوە)،

– دەبێت دڵخۆش بێت بە دەرکەوتنی حەق‌و ڕاستی، جا لەسەر دەستی خۆی بێت، یان لەسەر دەستی بەرامبەرەکەی بێت.

٢) جێگیربوون‌و چەسپاندنی دەست بۆ خوای گەورە، بەڵام شێوازو شێوەکەی چۆنە ئێمە نایزانین،﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ۝١١﴾ واتە: هیچ شتێك نییە لە وێنەی ئەو زاتە پیرۆزە، وە هیچ شتێك لەو ناچێت، چونکە پەروەردگارەو بەدیهێنەرە. وە هەر ئەویش بیسەرو بینایە.

٣) خوای گەورە تەوراتی بەدەستی خۆی نوسیوە پێش دروستکردنی ئادەم بەچل ساڵ. وە یەکێك لەو ئایەتانەی کەتێیدایە ﴿وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ ۝١٢١﴾ وە لە قورئانیشدا هاتوە

٤) بەهەشت پێش دروست بوونی ئادەمیش هەبووە،

٥) بەهەشت‌و دۆزەخ دروستکراوی خوای پەروەردگارن پێش دروست بوونی ئادەم.

٦) فەزڵ‌و گەورەیی هەردوو پێغەمبەر (ئادەم‌و موسا) (عليهما السلام).

الْقِصَّة التَّاسِعَة وَالْعِشْرُون:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) فِيمَا يَحْكِي عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ، قَالَ: (أَذْنَبَ عَبْدٌ ذَنْبًا، فَقَالَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَذْنَبَ عَبْدِي ذَنْبًا فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ، ثُمَّ عَادَ فَأَذْنَبَ فَقَالَ أَيْ رَبِّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَبْدِي أَذْنَبَ ذَنْبًا فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ، ثُمَّ عَادَ فَأَذْنَبَ فَقَالَ أَيْ رَبِّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي، فَقَالَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَذْنَبَ عَبْدِي ذَنْبًا فَعَلِمَ أَنَّ لَهُ رَبًّا يَغْفِرُ الذَّنْبَ وَيَأْخُذُ بِالذَّنْبِ، وَاعْمَلْ مَا شِئْتَ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكَ) قَالَ عَبْدُ الأَعْلَى لاَ أَدْرِي أَقَالَ فِي الثَّالِثَةِ أَوِ الرَّابِعَةِ « اعْمَلْ مَا شِئْتَ »[1].

چیرۆكی نۆیەم:

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه)) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوشتانەی كە لە پەروەردگاریەوە دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: بەندەیەك گوناهێكی ئەنجامداو ووتی: خوایە لە گوناهەكەم خۆشبە، خوای پەروەردگاریش فەرمووی: بەندەكەم گوناهێكی ئەنجامداو پاشان زانیتی كە پەروەردگارێكی هەیەو لە گوناه خۆش دەبێت و لەسەر گوناهیش بەندەكانی سزادەدات، پاشان دووبارە گوناهێكی تری ئەنجامدایەوەو ووتی: خوایە لەگوناهەكەم خۆشبە، خوای پەروەردگاریش فەرمووی: بەندەكەم گوناهێكی ئەنجامداو پاشان زانی كە پەروەردگارێكی هەیەو لە گوناه خۆش دەبێت و لەسەر گوناهیش بەندەكانی سزادەدات، پاشان سێ بارە گوناهێكی تری ئەنجامدایەوەو

---

(١) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٧٥٠٧)، ومُسْلِمٌ (٦٩١٩).

ووتی: خوایە لەگوناهەكەم خۆشبە، خوای پەروەردگاریش فەرمووی: بەندەكەم گوناهێكی ئەنجامداو پاشان زانی كە پەروەردگارێكی هەیەو لە گوناه خۆش دەبێتو لەسەر گوناهیش بەندەكانی سزادەدات، خوای پەروەردگار فەرمووی: چی دەكەیت بیكە ئەوا من لێت خۆش بووم، (عَبْدُ الأَعْلَى) دەفەرموویت: نازانم لە جاری سێ یەم دابوو یان چوارەم كەفەرمووی: « چی دەكەیت بیكە ».

چەند سوودو ئامۆژگارییەك لەم چیرۆكەدا.

١) گەورەیی و لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار بەرامبەر بەبەندەكانی.

٢) دان پێدانانی مرۆڤەكان بە تاوانو گوناهەكانیان، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبٍ ثُمَّ تَابَ، تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ)[١] واتە: ئەگەر بەندە دان بنێت بەتاوانەكانیدا، پاشان داوای لێخۆش بوون بكاتو تەوبە بكات، ئەوا خوای گەورەش لەو كەسە خۆش دەبێت.

٣) ئەگەر بەندەكان تاوانو گوناه ئەنجام نەدەن، ئەوا خوای گەورە لەناویان دەبات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (وَالَّذِى نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللَّهُ بِكُمْ وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ فَيَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ فَيَغْفِرُ لَهُمْ)[٢] واتە: سوێند بەوەی كە گیانی منی بەدەستە ئەگەر تاوانو گوناه ئەنجام نەدەن، ئەوا خوای گەورە لە ناوتان دەباتو

---

(١) أَخْرَجه الْبُخَارِيُّ (٤٧٥٠)، ومُسْلِمٌ (٦٩٥١).

(٢) أَخْرَجَه ومُسْلِمٌ (٦٨٩٩).

گەلو قەومێکی تر دێنێت کە گوناهو تاوان ئەنجام بدەنو پاشان داوای لێخۆش بوون لە خوای گەورە بکەنو خوای گەورەش لێیان خۆش ببێت.

٤) هەر کەسێك تەوبە بکات لەسەر تاوانو گوناهەکانی ئەوا وەك ئەوە وایە کە تاوانی ئەنجام نەدابێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی: (التَّائِبُ مِنَ الذَّنْبِ كَمَنْ لاَ ذَنْبَ لَهُ)[١] تەوبەکار لەتاوان وەك ئەوە وایە کە تاوانی نەبێت.

٥) پێویستە مرۆڤی باوەڕدار ئاگادار بێت لەوەی کە گوێ نەدات بەتاوانو هەڵەکانی، چونکە لەوانەیە مردن لە پڕ یەخەی پێبگرێتو بواری تەوبەی نەدات.

ڕونکردنەوەیەك

پێشەوا (ابْن قَيِّم الجَوْزِيَّة) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ئەوەش وا ناگەیێنێت کە خوای گەورە ڕێگە بەئەنجامدانی گوناهو تاوان بدات، بەڵکو وادەگەیەنێت کە خوای گەورە لێی دەبوورێت، چونکە بەم شێوەیە گوناهو تاوان دەکاتو پاشان پەشیمان دەبێتەوەو تەوبە دەکات، وە خوای گەورە ئەو بەندەیەی تایبەت کردووە بە لێبووردن، چونکە زانیویەتی کە سورنابێت لەسەر گوناهو تاوان، بەڵکو هەرکاتێك توشی گوناهێك هات بەپەلە تەوبە دەکات، وە ئەم حوکمەش گشتیەو هەموکەسێك دەگرێتەوە کە بەم شێوەیەبێت، بەڵام ئەو بەندەیە لێبوردنی بۆ بڕاوەتەوە، هەروەك هاوەڵانی بەدر، وە بەهەمان شێوە ئەو هاوەڵانەی کە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) مژدەی بەهەشتی پێداون، یان پێیانی ڕاگەیاندووە کە خوای گەورە لێیان خۆش بووە، جا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت

---

(١) أَخْرَجَه ابن مَاجَه وَحَسَّنَهُ الشَّيْخ الأَلْبَانِي فِي صَحِيح الجَامِع (٣٠٠٨).

که ڕێگەی پێدابن گوناهو تاوان ئەنجام بدەن‌و واز له بەندایەتی‌و کاره واجبەکان بهێنن، بەڵکو ئەم هاوەڵانە دوای ئەوەی مژدەی لێبوردنیان پێدرا زیاتر له خوای گەوره دەترسان‌و بەندایەتیان بۆ دەکرد، هەروەك ئەو (١٠) هاوەڵەی که مژدەی بەهەشتیان پێدرابوو[1].

(١) الْفَوَائِد (ص: ١٥).

لەکۆتاییدا...

سوپاس‌و ستایش بۆ خوای پەروەردگار کەیارمەتی دام بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە، وە هەموو ئەو برایانەی کە یارمەتی دەرم بوون.

برای خۆشەویست... خوشکی بەڕێز...

ئەگەر هەرشتێك لەم پەرتوکەی بەردەستدایە لەڕاستی‌و ڕەواو حەق ئەوا لەخوای تاکو تەنهاو پێغەمبەرەکەیەوەیە، وە هەرشتێکیش لە هەڵەو بیرچوون‌و خامۆش کردنی تێدابێت، ئەوا لەخۆم‌و لە شەیتانەوەیە... خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەرین لێی...

وە جێی خۆیەتی لێرەشەوە سوپاس‌و پێزانینی خۆم ئاراستەی مامۆستای بەڕێز (م. صَلاح الدِّين عَبْدُ الْكَرِيم) بکەم کە توانی ئەرکی پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی شەرعی ئەم پەرتوکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، خوای پەروەردگار پاداشتی خەیری بداتەوە.

✍. أبوبكرأحمد قادر (١٤٣٠) ك .

اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُك أَنْ تَجْعَلَهُ خَالِصًا لِوَجْهِك الْكَرِيمِ وَتَعْفُوَ عَمَّا وَقَعَ فِيهِ مِنْ الْخَطَأَ وَالزَّلَلِ إِنَّك عَفُوٌّ غَفُورٌ رَحِيمٌ، رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّك أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ، وَاغْفِرْ لِي وَلِوَالِدِيَّ وَلِسَائِرِ الْمُسْلِمِينَ

وَصَلَّى اللَّهُ تَعَالَى عَلَى خَيْرِ خَلْقِهِ مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِينَ .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

گرنگترین سەرچاوەکان

(١) الْقُرآن الْكَرِيم .

(٢) مُختَصر تَفْسِيْر اِبْن كَثِير .

(٣) تَفْسِيْر السَّعْدِي .

(٤) صَحِيح الْبُخَارِيّ .

(٥) صَحِيح مُسْلِم .

(٦) صَحِيح سُّنَن أَبِي دَاوُد/ تَحْقِيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(٧) صَحِيح سُّنَن التِّرْمِذِيّ/ تَحْقِيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(٨) صَحِيح سُّنَن ابن مَاجَه/ تَحْقِيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(٩) صَحِيح سُّنَن الْنسائِي / تَحْقِيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(١٠) صَحِيح الْجَامِع الْصَّغِير وَزِيَادَته/ لِلشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) .

(١١) شَرْح رِيَاض الصَّالِحِينَ/ لِلشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد بن صَالِح الْعُثَيمين (رَحِمَهُ اللَّه) .

(١٢) صَحِيح الأَدَب الْمُفْرَد لِلإِمَام الْبُخَارِيُّ/ تَحْقِيق الشَّيْخِ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي.

(١٣) فَتْح الْبَارِي شَرْح صَحِيح الْبُخَارِيّ/ لِلْحَافِظ: أحمد اِبْن حَجَر الْعَسْقَلانِيّ(رَحِمَهُ اللَّه) .

(١٤) شَرْح النَّوَوِيّ عَلى مُسْلِم/للشَّيْخ الإمَام الْعَلامَة: أَبُو زَكَرِيَّا يَحْيَى بْنُ شَرَف النَّوَوِيّ(رَحِمَهُ اللَّه).